هاموون

سەرچاوە: هامون
(فیلمنامە)
داریوش مهرجویی
چاپ اول، تهران، بهار ١٧٣١
نشر زمانە

ناوی کتێب: هاموون
نووسینی: داریووش مێهرجوویی
وەرگێڕانی: شادی نیکخا
پێداچوونەوە: ئەنوەر هوژەبری
بابەت: سیناریۆ
هەڵەچنی:سەلام مستەفا
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج
دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی یەکەم: ساڵی ٢٠١٢
کوردستان _ سلێمانی
www.serdam.org
بۆ پەیوەندیکردن بە زنجیرەی کتێبەوە:
kteb@serdam.org
لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٢٢٢٧) ی ساڵی ٢٠١١ پێدراوە
**(مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە)**

داریووش مێهرجوویی

# هاموون

وەرگێڕانی: شادی نیکخا

پێداچوونەوە: ئەنوەر هوژەبری

سلێمانی ٢٠١٢

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٦٠٠)**


سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

ئەم سیناریۆیە بە چاوخشاندنێک بەسەر ژیاننامەی "سۆرێن کیرکەگۆر" و کتێبی "هێرتسۆک" نووسینی "سال بێلۆ"دا، ئامادەکراوە .


هامون
عزت ا.. انتظامی
بازیگران خسرو شکیبایی-بیتا فرهی
حسین سرشار
HAMOON
DVD
کارگردان داریوش مهرجویی

تیتراژ بەشێوەی نیگاتیڤ لەسەر پەردەیەکی ڕەش نمایشدەکرێت.
مۆزیکی باخ....

خەیاڵی "حەمید هاموون" :
لە دوورەوە، پشتەوە دەریا، هاموون بەرەو ئێمە دێت.

**دەنگی حەمید هاموون:** خەو دەبینم کە لە کەناری دەریادام و لەگەڵ جەماوەرێک ناسیاو و نەناسیاودا بەرەو شوێنێک دەڕۆم...

هاموون لەلای دەریاوە دێتە پێشەوە، لە کەناری دەریاکەدا، لە نێوان درەختە وشک و بێ گەڵاکانی دارستانەوە، "جەعفەری" کە بەرگێکی ئێرانیی سەدەی دەیەمی لەبەرە، ڕێدەکات. دایکی "مەهشید" لەگەڵ "دەبیری"دا بە جلوبەرگی سپییەوە، خەریکی پیاسەکردن و وتووێژن. "سەلیمی" بە جلوبەرگی ئەورووپای سەدەی شانزەهەمەوە، دەقێک بە زمانی ئیتالی دەخوێنێتەوە و بەناو درەختەکاندا تێدەپەڕێت. سێ پیاوی کورتەباڵا بە بەرگی سەدەی شانزەهەمی ئەورووپاوە دەوریان لێداوە و بەدەوریدا دەسووڕێنەوە. کامێرا بەرەو لای چەپ دەگەڕێت. تاقمێک پەرستار لە دەوری دوکتۆرێکی دەروونناسدا لە هاتوچۆدان. هەموو بە بەرگی سپییەوە... سەبارەت بەو فیلمەی کە بڕیارە ببینن، پێکەوە دەدوێن. تاقمێ ئافرەتان دەبینین بە جلوبەرگی ناوچەیی ڕەنگاوڕەنگەوە. ئافرەتێکیش بە مەقنەعە[1] و چارشێوی ڕەشەوە لەناویاندایە.

دیمەنێکی کراوە لە کەناری دەریا، مەهشید بە بەرگی بووکێنییەوە لە ناو کۆمەڵێک ئافرەتدا کە بەرگی زەماوەندیان لەبەرە، دەردەکەوێت.

شادی لە سیمای هەموویاندا دیارە و بەدەم قسەکردن و پێکەنینەوە، شوێن مەهشید دەکەون کە ڕادەکات و دەسووڕێتەوە و ئەملاولا دەکات. دەستەی ئافرەتەکان بەناو جەماوەرەکەدا تێدەپەڕن. دەگەن بە هاموون کە بە سەرسووڕمانەوە بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە و سەیری مەهشید دەکات. مەهشید دوور دەکەوێتەوە...

جەماوەر گەیشتوونەتە شوێنێکی کراوە و بەرین. لە ڕووبەڕووەوە، لە سەر تەپۆڵکەیەکی وشک و چۆڵ، پەردەیەکی گەورەی سینەما دەبینرێت. هەمووان بە ئارامی بەرەو پەردەکە دەچنە پێشەوە. دەنگی شیعر خوێندنەوەی سەلیمی لە دوورەوە دێتە گوێ:

belli occhi Leggiadri O
cari miei Occhi
…chiari serenie ciel del raggi Vivi
amor mio al crude Tanto
…spietate Quanto

جەماوەر دەگەنە بەر تەپۆڵکەکە و چاو دەبڕنە پەردەکە. وێنەی پەردەکە دەبووژێتەوە. ڕەش ئەبێت. ژمارەی پێچەوانە دەستپێدەکات: ٣،٤،٥ ... و وێنەکە، دیمەنێکە لە هەمان جەماوەر، کە وەستاون و بۆ سەرەوە ـ بۆ خۆیان ـ دەڕوانن. کەسێک دەستی بەرز دەکاتەوە و خۆی پیشاندەدات. مەهشید سەیری وێنە گەورەکەی خۆی دەکات و زەردەخەنە دەیگرێت. هاموونیش لەنێوان کورتەباڵاکاندا بە سەرسووڕمانەوە چاوی بڕیوەتە وێنەکەی خۆی ... دیمەنەکە، جەماوەر نیشاندەدات کە دەگەنە شوێنێکیتر. دەوەستن و بۆسەر گردێکی بچووک دەڕوانن. کورتەباڵاکان لە پێشەوە ڕادەکەن و لەودیو گردەکەوە ون دەبن... جەماوەر چاوەڕێن.

بەرەبەرە لەودیو گردەکەوە کورتەباڵاکان دەردەکەون کە دەستی بوونەوەرێکی ئەفسانەیی (جنۆکەیەک لەشێوەی ساتیر)[٢]یان گرتووە و دەیهێننە پێشەوە. جنۆکەکە (ئەندازیار عەزیمی) کز و لاوازە. شاخێکی بچووک بەسەریەوە، چارۆکەیەکی ڕەش لە کۆڵیدا و چاویلکەیەکی زەڕەبینیی لە چاویدایە. جەماوەر بە حەپەساوی چاویان تێبڕیوە، جنۆکەکە و کورتەباڵاکان، نزیکدەبنەوە و لەسەر گردەکە دەوەستن. هاموون دەبینێ کە جنۆکەکە، سمی هەیە و لاقەکانی لە لاقی بزن دەچن کە ... دەستی درێژ دەکاتەوە و بە دەنگێکی کپ و خنکاو بە مەهشید دەڵێ:

**جنۆکە:** وەرە.. وەرە.. دەورەکەت لەبیر مەکە... ئەبێ زۆر بە باشی هەست بنوێنی... وەرە.. وەرە.. وەرە...

مەهشید کە چاوی بڕیوەتە جنۆکەکە، هێدی هێدی پێی سەرسام دەبێت و گیرۆدەی سیحری ئەو دەبێت و بەئارامی بەرەوڕووی دەچێت... جەماوەر بە حەپەساوی سەیری دەکەن، هەروەها هاموونیش. کورتەباڵاکان بۆ پێشەوە ڕادەکەن، دەستی مەهشید دەگرن کە پێدەکەنێ. بەسەر گردەکەدا سەری دەخەن و دەستی دەنێنە ناو دەستی جنۆکەکە. جنۆکەکە دەستی مەهشید دەگرێت. لەگەڵ کورتەباڵاکان دەگەڕێنەوە و هەموویان لە پشت گردەکەوە ون دەبن... جەماوەر هەروا بۆ سەرەوە دەڕوانن... هاموون، بە نیگەرانییەوە، بەرەو گردەکە دەڕوات و خۆی دەگەیەنێتە سەر گردەکە و لەناکاو بەترسەوە دەوەستێت و بۆ خوارەوە دەڕوانێت. لە کەناری دەریاکەدا جنۆکە و مەهشید دەست لەنێو دەست، ئارام ئارام دوور دەکەونەوە. کورتەباڵاکان تارای درێژی بووکەکە (مەهشید)یان گرتووە و بەدەم سەما کردنەوە، دوایان کەوتوون.





هاموون ترساو و پەشۆکاو، دەگەڕێتەوە. لەسەر گردەکەوە ڕادەکاتە خوارەوە. دەیەوێ بەناو جەماوەرەکەدا تێپەڕێت، بەڵام... ڕێگای پێنادەن. گەمارۆی دەدەن و پێدەکەنن. دەڵێن: ترسنۆک! ترسنۆک! هۆی لێدەکەن و بۆ دواوە پاڵی پێوە دەنێن و پێدەکەنن... هاموون بە ترسەوە هەوڵدەدات لەنێوانیانەوە ڕێگایەک بکاتەوە... پاش ئەوەی نەختێک دەڕوات، لەناکاو هەیبەتی وەک دێوی دوکتۆری دەروونناس (سەماواتی) لەبەردەم خۆیدا دەبینێت کە گورزێکی گەورەی بەشانەوەیە و چاوێکی کوێرە. سەماواتی ڕێگای پێدەگرێت و بۆ دواوە پاڵی پێوەدەنێت. جەماوەر هەروا بەدەوریاندا دەنگەدەنگ دەکەن. هاموون بەدوادا دەڕوات و دەکەوێت. سەماواتی گورزەکەی دادەهێنێتەوە بۆ سەری هاموون. هاموون خۆی لادەدات. جەماوەر دەنگەدەنگ دەکەن. سەلیمی بڵاوەیان پێدەکات.

**سەلیمی:** مەیکەن بە گاڵە، با دوئێلەکەیان بکەن.

سەماواتی جارێکیتر گورزەکەی بۆ سەری هاموون دادەهێنێتەوە و هاموون دیسان خۆی لادەدات. سەماواتی بە هەموو توانایەوە بەردێکی گەورە تا سەر سەری بەرز دەکاتەوە. هاموون بە ترسەوە دەستی دەبات کە پێشی پێبگرێت. بەڵام سەماواتی بەردەکە دەکێشێ بەسەری هاموونداً.

دەنگی هاواری هاموون. وێنەکە ڕەش ئەبێت...

دووشی حەمامەکە ( لە ئاپارتمانە چۆڵەکەی دەبیریدا) بە گوشارەوە دەکرێتەوە و ئاو بە سەر هاموونذا دێتەخوارەوە. هاموون لەژێر دووشەکەدا وەستاوە... دوای نەختێک دووشەکە دەگرێتەوە. خاولییەکی درێژی سپی لەبەر دەکات. لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەوەستێت و بە خاولییەکیتر سەر و دەموچاوی وشک دەکاتەوە. سەیری وێنەی خۆی دەکات.


FARS



**هاموون** (لەبەر خۆیەوە): چییە کوڕە؟ چییە؟ بۆ کوێ دەڕۆی؟ هەچچە؟ چیتە؟...کابرای گوو!

هاموون پەرداخێکی خاڵی لەسەر کەوانتەری چێشتخانەکە هەڵدەگرێت. کیسەیەک چای لیپتۆنی تێدەخات و دەیداتە ژێر بەلوعەی ئاوە گەرمەکە، دوو کلۆ شەکر دەخاتە ناو پەرداخەکە و دەیشێوێنێ. قومێک دەخواتەوە و لەبەر تامە ناخۆشەکەی ناوچاو تاڵ دەکات. هاموون دەچێتە هۆڵە گەورە و چۆڵەکەی ئاپارتمانەکە، لە سووچێکدا جێگە و پێخەفەکەی ڕاخراوە، چەند کتێب و دەفتەری یادداشت، بەدەوروبەریشیاندا جلوبەرگی پەرشوبڵاو، لێرەولەوێ قوتووی کونسێرڤی ( خواردەمەنی) نیوەبەتاڵ و دەورییەک کە فاسۆلیای پێدا وشکەوە بۆتەوە ئەبینرێت.

هاموون دادەنیشێ، لە پاکەتی جگەرەکەی ، جگەرەیەک دەردەهێنێ. دایدەگیرسێنێ و دەچێتە باڵکۆنەکە.

لەسەر باڵکۆنەکە دەوەستێ و تەماشای شار دەکات... لە دوورەوە لەناو تۆزو تەمو لێڵیدا کە نیشانەی هەوای پیسی شارە، ئوتۆمبیلەکان لەسەر پردێکدا جمەیان دێت... لەناو ئوتۆمبیلەکاندا کاروانە وشترێک دەبینرێت کە ڕەوتی هاتوچۆیان تێکداوە.

هاموون مژێک لە جگەرەکەی دەدات و لە پشت مێزێکی نزمەوە لە باڵکۆنەکەدا دادەنێشێ. لەسەر مێزەکەدا چەن کتێبی ئەستووری : "چیرۆکی پێغەمبەران و کولییاتیشەمس" ، "فەرهەنگی ئینجیل" ، کتێبی " ترس و لەرز" ی کیرکەگۆر و چەند کتێبێکیتر و لە لایاندا کۆمەڵێک یادداشت و لاپەڕەی پەرشوبڵاو دەبینرێت.

هاموون کتێبێکی ئەستوور لەسەر دەستنووسەکانەوە هەڵدەگرێت. لەسەر لاپەڕەی یەکەمیدا نووسراوە: "عەشق و بڕوا لای ئیبراهیم" و لە ژێریدا نووسراوە: " تێزی دکتۆرای حەمید هاموون لە زانستە مرۆییەکاندا".

حەمید لاپەڕەکان هەڵدەداتەوە و خەریکی پێداچوونەوەی دەقەکە دەبێت. لاپەڕەیەک هەڵدەگرێت و دەیخوێنێتەوە.

**هاموون:** مرۆڤ خۆی لەو شتەی کە زۆر خۆشی دەوێت، دوور دەخاتەوە... لەوپەڕی ویستندا، دەستبەردار دەبێت...

بە پێنووس بازنەیەک بە دەوری وشەی "ویستن" دا دەکێشێت و بەسەریەوە دەنووسێ "تامەزرۆیی" و دووبارە دەیخوێنێتەوە...

**هاموون: ...** لەوپەڕی تامەزرۆییدا، دەستبەردار دەبێت... تەژییە لە خۆشەویستی، بەڵام لە هەمان کاتدا دەیەوێ خاوەن ڕق و نەفرەت بێت... هیوادارە، بەڵام هیوادارە کە هیوادار نەبێت...

با ـ هەڵیکردووە. حەمید دەستی دەخاتە سەر نووسراوەکان و دووبارە دەست بە خوێندنەوە دەکات.

**هاموون:** ... بەردەوام یادەوەرییەکان دێنێتەوە یاد، بەڵام دەیەوێ لەبیری بەرێتەوە...

با ـ توندتر هەڵدەکات و لاپەڕەکان بەرز دەکاتەوە. هاموون کە چاوەڕێی ئەوەی نەدەکرد، دەست دەخاتە سەریان، بەڵام با ـ بە هوژمەو و ژمارەیەک لە لاپەڕەکان دەفڕن. حەمید تووڕەیەو لەبەرخۆیەوە سکاڵا لە بێبەختیی خۆی دەکات، هەوڵێکی بێئەنجام دەدات بۆ ئەوەی لاپەڕەکان بگرێتەوە. کتێبەکانی سەر مێزەکەش کراونەتەوە و پەڕەکانیان بە خێرایی هەڵدەدرێنەوە. پەرداخی چایەکە دادەکەوێت و دەشکێت. حەمید هەروا چنگ لە هەوا دەهاوێژێت... و لاپەڕەکان لە بەرزایی بیناکەوە دەفڕن و دەگەنە خوارەوە.

هاموون بە پەلە دێتەماڵەوە. خەریکە پێ بەسەر پەرداخە شکاوەکەدا بنێ. لەم کاتەدا کلیلێک لەناو قوفڵی دەرگاکەدا دەجووڵێت. دەرگاکە دەکرێتەوە و "دەبیری"، کە پارێزەری هاموونە،

دێتەماڵەوە. لاوازە و تەمەنی شەستساڵانە. نەختێک دەشەلێت.

**دەبیری:** بۆکوێ ؟ بۆ کوێ؟

**هاموون:** با هات و دەستنووسەکانمی...

**دەبیری:** وەرە.. وەرە.. کێ بە ڕووتی دەڕوات بۆ کاغەز کۆکردنەوە؟ ئاوا مەچۆ دەرەوە خەڵک بتبینن، باش نییە. وەرە کارم پێتە، وەرە، نەختێک خواردن و شتم بۆ کڕیوی. (دەبیری عەلاگەی کونسێرڤەکان پیشانی هاموون دەدات و لە تەختی هۆڵەکەدا دایدەنێت).

**هاموون:** زۆر سوپاس.

دەبیری سەیرێکی هۆڵەکە و ئەو گسکە دەکات کە لە تەنیشت دیوارەکە دانراوە.

**دەبیری:** کاکە من ئەمانەم (گسک و فلچە) هێنا ئێرەی پێ خاوێن بکەیتەوە، هەروا داتناوە و لێیگەڕاوی؟

**هاموون:** زۆر داوای لێبوردن دەکەم. من هیچ کەیف و دەماخی ئەوەم نەبوو.

دەبیری سەیرێکی سەرو ڕیشی نەتاشراو و پەرێشانی هاموون دەکات، بە ئارامیی و بە هێوریی دەکوتێ بە ڕوومەتیدا و بە دەم زەردەخەنەوە دەڵێت:

**دەبیری:** ئەو ڕواڵەتە شل و شپرزەیە چییە پێکەوەت ناوە کوڕە؟ نەختێک بە خۆت ڕابگە.

**هاموون** (نیگەرانی تێزی دکتۆراکەیەتی): ئەبێ دابنیشم هەمووی سەرلەنوێ بنووسمەوە.

**دەبیری:** ئەمڕۆ کاتژمێر دوازدە ئەبێ لە دادگا بین، خۆ لەبیرتە؟ ئەبێ بڕوبیانووەکانت بنێیتە لاوە و ئەو ژنە تەڵاق بدەی بڕوات بەلای کاریەوە.

**هاموون** (بە دڵگرانییەوە) : جا تۆ خەمت چییە.

**دەبیری:** ئەگەر من پارێزەری تۆم، ئەڵێم ئیتر هیچ چارەیەک نییە. لەم مەسەلەیەدا دەستی پڕە ئەو بێ ویژدانە.

**هاموون** (سەیری دەرەوە و دەستنووسەکانی دەکات): من خۆ ناتوانم هەروا بە ئاسانی وازی لێبێنم بڕوات.

دەبیری بە هاوسۆزییەکی دەسکردەوە لە هاموون نزیک ئەبێتەوە.

**دەبیری:** تێئەگەم. منیش خاوەن هەستم. ئەزانم گوو کراوەتە دڵت. بەڵام چارە نییە. ئەبێ ڕاستییەکان قەبووڵ بکەیت...

**هاموون:** مەگەر قەبووڵم نەکردووە؟

**دەبیری:** نە، تۆ ئەتەوێ هەموو کەس دۆست و برادەرت بن، نۆکەرت بن. بەڵام خۆت هەنگاوێک هەڵنانێی. تۆ ئەبێ لە دادگا دەمت دابخەی. بیانوو نەدەیتە دەستی مەهشید و داروودەستەکەی، بزانە من چیت پێدەڵێم وا.

**هاموون:** من تەڵاقی نادەم، ( بەرەو چێشتخانەکە دەڕوات).

هاموون لە چێشتخانە لە بەفرگرەکە ساردییەک دەردێنێ، هەڵیدەپچڕێت و دێتەوە.

**هاموون:** دیارە ئەم قسە قۆڕانە مەهشید دەیکات و بە حیساب من وایەرەکانی مێشکم لێکترازاون و چی و چی، کاری کردۆتە سەر تۆش. ئەرێ؟ مەهشید تۆشی تەفرە داوە؟ ڕاست بڕۆ ، چەندەت دەست دەکەوێت؟

دەبیری لەناکاو هەڵدەبزرکێت. لاپەڕەکانی دۆسیەکە توند دەتەپێنێتە ناو جانتاکەی. بە تووڕەییەوە جانتاکەی هەڵدەگرێ.

**دەبیری:** بەو خوایە هەر ئێستە ئەم جانتایە ئەکێشم بە سەری خۆمدا، خۆم لێرەوە فڕێ ئەدەمە خوارەوە، ئا (جانتاکە دەکوتێ بە عەرزدا.)

هاموون هەوڵدەدات دەبیری هێور بکاتەوە، بەڵام دەبیری واز ناهێنێ.

**دەبیری:** دوای ساڵانێ ساڵ دۆستایەتی لەگەڵ باوکت، لەگەڵ هۆز و بەرە و کەس و کارت، ئاوا چاکەم ئەدەیتەوە؟ ها؟ تۆم هێناوە بۆ ئێرە بۆ ماڵەکەی خۆم لە ترسی پۆلیس، لە ترسی مەئموور، کە قۆڵبەست نەکرێیت... ئاخ.. دڵم..

**هاموون:** دانیشە، دانیشە دەبیری گیان. ها ئەمە بگرە (ساردییەکەی بۆ دەگرێت) بیخۆرەوە. ئەمە بخۆرەوە. باشە بۆت...

**دەبیری** ( هنکەهنک، ساردییەکە ڕەت دەکاتەوە): ئەو جانتایەم پێبدە. ئەو جانتایەم بۆبێنە...

هاموون جانتاکەی پێدەدات. دەبیری فایلێک لە جانتاکەی دەردەهێنێ کە دۆسیەکەی هاموونی تێدایە.

**دەبیری:** مەهشید هەموو ئەو شەرت و مەرجانەی ئامادە کردووە... کە ئەو هەقە بە ژن دەدات کە بۆ تەڵاق... بیباتە بەردەم دادگا و ... بیسەلمێنێ. (لەڕووی دۆسیەکەوە دەخوێنێتەوە)... مێرد نەفەقە نادات... مێرد خەرجی ژیان دابین ناکات...

**هاموون** (بەسەرسووڕمانەوە): مەهشید وای وتووە؟ من خەرجی ژیان دابین ناکەم؟ من خۆ هەرچیم لەملاو ئەولاوە دەردەهێنا، هەرچی قەرز و قۆڵەم ئەکرد، خۆ بە هەردوو دەست پێشکەشی خاتوونم ئەکرد.

**دەبیری:** ئافرەتێکی بێسەرپەرشت، بەتاقی تەنیا لەم شارە قەرەباڵغەدا، لەم گرانییەدا، بە منداڵێکەوە...

هاموون قسەکە بە دەبیری دەبڕێت و بە تووڕەییەوە دەڵێ:

**هاموون:** مانگێک دە دوازدە تمەن تەنیا خەرجی ڕەنگ و بووم و پەڕەمووچی ئەو بوو. ئیتر هەڵەخەرجی و کارە هونەرییە

قۆڕەکانی‌تری با بمێنێ...

**دەبیری** (زیاتر لەبەرخۆیەوە و بێ سەرنجدان بە هاموون): ... بە چ بەدبەختییەک ڕۆژی لێ ئاوا دەبێت و شەوی ڕۆژ دەکاتەوە...

**هاموون:** هەموو قیستی ماڵەکە من دامەوە. ئاخر بۆچی گوێ لە قسەی من ناگری؟ ئەڵێم هەموو قیستی ماڵەکە من دامەوە...

**دەبیری** (لە ڕووی دۆسیەکەوە دەخوێنێتەوە): ... مەهشید لێرەدا دەیسەلمێنێت کە تۆ هەڵس و کەوتت باش نییە...

**هاموون** (لەبەرخۆیەوە): ... من خەرجی ژیان دابین ناکەم؟

**دەبیری (درێژەدەدات): ...** نەخوشی، تاوتاو شێت ئەبی. ستەم لەو و منداڵەکەی دەکەی. ماڵەکەت پڕ کردووە لە ئاژاوەو ئازار و خەفەت. مەهشید ئەڵێ کە منداڵەکە نەختێک دەگری، هاموون هاوار ئەکات و ئەڵێ منداڵەکە زەینی ئاڵۆز ئەکات...

**هاموون:** دەی بابە گیان، من لە ماڵەوە کار دەکەم... دەنووسم...

**دەبیری:** ... چەند جار لە ژن و منداڵەکەت داوە...

**هاموون:** ئەوە درۆیە!

**دەبیری:** ئیتر ژن و منداڵ لەماڵەوە ئاسایشیان نییە. جارێک ویستووتە ژنەکەت لەسەر بانەوە بخەیتە خوارەوە...

**هاموون** (دەقیرێنێ): بابە گیان درۆیە، درۆیە، ئەیوست خۆی بکوژێ، فریای کەوتم. شایەتم هەیە.

**دەبیری** (دەقیرێنێ): هەر لەبەر ئەوەش پاسەوانی لەبەر ماڵەکەدا داناوە...

**هاموون:** نەخێر، بۆ ئەوەیە کە ماڵەکەی کردووە بەناوی خۆیەوە و من ئیتر بۆم نییە بچمەوە بۆ ماڵەوە، ئەبێ دەرم بکات.

**دەبیری:** ڕاپۆرتی پۆلیس، مەئمووری کەلانتەری، شایەتحاڵان،

پزیشکی داد، سەبارەت بە ئاسەواری لێدان...

**هاموون:** برۆین بۆ دادگا...

**دەبیری:** جا ڕاپۆرتی دوکتۆری دەروونناس سەماواتی...

**هاموون:** دەی چییە؟

**دەبیری:** ئەوەیە کە حەمید کەسێکی سایکۆتیکی پێشکەوتووە. تەواو نییە. نەک هەر لە باری دەروونییەوە، بەڵکوو لەباری جەستەییشەوە نەخۆشە...

**هاموون:** من نەخۆشم؟ من نەخۆشم ؟ لەباری جەستەییەوە؟ ..

**دەبیری** (هەڵدەستێ و دەکەوێتەڕێ): هەرچی خێراتر کۆتایی بەم مەسەلەیە بهێنی، ئاسوودەتری. کاتژمێر دوازدە لە دادگە چاوەڕێتم. لەبیرت نەچێ .

**هاموون:** خوات لەگەڵ.

دەبیری دەرگای ئاپارتمانەکە دەکاتەوە، سەیری هاموون ئەکات، دیسان دەرگاکە پێوەئەدات و لە هاموون نزیک ئەبێتەوە. هەوڵ ئەدات خۆی لە سەرخۆ و میهرەبان نیشانبدات.

**دەبیری:** تۆیش هەر لە باوکت ئەچی، منداڵی! پێویستت بە کەسێکە ئاگای لێت بێ... ئەڵێم وازی لێبێنە با بڕوات. ژنێکی نەفام و بێقیمەتە! .. لێیگەڕێ با بڕوات. تاکەی ئەتەوێ دیل و بەندی ئەو بیت؟ وازی لێبێنە با بڕوات... ژنەی حولحولی مەزەب... چی... ئێستە.. هەرچیم بە زماندا بێت، پێی ئەڵێم ئا...

دەبیری بە تووڕەییەوە دەرگاکە پێوە ئەدات و ئەڕوات... هاموون وشک ئەوەستێت.

هاموون سەتڵی گیراوەی خاوێنکەرەوە لەسەر عەرز دائەنێت و دەست ئەکات بە فلْچە لێدانی پارکێتی تەختی هۆڵەکە. پارکێتەکە بریقە ئەداتەوە...





**دەنگی هاموون**: بۆچی ئەمەندە بۆ دەربڕینی هێز و دەسەڵات لاوازم؟ ئەم لاوازییەم لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت؟ ... لە باوکمەوە؟ ... لە دایکمەوە؟... لە وڵاتەکەمەوە؟... لە مەهشیدەوە؟ (هەناسە هەڵئەکێشێت)، هێی مەهشید... مەهشید... هەمووی لەو بەیانییە بەدفەڕەوە دەستیپێکرد...

هاموون خەریکە بە فلْچە تەختی ئاپارتمانە تازەکەیان خاوێن ئەکاتەوە، تازە هاتوونەتە ناو ئەم ماڵە. شتەکانی ناوماڵ لێرەولەوێ بە پرشوبڵاوی دانراون. مەهشید خەریکی سڕینی دەفرە کریستاڵەکانە. ئەو بە پەڕۆیەکی سپی، بە نەرمی و بە وردی خەریکە جامێکی کریستاڵ دەسڕێت... هاموون لە کارتۆنە کتێبەکان، کتێبەکانی دەردەهێنێ و ڕێک و پێکیان دەکات.

**دەنگی هاموون:** تازە گواستبوومانەوە بۆ ناو ماڵە تازەکەمان کە ئەو کابرایە، عەزیمیی ناپیاو، ئەو خانووسازە چاتۆڵبازە ناودارە، ئاخری بڕیبووی بە سەرماندا....

دەنگێکی کپ لە دەرەوە ئەبیسترێت... مەهشید ئەچێتە بەر پەنجەرەکەو بۆ چرکەیەک تەماشا ئەکات، پاشان دێتەوە.

**مەهشید:** وەرە بڕۆ بزانە ئەو کابرایە ئەڵێ چی. من خۆ تێناگەم چیی ئەوێت...

**دەنگەکە** (لە دوورەوە): ئای خاوەنماڵ! کێ لێرەیە؟ ئەم ماڵە هی کێیە؟

هاموون کتێبێک ئەخاتە سەر لیژنەی کتێبەکان و بەرەو هۆڵ و باڵکۆنەکە دەڕواتە پێشەوە، لەسەر باڵکۆنەکە دەوەستێت و ئەڕوانێتە خوارەوە.

سپوورێک دێتە ناو حەوشەکە و سەیری پەنجەرەکەی سەرەوە

ئەکات کە هاموونی لێوەستاوە و ئەڵێت:

**سپوور:** دەی شای پیاوچاکان چاوێکیشت لە ئێمە بێ...

**هاموون:** بەڵێ؟

**سپوور:** عەلاگەکەت دڕاوە، ناتوانم بیبەم (بەردەوام ئەبێ و ئەڵێت) بەزەییێکت بە حاڵی دڵی منی بێچارەدا با بێ...

دەنگی سپوورەکە لە دەرەوە هێشتا بەردەوامە. هاموون لە ماڵەوە بۆ عەلاگەی زبڵ دەگەڕێت. لەنێو جل و شتە داپڕاوەکاندا یەکێک لە جلەکانی مەهشید هەڵدەگرێت. عەلاگەکەی دەدڕێت و جلەکەی مەهشید هەر لەوێ فڕێدەدات.

هاموون بە ڕاکردن و بە پەلە لە ئاپارتمانەکە دێتە دەرەوە و ئەچێتە حەوشەکە. عەلاگەکەی بەدەستەوەیە. لە سووچێکی حەوشەکەدا "عەلی" کوڕە بچووکەکەی هاموون، سواری سێچەرخێک بووە. هاموون بە پەلە بەرەو دەرگاکە ڕادەکات.

سپوورەکە هێشتا خەریکی شیعر خوێندنەوەیە.

**هاموون** (ڕوو لە سپوورەکە): کاکە هەستە هانێ ها...

**سپوور** (بە سکاڵاوە): من ئەمە نابەم کاکە گیان، دەست و مەچەکم هەمووی بریندار بووە...

**هاموون** (عەلاگەکەی پیشاندەدات): ئەوەتە کوڕە. عەلاگەم هێناوە. ئەوەتە...

**سپوور:** ناتوانم کاکەگیان. ناتوانم بیبەم.

**هاموون:** دەی بڕۆ ئەو خاکەنازەت بێنە.

**سپوور:** خاکەنازم نییە کاکە گیان، من خاکەنازم لەکوێ بوو؟ خۆ من باخەوان نیم، کرێکاری شارەوانیم...

**هاموون** (واز دێنێت): باشە دەی. وەرە بۆم بگرەوە...

هاموون دادەنەوێت و بە دەست زبڵەکان دەکاتە ناو عەلاگەکەی تر.

قادرمەی ئاپارتمانەکە. هاموون لە کاتێکدا کە دەستە پیسەکانی بەرزکردۆتەوە، لە قادرمەکەوە سەرئەکەوێ و ئەیانژمێرێت.

**هاموون:** یەک، دوو ، سێ، چوار ، پێنج ، شەش، حەوت ، هەشت ، نۆ ، دە ...

هاموون هەروا پلەکان ئەژمێرێت و ئەیەوێ هەر بەو خێراییە، لە تەنیشت بێهجەت خانم، خزمەتکارە برێک قەڵەوەکەیانەوە تێپەڕێت... بەڵام بێهجەت خانم، کۆمەڵێ شتی زۆری کڕیوە و بە دەستیەوەیە، بە هەنکەهەنک لەبەردەمییەوە سەردەکەوێت و ڕێگای پێنادات. حەمید دەڵێ ببوورە و بێئاگا دەکەوێت لە بێهجەت خانم. بێهجەت خانم سوورێک دەخوات و خۆی پێڕاناگیرێت. پاکەتەکانی لە دەست دادەکەوێت. شووتی، سەتڵی ماست، میوەکان، دوو ماسیی گەورە، سەوزە و شتەکانیتر، هەموویان بۆ خوارەوە گلۆر دەبنەوە. سەتڵە ماستەکە توووند دەدرێت بەعەرزدا. برێک ماست دەپژێت لە تابلۆ ئابێسترەکەی مەهشید. سەرانسەری پلەکان و پێچی سەرپلەکان پیس و شپرز دەبێت.

**بێهجەت خانم:** ئاغا چیت کرد؟ چی بوو؟ ... ئەیڕۆ...

**هاموون:** ئاخ... بۆچی وایلێهات؟ ... هەی هەی ... چ پەنێکی پیسمان دا...

هاموون بە پلە خزەکاندا بە وریایی دەڕواتە خوارەوە ... دادەنەوێت، بە هەردوو دەست سەری ماسییەکان دەگرێت و هەڵیاندەگرێ.

**دەنگی مەهشید** (لە دوورەوە): بێهجەت خانم! بێهجەت خانم!

مەهشید دەگاتە ئەوێ، بێهجەت خانم دەبینێ.

**مەهشید:** چی بووە ؟

**بێهجەت خانم:** ئاغا...

**هاموون:** ئاغا چییە ؟

مەهشید چاوی بە پلەکان و هاموون دەکەوێت کە ماسی بە دەستەوەیە، وەستاوە و تەماشا دەکات.

**مەهشید** (تووڕە): چیت کردووە؟

**هاموون:** دەی چییە؟ پاکی دەکەمەوە.

**مەهشید** (ئەقیرێنێ): تۆ چیت کردووە؟ سەیری ئەوە بکە، چیت لە تابلۆکەم کردووە؟

**هاموون** ( بە ئاماژە بۆ تابلۆکە): باشە دەی کوڕە، مەگەر چیی لێهاتووە؟

**مەهشید:** هەموو ژیانی منت تێکداوە!

مەهشید لەنێو ئامێرەکانی نیگارکێشیدا، فڵچە و قوتووی بەتاڵی ڕەنگ و هەرچیی بەردەست دەکەوێت، هەڵیانئەگرێت و فڕێیان ئەدات بۆ هاموون.

**مەهشید:** نەفام!

**هاموون** (دەقیرێنێ): خۆتی نەفام!

**مەهشید:** شێتە!

**هاموون:** شێت خۆتی! نەفام هیچوپووچ !

**مەهشید:** عەهـ !...

**هاموون:** خۆ تەریقیش نابێتەوە...

**مەهشید** ( بە بێهجەت خانم): هەستە بێهجەت خانم، هەستە... هیچت لێهاتووە؟

بێهجەت خانم بە ئاخ و ناڵە ناڵ ئەکەوێتەڕێ، مەهشید بێهجەت خانم بەرز ئەکاتەوە، بێهجەت خانم ئەچێت بۆ ژووری منداڵەکە و مەهشید ئەچێت بۆ چێشتخانەکە... لە گیرفانی جلی کارەکەی جگەرەیەک دەردێنێ و دایئەگیرسێنێ.

**بێهجەت خانم:** ئاخ، ئاخ.. بڕوانە چیی کردووە.

هاموون بە وریایی لە پلەکانەوە سەرئەکەوێ.

**هاموون:** دەی ڕێکەوتە ئیتر. مەگەر خەتای من بوو؟ ڕێکەوتە دەی.

هاموون دەچێتە ناو چێشتخانەکە و هەروا کە ماسییەکانی بەدەستەوەیە، بەرامبەر مەهشید ڕائەوەستێت، مەهشید بەپەلە ڕووی وەردەگێڕێت کە چاوی پێنەکەوێت.

**مەهشید** (تووڕە): لاچۆ لەبەر چاوم!

هاموون بەڕقەوە ماسییەکان دەخاتە بەرپێی مەهشید، مەهشید بەتووڕەییەوە شەقێک لە ماسییەکە هەڵئەدات و دووری دەخاتەوە، هاموون بە پەردە تۆڕەکە دەستی دەسڕێت و دەچێتە دەرەوە.

**هاموون** (بە دەنگی بەرز لەبەرخۆیەوە): بەسە، بەسە، ئەبێ چارەیەکی تەواوی بۆ بدۆزینەوە.

مەهشید بەڕقەوە مژ لە جگەرەکەی دەدات و سەیری شوێن پێ پیس و ماستاوییەکەی هاموون ئەکات لەسەر پارکێتەکە.

هاموون ئەچێتە ژووری ئەوسەری داڵانەکە و جلەکانی ئەگۆڕێت. مەهشید هێشتا زیز و تووڕەیە... سەرەنجام جگەرەکەی لە تەپڵەکەکەدا دەکوژێنێتەوە، ئەڕوات بۆ ژووری ئەوسەری داڵانەکە. هاموون جل لەبەر دەکات و لەبەر خۆیەوە ئەڵێ:

**هاموون:** ... پیاو بچێ لە لادێدا بژی ...

مەهشید لە ناو دەرگاکەدا دەوەستێت.

**مەهشید** (سڕو سارد بەڵام بەبڕشتانە): ئێمە ئیتر ناتوانین پێکەوە بژین، ئەم ژیانە ئیتر ناکرێ بەردەوام بێت، ئەمە ناخۆشە کە ئەیڵێم، بەڵام من هەرگیز تۆم خۆش نەویستووە، لەمەولاش خۆشم ناوێیت. ئەبێ کۆتایی پێ بێنین.

هاموون بە حەپەساوی سەیری مەهشید دەکات.



**هاموون:** بەڵام من تۆم خۆش ئەوێ .

**مەهشید:** ئەزانم، تۆ خۆیشت خۆش دەوێ.

**هاموون:** دەی ئەوە ئاساییە، وەک هەر کەسێکیتر تۆ خۆتت خۆش ناوێ ؟

**مەهشید** ( بە بڕشتانە): نە ، خۆمی ئابەم جۆرەمم خۆش ناوێ. خەریکە بەلای تۆوە دادەفرەقێم.

**هاموون:** بۆچی دەیخەیتە ئەستۆی من؟ تۆ خەریکی بە قەیرانێکی دژواری دەروونیدا تێدەپەڕیت و ئەوە ئاساییە کە ڕقت لە هەموو کەسێک و هەموو شتێک بێت.

مەهشید: نە، نە، من ئیتر گوێ لەو قسە قۆڕانەی تۆ ناگرم، لە باسی وەسڵ و یەکبوون و توانەوە لە کەسێکیتردا یان فەنابوون لە ئافرێنەردا و ئەو قسە هیچانە... تۆ لە کردەوەدا وا پیشان دەدەی کە کەسێکی تری.

**هاموون:** تۆ چۆن ئەتوانی ئەوە بسەلمێنی...؟

**مەهشید:** قسە و کردەوەت دنیایەک لەیەک دوورن، نەختاڵێک پەرۆشی من و منداڵەکەت نیت.

**هاموون:** ئەوە کەی قسەیە؟

**مەهشید:** سەرت کردووە بەناو ئەو کتێبە نەفرەتییانەدا، دەتەوێ هەمووکەسێک لاڵ بێت... ئیتر لێت وەڕس بووم...( ئینجا دەرگای یەغانی جلەکان توند پێوەدەدات).

**هاموون:** تۆ دەتەوێ من ئەو کەسە بم کە تۆ بەڕاستی دەتەوێ ؟ ئەگەر ئەوە نەبم کە تۆ دەتەوێ، دەی ئیتر من، من نییە. یانێ من "خۆم" نیم.

**مەهشید:** من، من ، من، من، عەهـ...

**هاموون:** دەی ئەرێ، تۆ بەڕاستی خۆتی؟ تۆ هەمان کەسەکەی

دوو ساڵ لەمەوبەری؟ تۆ هەمان ئەو کەسەی کە من ئەمناسیت؟ ئەرێ؟ یانێ تۆ هیچ نە.. نە.. نەگۆڕاوی؟

**مەهشید:** نە! نەگۆڕاوم، بەس ئیتر تۆم خۆش ناوێ.

**هاموون** (مات دەبێ، بە دەنگێکی کپ)**:** مەهشید بەڕاستی وایە؟ یانێ هەموو ئەو چامانە، ئەو ژیانانە، ئەو ئەوینانە، هەمووی درۆ بوو؟

مەهشید پێکەنینێکی تاڵ دەکات و دەگەڕێتەوە کە بڕوات، هاموون تاکێک پێڵاوی بۆ فڕێ دەدات، پێڵاوەکە بەر دیوارەکە دەکەوێت، مەهشید ئاوڕ دەداتەوە. تووڕە و بە هەڕەشەوە لێی دەڕوانێت و پاشان دەڕوات. هاموون دادەنیشێ. دەنگی گریانی مەهشید...

لە ژووری منداڵەکەدا... مەهشید سەری ناوەتە سەر قەرەوێڵەی منداڵەکە و دەگری، بێهجەت خانم لە تەنیشتییەوە دانیشتووە و هەوڵئەدات هێوری بکاتەوە.

**مەهشید:** ماندوو بووم...وەڕس بووم لەم ژیانە...

**بێهجەت خانم:** مەگری... نە...

هاموون جلی لەبەر کردووە و خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلی سەفەرە، ساکەکەی دێنێتە پێشەوە و چەند کتێب لەنێو کارتۆنەکانەوە دەردێنێ و تێیدەخات. ساکە بچووکترەکە دەنێت بە کۆڵەوە و بەرەو ژووری منداڵەکە دەڕوات.

**هاموون** (ڕوو لە بێهجەت خانم): من چەند ڕۆژێک ئەڕۆم بۆ کاشان بۆ لای عەلی...

بێهجەت خانم بە دەست ئاماژە دەکات کە باشتر وایە هاموون دوور کەوێتەوە و بڕوات، هاموون دەکەوێتە ڕێ، کراسەکەی دەخاتە ناو پانتۆڵەکەی و لە پلەکانەوە دەچێتە خوارەوە، لە خوار پلەکانەوە عەلی خەریکە سێچەرخە خراپەکەی بە پلەکاندا سەردەخات، دەنگی هاموون دێت.

**هاموون:** عەلی، عەلی گیان، بابە خەریکە دەچێت. ئێ.. ئێ.. سێچەرخەکەت بۆچی وای لێهاتووە؟ ئەمانە بۆچی وایان لێهاتووە؟

**عەلی:** کەلاجەکەی سووتاوە.

هاموون بەسەر سێچەرخەکەدا دادەنەوێ و دەیپشکنێت.

**هاموون:** کەلاجەکەی سووتاوە؟ حەز دەکەی بابە بۆت چاککاتەوە؟

عەلی وەک هێمای ڕەزامەندی سەرێک دەلەقێنێ، هاموون دەست دەکات بە کۆکردنەوەی شتەکانی سێچەرخەکە.

**هاموون:** ماچێک بدە بە بابە، زوو دێمەوە، (عەلی ماچ دەکات) ماچێکیتر بدە بە بابە... هاروهاجی نەکەی ها... بڕۆ بۆ لای بێهجەت خانم.

سێچەرخەکە دەنێ بە کۆڵییەوە و دەڕوات.

لە جادەی کاشاندا، هاموون خەریکی لێخوڕینە، لە داشبۆردەکە کاسێتێک دەردێنێ و دەیخاتە ناو تەجیلەکە، مۆزیکی باخ. ئۆتۆمبیلەکەی هاموون لە جادەدا بەڕێوەیە...

**دەنگی هاموون:** دەبێ بتوانم پارچەکانی ژیانم بخەمە پاڵ یەک. بزانم لە کەیەوە پێوەندیم لەگەڵ مەهشید خراپ بوو؟ خۆ تا یەک دوو ساڵ لەمەوبەر هەموو شتێک ڕێک و پێک و ئەویندارانە بوو.

هاموون بە ئارامی پێچ دەکاتەوە بۆلای چەپ، لای دەستیدا مەهشید و عەلی دانیشتوون، مەهشید پێدەکەنێ.

**مەهشید** (ئاماژە بۆ دوور دەکات): عەلی گیان، عەلی، سەیری ئەو باڵندانە بکە، چاوت لێیە؟

هاموون قەپ لە سێوێک دەگرێت و قسە دەگێڕێتەوە.

**هاموون:** کابرایەک دەچێت بۆمیوانی، کە لە میوانی دەگەڕێتەوە پێڵاوەکانی دیار نابێ. ئەڵێ ئێ .. من کەی ڕۆیشتم؟

مەهشید سەرەتا پێی سەیر دەبێت و دوایی پێدەکەنێ، هاموونیش، عەلی بە زمانێکی مندالانە نوکتە دەگێڕێتەوە.

**عەلی**: دوو دانە تەماتە ئەبن... یەکەمیان بە دووهەمیان ئەڵێ وریا بە لۆری نەتکات بە ژێرەوە. لۆرییەک دێت و دەیپلیشێنێ. یەکەمیان پێی دەڵێ خوات لەگەڵ دۆشاوی تەماتە...

مەهشید و عەلی لای هاموندا خەوتوون... هاموون لێدەخوڕێت... تەنیایە.

**دەنگی هاموون:** بۆچی تێک چوو؟ لە کەیەوە؟ لە کوێوە دەستی پێکرد؟... ڕەنگە لەوکاتەوە کە چوو بۆ لای ئەو کابرایە، ئەو دوکتۆرە دەروونناسە نەخوێندەوارە گەمژەیە، کە مێشکی ئەو کچەی خوارد و تەواو شێتی کرد، هەر ...

عیادەی دوکتۆر سەماوات، وێنەیەکی گەورە لە تابلۆی عیادەکە: دوکتۆر سەماواتی، پسپۆڕی مێشک و دەروون، بینایەک لەسەر شێوەی بیناسازیی کۆن و پاک و ڕێک و پێک.

هاموون و مەهشید لەوسەری دالانی نهۆمی خوارەوە دێنە ژوورەوە، بەرەو پلەکان، بەرەوڕووی کامێرە دێنە پێشەوە، لە پلەکانەوە سەر دەکەون. بە پەلە و بە مەودا لە یەکترەوە هەنگاو دەنێن. دەگەنە نهۆمی سەرەوە و دەچنە ناو عیادەکەی دوکتۆر سەماواتی، سکرتێرەکەی سەماواتی هەڵدەستێتەوە.

**مەهشید:** سڵاو خانم

**منشی:** سڵاو، حاڵت باشە؟ تکا ئەکەم.

سکرتێر بەرەو ژووری دوکتۆر دەڕوات و لەم کاتەدا سەماواتی دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە و دێتە دەرەوە. (باڵا بەرز، لاواز، ٥٥ ساڵان).

**مەهشید:** سڵاو جەنابی دوکتۆر.

**دوکتۆر:** سەلامون عەلەیکوم. حاڵتان باشە؟ (سەیری هاموون دەکات) من تکام لە خانم کرد جەنابت بێنێت لێرە بتبینم.

**هاموون:** بەڵێ، لە ڕاستیدا منیش زۆرم حەز ئەکرد جەنابت ببینم.

دوکتۆر ژوورەکەی خۆی بە مەهشید و کورسییەک لە ژووری چاوەڕوانیدا بە هاموون نیشاندەدات.

**دوکتۆر:** جەنابت فەرموو بۆ ئێرە. جەنابیشت دانیشە ، ئێستە دێم.

مەهشید دەچێتە ناو ژووری دوکتۆر، دوکتۆر لە ژووری چاوەڕوانی دەچێتە دەرەوە، هاموون پاش کەمێک بە دوای ئەودا ئەچێتە دەرەوە و لە دالآنەکەدا لەگەڵ دوکتۆر قسە ئەکات.

**هاموون:** جەنابی دوکتۆر! ببوورە قوربان، لە ڕاستیدا من خۆم داوام لە مەهشید کرد کە بێت بۆ لای دەروونناسێک و بۆ ئاگاداریی جەنابت عەرزت بکەم کە هەڵبەت جەنابت خۆت قسەی لەگەڵ ئەکەی، تێئەگەی، بەڵام، بەڵام سەرچاوەی ناڕەحەتی و نەخۆشیی مەهشید باوکییەتی. مەسەلەکەی خستۆتە ئەستۆی من کە شتێک بە باوکی بسەلمێنێت. بەڵام چونکە من...

**سەماواتی:** زۆر باشە، جەنابت فەرموو ماوەیەک دابنیشە.

هاموون ئەگەڕێتەوە، بەڵام پەشیمان ئەبێتەوە و دیسان ئەکەوێتە شوێن دوکتۆر.

**هاموون:** باشە. بەڵام جەنابی دوکتۆر من لە ڕاستیدا ئەمویست بزانم شێوازی کاری جەنابت چۆنە؟ واتە نەخۆشەکانت یەکسەر ئەخەیتە ژێر حەپ و دەواودەرمان، یان دائەنیشی و کەمێک دەردەدڵیان لەگەڵ ئەکەیت؟

**سەماواتی** (بە دەنگی بەرز پێئەکەنێ): ها ها ... ئەبێ بزانم چۆنە .. هەردووکیان، جارێ جەنابت فەرموو دەققەیەک دانیشە.

هاموون نەختێک ئەوەستێت، بەڵام دووبارە بە دوای سەماواتیدا بە پلەکاندا ئەچێتە خوارەوە.

**هاموون:** ئەگەر وایە، پرسیاری چی ئەکەی؟ چیت ئەوێ؟ ئەگەر باسی باوک، دایک، باوباپیر لەئارادایە، خۆ من دایکم ئەوەندە زوو مرد و باوکم ئەوەندە سادەو دڵپاک بوو، تەنیا دەستی بە کڵاوە شڕەی خۆیەوە گرتبوو، بەڵام من ڕێک بەپێچەوانەی باوکمم، من بەردەوام هەڵبەز و دابەز ئەکەم، بەڵام بە هیچ کوێ ناگەم دوکتۆر، (لەبەردەم دوکتۆردا ئەوەستێت و بەداماوی) خەریکم نوقم ئەبم، من ئیتر متمانەم بە هیچ نەماوە، بڕوام بە هیچ نەماوە، خەریکم بەفیڕۆ دەچم، ئەمە یانێ چی؟

**سەماواتی** ( بەدڵنیایی): ئەمە بابەتێکی دەگمەن نییە کە چارەسەری بۆنەبێت. چارەسەری تەواوی هەیە.

**هاموون:** نە دوکتۆر، من جاران پێم وابوو دەبم بە گوویەک، بەڵام نەبووم بە هیچ قخەیەکیش. چل و وردەیەکم لێ تێپەڕیوە، بەڵام تادێ زیاتر وەیلانم ، وەیلان، چی بکەم؟ ئێمەی وەیلان، کەوای شڕ و ڕزیوی خۆمان، بە کوێی ئەم شەوە نووتەکەدا هەڵواسین ؟...

دوکتۆر قۆڵی کۆتەکەی لە دەستی هاموون دەردەکێشێ و بەرەو ئاودەسەکە دەچێت.

**سەماواتی:** جەنابت فەرموو لەوێ دانیشە...

دوکتۆر سەماواتی دەچێتە ناو ئاودەسەکە.

لە باڵکۆنی تەنیشت عیادەکەی دوکتۆر سەماواتیدا، هاموون وەستاوە و سەیری باخەکە دەکات. دەنگی کزی مەهشید لەودیو پەنجەرەی سەر باڵکۆنەکەوە دێت، هاموون چەند هەنگاوێک دەچێتە

پێشەوە و لە پشت پەنجەرەیەکی نیوەکراوە و لەودیو پەردەکانەوە، مەهشید دەبینێ کە لەبەر ڕووناکیی ئارامی ناو ژوورەکەدا، بەرانبەر مێزی دوکتۆر دانیشتووە و هێواش و لەسەرخۆ قسە ئەکات، سەماواتی چەقیوە بەناو کورسییەکەیدا، گوێی لێئەگرێت و جارجار شتێک ئەنووسێت.

**مەهشید:** ..لە لایەکەوە ئەزانم کە لەخۆباییم، فرەخوازم، پێمخۆشە شتێکم لێدەرچێت، بەڵام خۆم سەرتر لەئاستی ئەم خەڵکە و ئەم وڵاتە دەبینم، پێم خۆشە بڕۆم...

**دوکتۆر:** بۆ کوێ ؟

**مەهشید:** چووزانم، بۆ شوێنێک کە هەناسە بدەم، ژیانم لای هامووندا خەریکە بەفیڕۆ دەچێت...پاشان، هەستکردن بەبێ کەڵکبوونی خۆم، بێ کەڵکبوونی کارەکەم، ئەمەوێ چی بسەلمێنم؟ چوار تابلۆی نیگارکێشی کە پاش مەرگم بە دیواری ماڵی خەڵکدا هەڵواسرێت، کەی گرنگە؟

**دوکتۆر:** گرنگ نییە؟

**مەهشید:** با، پێشتر پێموابوو گرنگە، پێموابوو هەر بەرهەمێک لە ژێر پەڕەمووچەکانی منەوە دێتە دەر، ڕووداوێکی گرنگی مێژووییە. بەڵام ئێستا... هیچ واتایەکی نییە... لەبەردەم ئەم هەموو مردووەدا... ئەم هەموو تەرمەدا...

**دوکتۆر:** چۆن بوو لەگەڵ هاموون یەکتان ناسی، زەماوەندتان کرد؟

**مەهشید:** چووزانم، هەمان کلێشە ناودارەکە، باوکم زۆری لێئەکردم کە شوو بکەم، حەزی ئەکرد بمدات بە دەوڵەمەندێکی خوێڕی، دواتر هاموونم ناسی... دڵم لێی چوو، لە شێتییەکانی، لە خوێندەواری و زانیارییەکانی، چووزانم.



هاموون لەودیو پەنجەرەکەوە بێئاگا، زەردە دەیگرێت و خەیاڵ دەیباتەوە.

**مەهشید:** ئەو، بووە بە هۆی ئەوەی من کراژ بخەم... لە زۆر شت تێبگەم...

خەیاڵی هاموون:

لە شەقامێکی پڕ شیناوەردا لە باکووری شار، مەهشید، شاد و بەختەوەر و پڕ لە شەوق، بە پەلە خەریکە بەڕێگادا دەچێت، بە کراسێکی سپی و پانتۆلێکی کابۆییەوە و جانتایەکی گەورە لە شانیدایە. مەهشید بە بڕێک پلەدا دێتە خوارەوە. هاموون پانتای شەقامێک دەبڕێ. مەهشید لە چەند کۆڵانەوە تێدەپەڕێت. هاموون بە شەقامێکیتردا تێدەپەڕێت... دەگاتە بینای کتێبخانەیەک و دەچێتە ژوورەوە.

لەناو کتێبخانەکەدا، هاموون دەنگی مەهشید دەبیستێت کە لە نهۆمی سەرەوە دێت.

**مەهشید:** حەمید!

هاموون بۆ سەرەوە دەڕوانێت و پاشان لە پلەکانەوە سەردەکەوێ و دەگات بە مەهشید.

**هاموون:** سڵاو

**مەهشید:** چۆنی؟

**هاموون:** خۆ دێر نەهاتم؟

**مەهشید:** ئیتر خەریک بووم دەچووم.

**هاموون:** بەڕاست؟ (بۆ بەرگی کتێبێک دەڕوانێ کە مەهشید دەیخاتە نێو قەفەزەکە:Energy for Man) سەبارەت بە جوولەکە و موولەکە و ئەو شتانەیە؟

**مەهشید:** نە ، وزەی ئەتۆمییە. ڕاستی کتێبەکانتم هێناوەتەوە.
مەهشید کتێبێک لە جانتاکەی دەردێنێ و ئەیدات بە هاموون، دەقی ئینگلیزیی "دێمییان" ی "هێرمان هێسە".
**مەهشید:** ئەم دێمییانە زۆر خۆشە.
**هاموون:** ئەرێ زۆر.
**مەهشید** (کتێبی "مندالّی و مێرمندالّیی تۆلستۆی" ئەدات بە دەست هاموونەوە): تۆلستۆی، ژیان و مێرمندالّییەکەی ، هێناومە بیخوێنیتەوە.
**هاموون:** منیش شتێکم هێناوە بیخوێنیتەوە.
هاموون کتێبێک لە جانتاکەی دەردێنێ. کتێبی "فرانی و زۆئی".
**مەهشید** (بە زەوقەوە): بمدەیە بزانم.
هاموون بە نەرمییەکی پڕواتاوە، کتێبەکە ئەخاتە سەر دەستی مەهشید کە بۆ وەرگرتنی کتێبەکە ڕایکێشاوە، وەک ئەوەی هەم کتێبەکەی پێ بدات و هەم نایدات.
**هاموون:** "فرانی ئەند زۆئی" شتێکە پڕ لە نهێنی و دەرد و ڕەنج و ئەوین.
هاموون بە نیگایەکی تایبەت سەیری مەهشید ئەکات و پاشان کتێبێ " ئاسیا لە بەرامبەر ڕۆژئاوادا" نیشانی مەهشید ئەدات.

**هاموون:** جا ئەگەر ئەتەوێ مێشکت ببووژێتەوە، ئەمە بخوێنەوە. (کتێبەکە ئەداتە مەهشید و پاشان کتێبی "ئیبراهیم لە ئاگردا" دەردێنێ) .. و ئەگەر ئەتەوێ نەختێک بسووتێی، ئەمە بخوێنەوە...
**هاموون** (ئەویندارانە سەیری مەهشید ئەکات و ئەخوێنێتەوە):

" مرا تو بی سببی نیستی
به راستی صلت کدام قصیده‌ای
ای غزل ..."

( واتاکەی: تۆ بێهوودەیی نیت بۆ من. بەڕاستی لە هۆزی کام قەسیدەی ، ئەی غەزەڵ...-ئەحمەد شاملوو- و )

هاموون بە پەلە مەهشید بە دوای خۆیدا ڕائەکێشێ و بە پلەکاندا ئەچێتە خوارەوە .

**هاموون:** وەرە. وەرە، وەرە خوارەوە. نە، نە، نە، دەمەوێ شتێکت پیشانبدەم. تۆ ئەو خوایە پێنەکەنی ها !

کتێبێک لە قەفەزی خوارەوە دەردێنێ و ئەیدات بە دەست مەهشیدەوە ـ کتێبی پێنج چیرۆک ، بەرهەمی حەمید هاموون ـ مەهشید کتێبەکەی لێوەرئەگرێت.

لە دەوروبەری بازاڕی شاعەبدولعەزیمدا، هاموون و مەهشید بەڕێوەن، مەهشید چارشێوێکی ڕەشی بەسەرەوەیە.

**هاموون:** بەهـ بەهـ لەو بۆنی کەبابە! با بڕۆین کەباب بخۆین.

**مەهشید:** نە، جارێ بڕۆین بۆ زیارەت...

دیمەنی شاعەبدولعەزیم، هاموون و مەهشید پێڵاوەکانیان لە کەوشکەن دائەنێن و خەریکن دەچنە ناو زیارەتگەکە.

**هاموون:** لەم پلاکانەت وەرگرت؟ (بە ئاماژە بۆ بیناسازیی ئارامگەکە) جوانە؟ نە؟ جا با بڕۆینە ناوەوە گێژ ئەبیت.

مەهشید سەیری دەوروبەر و ئاوێنەبەندییەکان ئەکات، چلچراکان و ... هەرکامیان لە دەرگای ژنانە و پیاوانەوە ئەچنە ناوەوە، مەهشید قسنەکە ماچ دەکات و حەمیدیش. پاشان ئەویندارانە سەیری یەکتر ئەکەن... کەسێک بە دەنگی بەرز زیارەتنامە ئەخوێنێتەوە.


Hamoun

له چاخانەیەکی گەورەدا کەباب دێنن بۆ مەهشید و هاموون، ئەمە سێهەم جارە بۆیان دێنن. گارسۆنێکی کورتەباڵا سینییەکە ئەنێتە سەر مێزەکەیان و ئەڵێ:

گارسۆنی کورتەباڵا: چوار شیشیتر، بەمەوە بوو بە دوانزە...

**هاموون** ( بە پێکەنینەوە): ئێستە چۆن ئەم هەمووە بخۆین؟

دەست بە خواردن ئەکەن.

**مەهشید:** من حەز ئەکەم بزانم دوو هەزار ساڵیتر چۆن کەباب ئەخۆن؟

**هاموون** (بە دەم پێکەنینەوە و لەکاتێکدا کە بە پەنجەی بڕێکی کەم پیشانئەدات): کەبابی ئەوەندە ئەوەندە... چۆن باوەشێن ئەکەن؟

**مەهشید** ( بە پێکەنینەوە): باوەشێنی ناکەن، من پێموایە بە سەتەلایت ئەینێرن، ئەوانیش تێر ئەبن.

هەردووکیان پێئەکەنن.

**هاموون** (بە پێکەنینەوە): سەتەلایت ـ با ـ ی لێدەرئەچێت.

دیمەنی دەستی هاموون، مەهشید ملوانکەکەی "عەلی" ئەنێتە ناو دەستی هاموون.

**هاموون:** ئێ، عەلی ! ( بە مەهشید ئەڵێ) دەستت بێنە.

مەهشید دەستی دێنێتە پێشەوە، هاموون هەنارێکی بچووکی وشکبوو، ئەنێتە ناو دەستی و پێئەکەنێ. پاشان هەڵیئەگرێتەوە و ئەیلەرێنێتەوە، دەنگی خڕەی دەنکە وشکەکانی ناو هەنارەکە دێت.

**هاموون:** خڕەی دێت.

مەهشید هەنارەکە ئەلەرێنێتەوە، خڕەی دێت.



دیوەخانی ئەشرافییانەی ماڵی مەهشید، هاموون جلێکی کەشخە و ڕێکوپێکی لەبەردایە، مەهشید خەریکی ژەندنی سێتارە، ناشارەزایانە ئاوازی "مەلی سەحەر٣" ئەژەنێت. حەمید گوێی گرتووە. مەهشید مێلۆدییەکە تێکئەدات. حەمید ناوچاو تاڵ ئەکات.

**حەمید:** ئەرێ . ئەرێ .

مەهشید بەردەوام ئەبێت.

**مەهشید:** زۆر خراپ دەیژەنم ؟

**حەمید** ( بە نابەدڵ): نە... ( پاشان هێواشتر) ئەرێ.. لە کەیەوە ئەم سازە دەژەنی؟

**مەهشید:** دوو سێ خولەکە.

حەمید بەمەبەستی هاندانی، لەسەر قاچی خۆی دەکوتێ و باڵنجی دەستەی موبلەکە دەکێشێتە سەرەوە.

لە پشت پەنجەرەی ژوورەکەی سەماواتییەوە، هاموون هێشتا گوێی ڕاگرتووە.

دوکتۆر بە خەمساردیو نەختێک ماندوویی‌یەوە گوێی گرتووە، بەتەواوی چەقیوەتە ناو کورسییەکەی.

**مەهشید:** هاموون لە ڕۆژی یەکەمی زەماوەندمانەوە هیچ کاسبییەکی نەکردووە.. مامۆستایەکی شەوانەی زمانی ئینگلیزی، یان وەرگێڕانی یەک دوو کتێب چیی دەست دەکەوێ؟... من زۆر هەوڵم داوە ئەو ئاسوودە بێت، ئارام بێت، بە کارەکەی ڕابگات. سەرەڕای ئەوەی باوک و دایکم زۆر ناڕازی بوون شووی پێبکەم، هەوڵم دا بەجۆرێک ئاشتیان بکەمەوە... بە هەرحاڵ خەتای من بوو... من، خۆشم ئەویست.

حەمید بە بیستنی ئەم ڕستەیە هەستی دەبزوێت و زەردەخەنە دێتە سەر لێوی.

**مەهشید:** بەڵام هەمیشە سەخت بوو، هاموونیش هیچ یارمەتییەکی نەدەدام. بەو ڕوانگە ڕەش و پڕ لە بەدگومانییەی بۆ ساتێکیش وازی لێنەدەهێنام، لەکوێ بووی؟ چیت دەکرد؟ تەلەفونت بۆ کێ کرد؟ **ش**ەوێکیان لەبیرمە چووبووم بۆ خواردنگەیەک. تەلەفونم بۆ کرد کە ئەویش بێت.

شەوە، هاموون نیگەران و پەشۆکاو، بە ژوورەکەدا دێت و دەچێت، سەیری کاتژمێرەکەی ئەکات... پاش چەند چرکەیەک مەهشید دەرگاکە ئەکاتەوە و دێتە ناوەوە. هاموون بەرەوڕووی دەچێت.

**مەهشید:** سڵاو

**هاموون:** ئەرێ، سڵاو، لەکوێ بووی ؟

**مەهشید:** خۆ من پێم وتبووی.

**هاموون:** خۆ منیش پێم وتبووی حەز ناکەم لەگەڵ ئەوان بچیتە دەرەوە.

**مەهشید:** کێ؟ مەبەستت ڕەزا و پەروینە؟

**هاموون:** بۆچی تەلەفونەکەت داخست؟

**مەهشید:** خۆی پچڕا.

**هاموون:** پچڕا؟ یان داتخست؟

**مەهشید:** تاقەتی چەنەبازیم نەبوو لەگەڵ تۆ .

**هاموون:** پچڕا یان داتخست؟

**مەهشید:** تاقەتی چەنەبازیم نەبوو لەگەڵ تۆ. (ئەیەوێ بڕوات) بڕۆ ئەو لاوە.

هاموون لەناکاو زللەیەکی توند دەسرەوێنێتە بنگوێی مەهشید. مەهشید دەحەپەسێت.

درێژەی قسەکانی مەهشید لە عیادەی دوکتۆر سەماواتیدا.

**مەهشید** (بە گریانەوە): هەر لەو زللە بەدواوە، هەر لەو توندوتیژییە بێ هۆ و زاڵمانەیەوە دڵم شکا... بینیم کە بێئەوەی گوناهێکم کردبێت، تەمێ و سووک و زەلیل کرام، تەنیا لەبەر ئەوەی کە کابرایەک بە سەر سەرمەوە وەستاوە و هێزی لە من زیاترە و هەر لەبەرئەوە ئەبێ حوکمم بەسەردا بکات، ئاهـ...

هاموون پەشیمان و زویرە.

**دەنگی سەماواتی:** ئەمە تایبەتمەندیی هەموو پیاوە ئێرانییەکانە، بەدرێژایی تەمەن ستەمیان کردووە و ستەمیان بینیوە، ڕاهاتوون.

مەهشید: لەو کاتەوە بوو کە زانیم کەسێکی خۆپەرست و ترسناکە، تەنیا خۆی دەوێت و لەپێناوی خۆیدا ئامادەیە هەموو شتێک بکاتە قوربانی... من لە ڕەش بینییەکانی هاموون ماندووم... لەوەی کە هەموو شتێک بە کارەسات دەبینێ... هەمیشە باس لە دڵەڕاوکێیەکی وجوودی ئەکات و لەوەی کە هەموو شتێک بەرەو فەنابوون ئەڕوات... من حەزم لە کارکردنە، نیگارکێشان، بەرنامە، داهاتوو. هەڵڕێژم، داپێژم، ڕۆبنێم... (دەنگی مەهشید هێدی هێدی کز دەبێت) .

هاموون هەروا لەبەر پەنجەرەکەدا وەستاوە و گوێ ئەگرێت.

**دەنگی هاموون:** ئەرێ هەڵڕێژم، داپێژم، ڕۆبنێم. چیی ڕۆناوە؟ هیچ، دەستی بۆ هەرکارێک بردووە، نیوە و نیوەچڵ وازی لێهێناوە،. شانۆ، مۆسیقا، نیگارکێشان... ئێستەش هەڵچووە لە دیزاینی جلو بەرگ.

بینای دیزاینی جلو بەرگ. لە دەرەوە، بینایەک بە بیناسازیی سوننەتیی کۆن و چەند وشترێک بە باری جلوبەرگ و قوماشی ئاڵ و واڵای ناوچەییەوە ئەبینرێن، کۆمەڵێک ژن و کیژی لاو بە

جلوبەرگی ناوچەییەوە، لەسەر باری وشترەکان چەند دەست جل و قوماش دادەگرن... و لەگەڵ چەند ژنیتر ئەچنە ناو بیناکەوە، لەسەر دیمەنەکەی سەرەوەدا، هێشتا دەنگی هاموون دێت.

دەنگی هاموون: ... ئەرێ، هەر ئەو هەڵرێژ و داپێژەی ئەوە کە منی تا بینەقاقا چەقاندۆتە ناو قەرزو قۆڵە، ئاخ، چیبکەم لەو هەموو چێک و سفتەیە. قیست، قیست، قیست، قیستی ماشین، قیستی فەرش، قیستی ماڵ، قیستی مۆبل، قیست، ئەم قیستانە پشتی منی شکاندووە...

هاموون لەگەڵ چەند ئافرەت سڵاو و چاک و چۆنی ئەکات.

**هاموون:** سڵاو، حاڵ و ئەحواڵتان؟ چۆنن؟...( لەگەڵ کەسانێکیتر ئەچێتە ناو هۆڵەکە).

مەهشید لەگەڵ چەندکەسێکیتر سڵاو و چاک و چۆنی ئەکات.

**مەهشید:** سڵاو، حاڵتان باشە؟ تکا ئەکەم. (بە دەست ئاماژە ئەکات) فەرموون دانیشن.

**هاموون:** سڵاو مەهشید گیان.

**مەهشید** (ڕوو لە هاموون): سڵاو حەمید، دانیشە، کارم زۆرە، (مەهشید بۆ نهۆمی سەرەوە دەڕوانێت و بانگ ئەکات) ... سوودابە! سوودابە!

سوودابە چەند پارچە قوماشی ڕەنگاوڕەنگ ئەخات بۆ مەهشید کە لە خوارەوە وەستاوە.

**سوودابە:** من ئەم سێ قوماشەم دۆزییەوە، (قوماشەکان دەخاتە خوارەوە)، ئەمەش بۆ جلەکانی پووری...

**کچێکی لاو:** (کراسێک نیشانی مەهشید ئەدات): مەهشید گیان ئەمە چی لێ بکەم؟

**مەهشید:** ئەمە (کراسەکە بۆ تاقیکردنەوە دەدات بە مینا)، مینا

گیان تۆ ئەمە لەبەر بکە.

**مینا** (جلێکیتر نیشانی مەهشید ئەدات): ئەمە لەبەر بکەم، یان ئەمە؟

مەهشید (هەمان جلی یەکەم پیشانی مینا دەدات)، نە، ئەمە لەبەر بکە، لەوێ (ئاماژە بۆ شوێنێک ئەکات) شیرین گیان! ئەو لەچکەش بدە بە پەروین خانم.

کچێکی گەنج کە مشتەریی جلی بووکێنییە، دێت بۆلای مەهشید.

**بووک:** مەهشید گیان کراسەکەی من بوو بە چی؟

**مەهشید:** کراسەکەت ئامادەیە، زۆر جوان دەرهاتووە. ئێستە لەبەری ئەکەم بیبینی.

ئەو ئافرەتەی کە لەچکەکەی بۆ تاقیکردنەوە داوەبەسەریدا، دێت بۆ لای مەهشید.

مەهشید تەماشای لەچکەکەی ئەکات.

**مەهشید:** نەختێک زریقە و بریقەی زۆرە، بڕۆنە ئەولاوە با لە ئاوێنەکەدا بیبینم.

حەمید لەناو هۆڵەکەدا سەرگەردانە، هاتوچۆیەکی زۆر لەئارادایە، هەمووان چاوەڕێی جلی بووکن، لەودیو پەردەکەوە چەند کچی گەنج دێن.

**کچی یەکەم** ( ڕوو لە بووک): ئەفسانە خانم، ئامادەیە.

**سوودابە:** کراسەکەت زۆر جوانە.

پەردەکە لادەدەن، مەهشید بە بەرگی بووکەوە دێتە دەرەوە، ژنەکان چەپڵە دەکوتن، بنەماڵەی بووک و ئەوانیتر لە دەوری مەهشید کۆ دەبنەوە.





**ژنی یەکەم** ( ڕوو لە بووک): ئەفسانە خانم بڕوانە چیمان بۆ دروستکردووی.

بووک سەیری کراسەکە دەکات. پێناچێ بەدڵی بێت.

**ژنی دوهەم:** زۆر جوانە.

**ژنی سێهەم:** زۆر تەواوە.

بووک (بە نابەدڵ): تۆڕەکەی زۆر چینی تێدایە.

**مەهشید:** ئەفسانە گیان دیزاینەکەی وایە.

**دایکی بووک:** زۆر جوانە، زۆر باشە.

**بووک:** کوێی جوانە دایە گیان؟ ئەو پەڕەشی هیچ جوان نییە، (دەست لەو قرانانە دەدات کە بە جلەکەدا دوورواوە)، ئەم قرانانەش زۆر قێزەونی کردووە، هەر بە من ناکەوێ، من حەزم لێ نییە، زۆر لادێییانەیە.

**مەهشید** (بە تووڕەیی): لادێییانەیە؟ قێزەونە؟

**بووک:** زۆر .

**مەهشید** (کراسەکە و تۆڕەکە دەدڕێنێ و بە تووڕەییەوە): حەیف بۆ ئەو هەموو زەحمەتە کە بۆ ئەم مرۆڤە بێزەوقانەم کێشاوە.

مەهشید بە ناڕەحەتییەوە دەچێت بۆ ژوورێکیتر.

**بووک** (وەک کەسێک کە هەقبەدەستە): عەهـ .. نامەوێ.

**دایکی بووک:** بڕوانە چیت کرد ڕۆڵە، گشتی خەتای تۆیە.

هاموون بە سەرسووڕمانەوە تەماشا دەکات، ژنەکانی ناو هۆڵەکە هەموویان ناڕەحەتن.

کاتێکیتر. مەهشید لە سووچێکی ژوورێکدا پشتی لە دیوارەکەوەیە، خۆی گرمۆڵە کردووە و کتێب دەخوێنێتەوە و لە پەراوێزی کتێبەکەدا شتێک دەنووسێ، ڕواڵەتێکی ڕەنگ زەرد و نەخۆش ئاسای هەیە.

**دەنگی هاموون:** بەڕاستیش نەخۆش بوو، تازە هەڵچووبوو لە "گورجی‌یۆف" و "یۆنگ" و سۆفیگەری (عیرفان)، ئەیویست بەهەرشێوەیەک بێت بەسەر چەقی سۆزداریدا زاڵ بێت... هە...

مەهشید بە مەسینەیەکی باغە، ڕەنگ لە بوومێکی گەورە دەپرژێنێ. شێوەگەلێکی تێکەڵی ڕەش لەسەر بوومەکە دەردەکەون... بڕێک ئەکلیل ئەکاتە لەپی دەستی و ڕووەو تابلۆکە فووی لێدەکات.

مەهشید بە چوارمشقی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا دانیشتووە، وەک حاڵەتی ڕۆچوونی ڕۆحی چۆتە ناخی خۆیەوە.

مەهشید لەسەر کورسییەک بێجووڵە و بێدەنگ دانیشتووە و لەحاڵێکدا کە سێتارەکەی لەئامێز گرتووە، چاوی بڕیوەتە سووچێک.

مەهشید بە گۆزەیەک، ڕەنگ لە تابلۆیەک دەپرژێنێ.

نیوە شەوە. هاموون لە پلەکانەوە سەردەکەوێت بۆ سەربان، لە قەراغ بانەکەدا مەهشید بێ جووڵە وەستاوە و چاوی بڕیوەتە مانگ.

**دەنگی هاموون:** خەوی لێزڕاوە، نەیدەزانی ماشینەکەی لە کوێدا وەستاندووە.

کاتێکی‌تر. دەرگای ئاپارتمانەکە دەکرێتەوە و مەهشید دێتە ژوورەوە، لە دەرەوە ژمارەیەک پەیکەری ورد و گەورەی دەستکردی کڕیوە. یەکە یەکە لەناو توورەکەیەکدا دەریاندەهێنێ و لەسەر مێزەکەدا ڕیزیان ئەکات: ئەسپێکی بچووکی ئاسنی بەقەدەر سەرەپەنجەیەک... چەند پەیکەری بچووکی کوندەبوو، پەیکەرێکی سپیی بچووکی شکسپییێر و بتهۆڤن، پەیکەرێکی دارینی بوتێکی ئەفریقی و چەند پەیکەری تر.

**دەنگی هاموون:** شتی قۆڕ و خۆڕایی دەکڕی و لەبیری دەچوو بۆچی کڕیویەتی.

مەهشید پەیکەرەکان لەسەر مێزەکە ڕیز ئەکات، هاموون لە مێزەکە نزیک ئەبێتەوە، سەیری پەیکەرەکان ئەکات. ئەسپێکی بچووکی دوو سانتیم هەڵدەگرێت.

**هاموون:** ئەمە چییە؟ ئەمە خۆ هەر بەرچاو ناکەوێت. ئاخر ئێمە تاکەی ئەبێ پارە بۆ ئەم خەشەڵانە خەرج بکەین؟ ئەرێ ئەمە چییە؟ (پەیکەری کوندەبوویەک نیشان دەدات) ... ئەمەت بە چەندە کڕیوە؟

**مەهشید:** ئەوەندە ڕەزیل مەبە.

**هاموون:** ڕەزیلی چییە؟ من ئەڵێم ماڵ ئەبێ بەرنامەیەکی تێدا بێ.

مەهشید فاکتۆری کڕین دەخاتە سەر مێزەکە.

**مەهشید:** ئەوەش فاکتۆرەکەی (بە حاڵەتی نارەزایانە ژوورەکە بەجێدێڵێ) نەکا بەتەمای بڵێی ئێمە تازەپیاکەوتووین و تۆ خەریکی فێرمان ئەکەی چی بکەین؟

**هاموون** (بۆ فاکتۆرەکە دەڕوانێ): بابە گیان من ئەڵێم ئەم ماڵە ئەبێ بەرنامەیەکی تێدا بێ.

مەهشید لە ژووری کارەکەیدا بە شتێکی وەک گوڵاوپرژێن ڕەنگی شین لە تابلۆیەک دەپرژێنێ. دوور دەکەوێتەوە و بە مەوداوە لە تابلۆکە دەڕوانێت، بەدڵی نابێ، بە تووڕەییەوە گوڵاوپرژێنەکە هەڵدەگرێت و توند ئەیکێشێ بە ناوەڕاستی تابلۆکەدا، گوڵاوپرژێنەکە ئەشکێ و ڕەنگ لە تابلۆکە و دەورو بەری دەپژێت.

کۆتایی دیمەنەکە بە ـ پەڵەیەکی گەورەی ڕەنگی شینی هەڵپژاو

لەسەر پانتایەکی سپی، چەند تابلۆی وەک تابلۆکەی پێشوو لەسەر دیواری گەلەرییەک.

پیشانگای بەرهەمەکانی مەهشیدە و ژمارەیەک دۆست و ئاشنا و تەماشاوانان خەریکی تەماشا و لێکدانەوەی تابلۆکانن.

دایکی مەهشید لەگەڵ عەزیمی و پیرەپیاوێکیتر (باوکی مەهشید) تەماشای بەرهەمەکان ئەکەن.

**باوکی مەهشید:** ئەمانە چین؟ من خۆ تێناگەم.

**دایکی مەهشید:** وسسسسس، نەختێ سووک.

ژمارەیەک لە تەماشاوانەکان پەسندی بەرهەمەکانی دەکەن، یەکێک لە تەماشاوانان خەریکی پیاهەڵگوتنی تابلۆکانە...

**تەماشاوان:** ئێوە جۆرێک تەقینەوەی ڕەنگی شین لە پانتایەکی سپیدا دەبینن کە وەبیرهێنەری حاڵەتی تەقینەوەی گەورەی سەرەتای ئافراندنە...

**دوکتۆر فەرەهوەشی** (ڕوو لە مەهشید): سەیرە، هەر نەمدەزانی بەم ستایلە کار دەکەی...

ئەندازیار سەلیمی مەهشید بەرەو کۆمەڵێک لە لایەنگرانی ڕێنومایی دەکات و ئەویان پێدەناسێنێ.

**سەلیمی** (مەهشید دەناسێنێ): خاتوو مەهشید ئەمیر سلێمانی، ئەمانە بەرهەمی ئەمن...

**تەماشاوانێک:** تکایە نەختێک باسیان لەسەر بکە، چونکە بەرهەمەکان جۆرێکی تایبەتن، هەم بەچەشنێک گەردوونین، هەم شاعیرانەن...

باوک و دایکی مەهشید لەلای عەزیمی و دەبیریدا دانیشتوون، وادیارە عەزیمی چەند تابلۆیەکی مەهشیدی کڕیوە، ژمارەیەک ئەنووسێ و چێکێک ئیمزا ئەکات، دایکی مەهشید لەژێر چاوەوە

بۆی دەڕوانێ. چەند ئافرەت لە هاوڕێیانی مەهشید کە ئاگایان لە ئیمزاکردنی چێکەکەیە، بەئارامی لە نێوان جەماوەرەکەوە تێدەپەڕن و ئەڕۆن بۆ لای مەهشید.

بەسەر ئەو دیمەنانەی سەرەوەدا دەنگی هاموون دەبیسرێت.

**دەنگی هاموون:** زۆر پێویستی بە بەهـ بەهـ کردن و پەسندی خەڵک بوو، ئەوان زۆر باش لەمەهشید تێدەگەیشتن، چونکە هەر شتێکی بێ مانای دەیکێشا پێیاندا هەڵدەگوت، ئەوان تێگەیشتوو بوون. مەهشید سەدجار تێگەیشتوویی و زانینیانی کوتابوو بە ناوچاومدا. ژیر ، تێگەیشتوو... ئەرێ ... هەر ئەمانە بوون دەستیان دا بەدەستی یەکەوە و منیان ئاوا لێکرد...

یەکێک لە هاوڕێکانی مەهشید لەناو جەماوەرەکەدا دەیبینێتەوە و پێی ئەڵێ:

**هاوڕێی مەهشید:** مەهشید گیان! پێنج تابلۆیان کڕییت .

**مەهشید:** کێ ؟

**هاوڕێی مەهشید:** بەڕێز عەزیمی .

عەزیمی چێکەکە ڕادەکێشێ و ئەیداتە بەرپرسی گەلەرییەکە، لەنێو جەماوەرەکەدا مەهشید هێشتا خەریکی گوێ گرتنە لە تەماشاوانەکان، مەهشید بە کچێک، کە هاتووە بۆلای و بۆ شوێنێکیتری بانگ دەکات ئەڵێ:

**مەهشید:** باشە دێم.

دایکی مەهشید خەریکە ئەڕوات، عەزیمی پاڵتاوە پێستەکەی ئەدات بە سەر شانیدا.

**دایکی مەهشید:** زۆر سوپاس، بۆ هەموو شتێک (ڕوو لە دەبیری) بەڕێز ! بە یارمەتیتان...

**دەبیری**: تکا ئەکەم... خواتان لەگەڵ...

**دایکی مەهشید** (بە عەزیمی): زۆر سوپاس، خواحافیز.

هاموون، لە سووچێکدا دانیشتووە و بە وردی سەیری دیمەنی خواحافزییەکە ئەکات، لە تەنیشتیدا سەلیمی دانیشتووە و قسە لەسەر تابلۆکان ئەکات.

**سەلیمی:** بەڵێ... چەشنێک سانتیمانتالیزمی ژنانەشی پێوەدیارە...

زەنگی تەلەفۆن لێدەدات، هاموون لەماڵەوە ئەڕوات بۆ لای تەلەفونەکە. تەلەفونەکە هەڵدەگرێت.

**هاموون:** ئەلۆ..(پاش وەستانێک، دەنگەکە دەناسێت) چۆنی کوڕە؟ (دەوەستێت و دەحەپەسێت)... مەسەلە چییە؟... دەی، باشە، خۆم دێم بۆ ئەوێ...

تەلەفونەکە دادەنێت. نیگەران و بێتاقەتە.

ئوتۆمبیلەکەی هاموون لە دوورەوە لە باخی گەورەی نەخۆشخانەی دەروونیدا دێتە پێشەوە و لەبەردەم بەشی دەروونی ـ جەستەییدا دەوەستێت.

هاموون دادەبەزێت و بە پەلە ئەچێتە پێشەوە، پرسیار لە کەسێک ئەکات.

**هاموون:** بەشی دەروونی ـ جەستەیی ئێرەیە؟

**نەخۆشێک:** بەڵێ.

هاموون ئەچێتە ناو بەشەکەوە، پیاوێکی پیری لەخۆگەڕاوە بە بیژامەوە بەرەو ڕووی دێت، سڵاوی لێدەکات و گوڵێکی پێدەدات، هاموون بە خۆشحاڵییەوە گوڵەکەی لێوەردەگرێت، بۆنی پێوەدەکات و تەوقەی لەگەڵ ئەکات، بەرەو پلەکان دەڕوات، برادەرەکەی کە پزیشکی دەروونییە ـ دوکتۆر فەرەهـوەشی ـ لە نهۆمی سەرەوە،

لە ناوەڕاستی دوو پەرستاردا بە پلەکاندا دێتە خوارەوە، دوکتۆر ئەڕوات بۆ ئەوپەڕی داڵانەکە.

**هاموون:** سڵاو

**دوکتۆر:** کوڕە سڵاو و ژەقنە. (هاموون بەدوایدا ئەڕوات) من لەوکاتەوە زانیومە مەهشیدت بردووە بۆلای ئەو دوکتۆر سەماواتییە گەمژەیە و ئەو لەمن بەباشتر ئەزانی، بەڕاستی شوێنێکی خراپم سۆڵایەوە...

**هاموون** (قسەکەی پێ ئەبڕێت): مەسەلەکە وانییە برا، من دەبێ داوای لێبوردنت لێبکەم، گوێ بگرە مەسەلەکە هیچ وا نییە. بڕوانە، مەهشید ئەوی پێشنیار کرد، پاشان دایکی...

**دوکتۆر:** مەهشید، دایکی...

**هاموون:** یانێ دایکی تەلەفۆنی کرد، دوکتۆر سەماواتیی پێناساندین، مەهشیدیش کە ئەیویست تاقیی بکاتەوە، چوو بۆ لای، بە گیانی تۆ من هیچ کارم بەسەر ئەم مەسەلەیەوە نەبوو...

**دوکتۆر:** کارت نەبوو؟

**هاموون:** هیچ

**دوکتۆر:** ژنتە، کەرە! ئەبێ کارت هەبێ.

**هاموون:** کوڕە من ئەوەندە گیرۆدەم ناتوانم سەرم بخورێنم...

**دوکتۆر:** گیرۆدەیی یانێ چی؟ ئەوە ژیانتە!

دوکتۆر دەچێتە ناو ژووری نەخۆشەکان، هاموون لە داڵانەکەدا لەگەڵ چەند نەخۆشدا چاک و چۆنی دەکات.

**نەخۆشێک** (ڕوو لە هاموون): سڵاو جەنابی ئەندازیار!

دوکتۆر فەرەهـوەشی هاموون بۆلای خۆی ڕادەکێشێ.

**دوکتۆر:** وەرە، وەرە ئەمەوێ شتێکت پێ بڵێم...

**هاموون:** بابە، تۆ ئەو خوا وازبێنە با من نەختێک بەو نەخۆشانەی

تۆ ڕابوێرم...

**دوکتۆر** (بە ئارامی و ڕاشکاوانە): لەگەڵ خوێڕی و شەقاوە زۆر هەڵسە و دانیشە ئەکەی... بە خۆت نازانی...

**هاموون** (بە سەرسووڕماوی ): چۆن ؟

دوکتۆر دەچێتە ناو ژووری نەخۆشەکان.

**دوکتۆر** ( ڕوو لە پەرستار): خانم وەزعی چۆنە ؟

**پەرستار** (لە تەنیشت قەرەوێڵەی نەخۆشێکدا): باشە جەنابی دوکتۆر، نیشانەکانی تەندروستیی کونترۆڵ کراوە، هەموو شتێکی ئاساییە، بەس لەبەر ئەوەی کە هیچی نەخواردووە، سێرۆمی پێوەیە.

هاموون بەرامبەر بە دوکتۆر وەستاوە. سەیری بۆینباخەکەی ئەکات. دەستی لێئەدات.

**هاموون:** بۆینباخەکەی منە؟

دوکتۆر وێڕای تەماشاکردنی دۆسیەی نەخۆشێکی دەروونی، ڕاشکاوانە بە هاموون دەڵێ:

**دوکتۆر:** ئەمەوێ شتێکت پێ بڵێم... یەکێک لە پەرستارەکانی ئێرە خزمی سکرتێرەکەی ئەندازیار عەزیمییە...

**هاموون** (ڕاشکاوانە): عەزیمییە گێج؟ دەی...

**دوکتۆر:** هەر ئەو خانووسازە چاتۆڵبازە، هەرچی هەیە...

**هاموون:** ئەو گووە ، دەی.

**دوکتۆر:** ئەمانە لەگەڵ دایکی مەهشید ئامەشۆیان هەیە. لە ماڵی یەکتر کۆدەبنەوە. بە شتێکی زانیوە.

**هاموون** (بە سەرسووڕماوی): دەی ، باشە چییە؟

**دوکتۆر:** کاتێک دایکی مەهشید تەلەفۆن دەکات بۆ من ئەڵێ تۆ شێت بوویت، دەبێ بتهێنم لێرە بتخەوێنم...

**هاموون** (بە سەرسوورِماوی): کێ ؟ تۆ یان من ؟

**دوکتۆر:** ... تۆ .

**هاموون:** یانێ دایکی مەهشید تەلەفۆنی کردووە کە من شێت بووم؟

**دوکتۆر:** ئەرێ، بۆ ئەوەی تۆ لێرە بخەوێنم با ئەوان پێکەوە خەڵوەت بکەن...

**هاموون** (جەخت دەکاتەوە): دایکی مەهشید تەلەفۆنی کردووە کە من...؟

**دوکتۆر:** من نازانم ئەمە هەستێکی خزمایەتی، کورِە پووری، برادەرییە، چییە؟ هەرچی هەیە. بابە یەکێک هەڵدە لەو ژنە و دەریکە ئیتر...

**هاموون** ( بە حاڵەتی پارِانەوە): بابە مەهشید چیی کردووە؟ ئێوەش واز ناهێنن ئیتر...

**دوکتۆر (راشکاوانە):** ئەمانە پێکەوە پێوەندییەکی نائەفلاتوونییان هەیە کەرە! دایکی مەهشید شەریکی عەزیمییە. عەزیمی ماڵی بۆدەکاتەوە. خەریکە دە یەکەی ئاپارتمانی بۆ ئەکاتەوە. لە خەو هەستە. دایکی، ئەو کابرایە عەزیمیی وەک مێردی داهاتووی کچەکەی دیاریکردووە.

**هاموون** (حەپەساوە): مەهشیدی من؟

دەنگی گۆرانیی یەکێک لە نەخۆشەکان لە دوورەوە لە هۆڵی شێتخانەکەدا دەنگ ئەداتەوە.

**دوکتۆر:** ئەرێ، ئەرێ، کەی تێئەگەی ؟

دوکتۆر ئەروات بۆلای نەخۆشێکیتر. عاقڵە پیاوێک لەسەر قەرەوێڵەکە دانیشتووە، بە هێمنی شیعر دەخوێنێتەوە.

**نەخۆش:** تاقیم کردەوە عەقڵی دوورئەندێش



لەمەولا چیتر خۆم دەکەم بە شێت... جەنابی دوکتۆر!...

**دوکتۆر** ( ڕوو لە نەخۆشەکە): وادیارە باشتری ، نە ؟

هاموون پەشۆکاو و تێکشکاو، بە هێواشی لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە.

**پەرستار:** وەزعی باشە جەنابی دوکتۆر...

دوکتۆر ئەڕوات بۆلای نەخۆشێکیتر، سەیری لیستی نیشانەکانی تەندروستیی ئەکات و لەژێر چاوەوە ئاگای لە هاموونە کە لە ژوورەکە دەچێتە دەرەوە.

هاموون لە ژوورەکە دێتە دەرەوە، ئالۆز و ڕەنجاوە، پاڵ دەدات بە دیوارێکەوە، بە ئارامی دەگری و هێدیٚ هێدی لە تەنیشت دیوارەکەدا دائەنیشێت.

دەنگی گۆرانی وتنی نەخۆشێک لە دوورەوە دێتە گویٚ.

**دەنگی گۆرانی:**

بەناز پەروەردەم کردی هەتا لەسات دانیشم
بۆ قورت کرد بە سەرما تا کەی ئازار بکێشم
لەبەر گوڵی ئەندامت دوای تیشکی هەتاو کەوتووم
باخەوانی بیٚ بەرات لەتاوی تۆ نەسرەوتووم

دوکتۆر فەرەهـوەشی دێت بۆلای هاموون، هاموون لای دیوارەکەدا چوارمشقیی داوە، پاپۆکەی خواردۆتەوە لە خۆیدا و ئەگری...

**دوکتۆر:** بۆچی ئەگرییت؟ هەستە، خۆ تۆ پیاوێکی بیٚعەقڵ نەبووی..

**هاموون** (بە گریانەوە): ئەوە ڕاستە ؟

**دوکتۆر:** ئەریٚ ڕاستە، حەز ئەکەی پەرستارەکە بانگ بکەم لای خۆتدا پێت بڵێت.

**هاموون:** نه .

**دوکتۆر:** من پێموایه پلانێکیان بۆ داناوی که تۆ مەهشید تەڵاق بدەیت و بڕوات شوو بەو بکات.

**هاموون** (قوڵپی گریان گەرووی دەگرێ): ئەوە ڕاستە؟

**دوکتۆر:** ئەرێ ڕاستە، هەستە بڕۆ لە نووسینگە چایەک بخۆرەوە تا من دێم، هەستە.

دەنگی گۆرانی وتنی نەخۆشەکە هێشتا بەردەوامە...

ئوتۆمبیلەکەی هاموون بەژێر پردێکدا تێدەپەڕێ، هاموون لێدەخوڕێ، چاوی تەڕە.. هەناسە هەڵدەکێشێ .

ئوتۆمبیلەکەی هاموون لە دوورەوە دەردەکەوێ، بەرامبەر بینای ماڵی خۆیان ئەوەستێت، هاموون لە پلەکانەوە دێتە خوارەوە، دەگاتە ناو حەوشەی گەورەی نێوان ئاپارتمانە سێ نهۆمییەکان، بەپەلە بە پلەکاندا سەرئەکەوێ، دەگات بە دراوسێیەک، وەڵامی سڵاوەکەی ناداتەوە، هاموون دەرگای ماڵەکە دەکاتەوەو دەچێتە ژوورەوە، بانگ لە مەهشید ئەکات.

**هاموون:** مەهشید.. مەهشید ...

دەرگای ژووری کاری مەهشید دەکاتەوە و بانگی ئەکات، لەوێ نییە، ئەگەڕێتەوە، ئەچێتە ناو چێشتخانەکە و لە دەرگایەکیتر (حەمامەکە) ئەدات و بانگی مەهشید ئەکات، مەهشید لەوێش نییە. کاتێک ئەگەڕێتەوە چاوی بە چەقۆیەکی گەورە ئەکەوێت کە لەسەر مێزی چێشتخانەکە لەناو بڕێک توێکڵە خەیار و گەڵای کاهوودا کەوتووە... لەناکاو هاموون دەبینێت کە چەقۆکە دەفڕێ و بەرەو ئەو دێت، ئاوڕ دەداتەوە و کاتێک سەیر دەکات، چەقۆکە وەک جاران بێ جووڵە کەوتووە، هاموون لە چێشتخانەکە دێتە دەرەوە،

چاوی ئەکەوێت بە بڕێک دڵۆپەئاو لەسەر عەرز و لەناو دەرگای ئاپارتمانەکەدا، بەرەو دەرگاکە ئەڕوات، لە دەرەوەش سەر عەرز و ناوپلەکان هەروا تەڕەو دڵۆپی ڕەنگ دەبینرێت، هاموون بە پلەکاندا سەرئەکەوێت، لەسەر بانە بەرینەکە چەند تەناف ڕایەڵ کراون و قوماشی ڕەنگاوڕەنگیان پێدا هەڵخراوە، مەهشید لە سووچێکەوە خەریکی ڕەنگکردنی قوماشەکانە. کەرەستەی ڕەنگکردن، پەرەمێز و تەشتی گەورەی پڕ لە ڕەنگ و چەند سەتڵ ئاو لە دەوروبەریدا دەبینرێن.

هاموون لەنێوان پەردە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە ئەڕوات بەرەو لای مەهشید، لەودیو پەردەیەکی شینەوە قسەی لەگەڵ ئەکات، دەنگیان نابیسرێت. بەڵام لەپڕ مەهشید بە تووڕەیی پەردەکە لائەدات و بەپەلە بەرەو دەرگای هەورەبانەکە ئەڕوات.

**مەهشید** ( بە تووڕەییەوە): درۆیە ! درۆیە !

هاموون دێتە پێشەوە، دەستی ئەگرێت و بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێ.

**هاموون:** وەرە با من بە تەلەفۆنێک پێتی بسەلمێنم کە ڕاستە.

مەهشید و هاموون تێکهەڵدەچن ... پاڵ بە یەکترەوە دەنێن، مەهشید ئەیەوێ بڕوات و هاموون ناهێڵێ، هەردووکیان دەقیڕێنن.

**مەهشید:** ژیانت لێ‌تێکداوم...

**هاموون:** مەقیڕێنە...

**مەهشید:** نەفام !

**هاموون:** دەمت داخە !

**مەهشید:** نەفامی گوێ ڕایەڵ ! هەرکەس هەرچی ئەڵێت بڕوای پێئەکەی، لا لەبەرچاوم. بێزارم لێت...

مەهشید تووشی هیستریک بووە، ئەقیژێنێ و هەرچی دەستی

ئەیگاتێ بۆ هاموونی دەهاوێژێ، چنگی لە پەردەکانی سەر تەنافەکە دەئاڵێنێ و دایاندەگرێت، هاموون بە تووڕەییەوە شەقێک لە تیانەیەکی گەورەی پڕ لە ڕەنگ هەڵئەدات و ڕەنگی شین دەپڕژێت لە سەرتاپای مەهشید.

**مەهشید** (دەقیژێنێ): بەسە، بەسە ئیتر ... تێیهەڵدە خراپی کە... (خۆی ئەگەیەنێتە قەراخ بانەکە) لێمگەڕێ، با خۆم بخەمە خوارەوە، لێمگەڕێ ...

مەهشید بەڕاستی ئەیەوێ خۆی بخاتە خوارەوە، هاموون تۆقاوە، ئەیگرێت و ئەیکێشێتە دواوە و چەند زللەی تێدەسرەوێنێت... بەهۆی هاتوهاواری مەهشیدەوە چەند کەس لە دراوسێکان دێنە سەربان. پیاو و ژن و منداڵ ڕائەکەن بۆ لایان.

**پیاوێکی دراوسێ:** چی بووە ؟ چی ئەکەی؟ کاکە لێیگەڕێ ؟

پیاوی دراوسێ، هاموون لە مەهشید جیا دەکاتەوە و بۆ دواوە بەرەو هەورەبانەکە پاڵی پێوەدەنێت.

**هاموون:** تکا ئەکەم بەڕێز ئێوە کارتان نەبێ. ڕاوەستە کاکە، شێت بووە، ئەیەوێ خۆی بخاتە خوارەوە...

**پیاوی دراوسێ:** بڕۆ کاکە گیان، بڕۆ دەی ، بڕۆ ئەو ژنەت کوشت، بڕۆ...

مەهشید دانیشتووە و بەدەنگی بەرز دەگری، ژنێکی دراوسێ و چەند منداڵێک دەوریان داوە، ژنی دراوسێ هەوڵدەدات هێوری بکاتەوە، مەهشید بە گریانێکی هێواشەوە دەڵێ.

**مەهشید:** لێمگەڕێن.. لێمگەڕێن...

جادەی کاشان. هاموون خەریکی لێخوڕینی ئوتۆمبیلە، جادە چۆڵ و هۆڵە، بیرهێنانەوەی ئەو یادەوەرییەی سەرەوە زۆر کەنفت و بێزاری کردووە.

**دەنگی هاموون:** لەبیر کە... لەبیری کە... لەبیری کە....

لە کووچە و کۆڵانە کۆن و سەرگیراوەکانی کاشاندا هاموون دەبینرێ کە ساکەکەی داوە بە کۆڵیدا و جانتایەکی قورسی بەدەستەوەیە و بەچەند کۆڵاندا تێدەپەڕێت و لەبەر دەرگای ماڵی "عەلی عابدینی"دا ئەوەستێت.. لەدەرگاکە ئەدات، پیاوێکی پیر ئەیکاتەوە.

**میرزا ئاغا:** سڵاو .

**هاموون:** سەلامون عەلەیکوم میرزا ئاغا ! شکور باشی؟ میوانتان ناوێ ؟

**میرزا ئاغا:** نۆکەرتم. بەقوربان. بەساقەت بم. پێڵاوی میوان...

**هاموون:** عەلی لەماڵە ؟

**میرزا ئاغا:** عەلی لەماڵ نییە باوکم.

**هاموون:** ئەی داد ! لەکوێیە؟

**میرزائاغا:** عەلی چووە بۆ تاران.

**هاموون:** تاران ؟

**میرزا ئاغا:** بەڵێ، دوو ڕۆژە چووە بۆ تاران... باشە عەلی نییە خۆ خۆمان هەین، فەرموو.

**هاموون:** نە سوپاست ئەکەم... گیرۆدەم ئەبێ بڕۆم، ئەبێ بڕۆمەوە...

**میرزا ئاغا:** باشە عەلی نەبێ کێشە نییە.. وەرە ماڵەوە...

**هاموون:** نە ئیتر... سوپاس... خواحافیز.

**میرزا ئاغا:** بەقوربانت بم... خوات لەگەڵ.

هاموون دەڕوات.

لەدوورەوە ئوتۆمبیلەکەی هاموون لە شەقامێکی بەریندا دێتە پێشەوە و پێچ دەکاتەوە بۆناو شەقامێکی لاوەکی بەرەو "مەزارگەی شازادە ئیبراهیم"، ئوتۆمبیلەکەی هاموون لەبەردەم مەزارگەدا دەوەستێت و هاموون دەچێتە ژوورەوە.

باخێکی گەورە، حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاو. بینایێکی کۆنی کاشیکاری و ئاوێنەبەند... هاموون ئەوەستێت، لە دوورەوە سەیری مەزارگەکە ئەکات... پاشان لە حەوزەکە ورد ئەبێتەوە سەیری سنەوبەرە بەرزەکان ئەکات.

**دەنگی هاموون:** بۆچی ناتوانم لەبیری بکەم؟

وێنەی مەهشید لەناو ئاوی حەوزەکەدا ئەبینرێت و پاشان خودی مەهشید .

مەهشید پێخاوست لقی دارێکی گرتووە بەدەستەوە و لە ماسییەکانی ناو حەوزەکەی ئەدات و پێدەکەنێ... کەیفی پێدێ... عەلی عابدینی و هاموونیش لە مەزارگەکەدا دەبینرێن.

**دەنگی هاموون** (بەردەوامە): بۆچی ناتوانم لەبیری بکەم؟ کەی بوو؟ دوو ساڵ لەمەبەر؟ سێ ساڵ لەمەوبەر؟ من خۆ ئیتر حسابی ساڵ و ڕۆژم لەدەست دەرچووە، لەگەڵ عەلی و مەهشید هاتبووین بۆ ئێرە... عەلی تازە منی بە مەسەلەی ئیبراهیمەوە سەرقاڵ کردبوو، لێمپرسی بۆچی ئەڵێن ئیبراهیم باوکی ئیمانە ؟ بۆچی ئەڵێن ئیبراهیم (خلیلوڵلا ) ؟

عەلی بەرامبەر دەلاقەی نهۆمی سەرەوەی مەزارگەکە دانیشتووە، سیمایەکی ئارام و لەخۆگەڕاوەی هەیە.

**عەلی:** جنوونی ئیلاهی..

**هاموون:** یانێ چی؟

**عەلی:** دەی خۆ ئەزانی... لە ڕوانگەی یۆنانییەکانەوە ئیمان جنوونێکی ئیلاهی بوو، ئیمان تەژییە لە عەشق...
**هاموون:** ئەوە کەی عەشقە؟ ئەو باوکێکە کە ئازیزترین کەسی خۆی دەکوژێ! ئەوە عەشقە ؟

لەناو مەزارگەکەدا و بەرامبەر دیوارە ئاوێنەبەندەکان، عەلی خۆی لە ئاوێنەیەکی شکاودا سەیر ئەکات و دواتر لادەکات بەلای هاموونەوە.
**هاموون:** ئەگەر ئیبراهیم خۆی بکوشتایە... یانێ بڕیاری بدایە خۆی بکوژێت... یان کەسێکی‌تری بۆ قوربانیکردن لەباتی ئیسماعیل هەڵبژاردایە، یان ئەگەر گومانی بکردایە، یان گوێدرێژەکەی بادایەتەوە، پەشیمان بووایەتەوە، سکاڵای بکردایە بەرامبەر خواکەی و ئەگەر، ئەگەر، ئەگەرو ئەگەرەکانی‌تر، خۆ ئیتر باوکی ئیمان نەبوو... کەسێک بوو وەک من و تۆ...
وێنەی دەستی عەلی کە دەقی ئینگلیزیی کتێبی "ترس و لەرز" ی "کیر کەگۆر" ئەدات بە دەست هاموونەوە.
**هاموون:** ئێ ! "ترس و لەرز"ی کیر کەگۆر !

هاموون لە ماڵەکەی دەبیریدا، هەر خەریکی فلچەکێشانی پارکێتەکانە، سەیری کاتژمێرەکەی ئەکات و بە پەلە سەتڵی ئاوەکە هەڵدەگرێت و دەکەوێتەڕێ.

ئوتۆمبیلەکەی هاموون بە شەقامێکی قەرەباڵغدا دەڕوات، دەنگی پێشکەشکاری ڕادیۆ (بەرنامەی سڵاو، بەیانی باش) هەواڵێک سەبارەت بە ڕووداوەکانی هاتوچۆ دەبیسرێت، سەرهەنگێکی پۆلیسی هاتوچۆ لەوبارەوە قسە ئەکات. هاموون بە خێرایی درێژە

بە ڕێگەکەی ئەدات و بەناو ئوتۆمبیلەکاندا تێدەپەڕێت.

**سەرهەنگ لە بەرنامەی ڕادیۆدا:** کەسانێک هەن کە هەتا دواساتی کارەسات، بە مەترسییەکان نازانن... کەوایە شۆفیرە بەڕێزەکان ئاگادار بن...

هاموون دەچێتە ناو شەقامێکی تەسک و تاڕادەیەک چۆڵ و دەگات بە ئوتۆمبیلەکەی "جەعفەری" ی هاوکاری، بەدەم ڕۆیشتنەوە پێیئەڵێت:

**هاموون:** سڵاو دایەگیان! بۆکوێ بەم پەلەپەلە؟ دایە جەعفەری، گەراج ئەمڕۆ هی منە ها.

**جەعفەری** (بەدەم لێخوڕینەوە): ئۆهۆ.. خۆ تۆ دوێنێ بردبووتە ناو گەڕاج...

**هاموون:** خۆ من دوێنێ هەر لێرە نەبووم .

**جەعفەری:** دەی جا با نەبووبی...

**هاموون:** ئەوە ئەڵێی چی تووتکە سەگ؟

**جەعفەری:** دەی کە مادەم وایە، ڕاکە بێ بە دوامدا....

جەعفەری گازی دەداتێ و لە ئۆتۆمبیلەکەی هاموون پێش دەکەوێت و دوور ئەکەوێتەوە.

**هاموون:** بوەستە، بوەستە ناپیاو...

هاموون بەپەلە دوای ئەکەوێت. یەک دوو جار خەریکە لە پاسێک و ئوتۆمبیلێکیتر بدات کە بەرەوڕووی دێن.

**هاموون** (لەبەرخۆیەوە): ئەگەر من تۆ نەگرمەوە...

بەرەبەرە هاموون لە ئوتۆمبیلەکەی جەعفەری نزیکئەبێتەوە. گەیشتوونەتە کۆتایی شەقامەکە، بەردەم کۆلیژی زانستی کۆمەڵایەتی، جەعفەری دەپێچێتە بەردەم هاموون، بەجۆرێ کە هاموون ناچار دەبێت بچێتە ناو حەوشی کۆلیژەکەوە، جیرەی ستۆپ و وەستان

بەرز دەبێتەوە.

هاموون بەپەلە گێڕ دەگۆڕێت. چەند خوێندکارێک لە ترسان خۆیان لادەدەن، دەنگی لێ هەڵدەبڕن. هاموون سەروتا ئەکات و ئەچێتە ناو شەقامێکیتر و هەر هەوڵئەدات خۆی بگەیەنێتەوە بە جەعفەری. بەڵام جەعفەری لەو زووتر ئەچێتە ناو گەڕاجی بیناکە. هاموون لە بەردەم گەڕاجەکەدا، ئۆتۆمبیلەکەی ڕادەگرێت.

**هاموون** (بە تووڕەیی): تف، ئەی من ئێستا لەکوێ بیوەستێنم؟

هاموون لە دەرگای بینایەکی گەورەی ئیدارەی (ڕێکخراوەی بەرنامە) ـەوە بەپەلە دەچێتە ناوەوە، درەنگ کەوتووە، بە پلەکاندا سەردەکەوێت و ئەچێتە ناو دالآنی دووردرێژی نهۆمی دووهەم و بە پەلە ئەڕواتە ئەوسەری دالآنەکە و سەرەنجام ئەچێتە ژوورەکەی خۆی، بەسەر دەرگای ژوورەکەوە نووسراوە: کاروباری نێودەوڵەتی، هاموون لە پشت مێزی کارەکەیەوە دائەنیشێت و هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵدەکێشێ، سەر مێزەکە داپڕاوو پڕە لە کتێب و کاغەز و ڕۆژنامە و چەند فەرهەنگێکی ئەستوور، پاش ماوەیەک چایچی چا دەهێنێ و سلآوێک لە هاموون دەکات، هاموون ئاڵۆز و پەرێشانە، چاویلکەکەی ئەکاتە چاوی و ڕۆژنامەیەک لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت، دەیکاتەوە و سەیری سەردێڕەکانی ئەکات:

**سەردێڕی ڕۆژنامەکە: وتووێژ لەنێوان سەرانی ئەمریکا و سۆڤییەتدا ئەمڕۆ لەسەر ناوی دوو گەمیەی جەنگیدا دەستپێدەکات.**

کامێرەکە دەسووڕێت و لەسەر سەردێڕێکیتر ئەوەستێت: «**پاکستانییەکانیان لە لوبنان سەربڕی، تۆمەتی ئەو تاوانە ترسناکە خراوەتە پاڵ زایۆنیستەکان.**»

سەردێڕی سەربڕانی پاکستانییەکان سەرنجی هاموون ڕادەکێشێ،

چاو دەبڕێتە سەردێڕەکە، لە جانتاکەیدا دەفتەرێکی یاداشت دەردەهێنێ، ئەیکاتەوە و دەستئەکات بە نووسین.

وێنەی پێنووس و نووسراوەکە.

**دەنگی هاموون:** چەند شەو لەمەوبەر خەونم بینی کە لە سەرداوێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا لەسەر تاشەبەردێک، برینداریک کەوتووە، کۆمەڵێک نەشتەرگەر و پەرستار لە دەوری کۆبوونەتەوە...

**دیمەنی خەونەکەی هاموون:** هاموون لە شەقامێکی چۆڵ و هۆڵ، کۆن و سەرگیراودا ـ وەک تاریکە بازاڕ ـ هێور و هێواش دێتە پێشەوە، بەرگێکی ڕەشی لەبەردایە... لە حیجلە٤یەک نزیک ئەبێتەوە، ئەوەستێت و وێنەی خۆی ئەبینێت کە لە ناو ژومارێک گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگەوە سەیری ئەم ئەکات. هاموون بە پلە بەرزەکانی سەرداوێکی تەنگەبەردا ئەچێتە خوارەوە... ئەگاتە شوێنێکی بەرین، لە کۆتایی سەرداوەکەدا، لەبەر ڕووناکیی کۆمەڵێک مۆمدا، تاقمێک نەشتەرگەر و پەرستار دەوری نەخۆشێکیان داوە کە لەسەر تاشەبەردێک کەوتووە و خەریکن نەشتەرگەریی بۆ ئەکەن. لەناو ئەو ئاپۆرەدا، سیمای دەبیری، سەلیمی، سەماواتی، فەرەهـوەشی، مەهشید و تەقەوەی ئەبینرێت... سنگی نەخۆشەکەیان هەڵدڕیوە و هەموویان بە وردی خەریکی نەشتەرگەرین، لە درزی سنگییەوە، بڕێک شت دەرئەهێنن و ئەیخەنە چەند سەتڵێکی ئاسنینەوە.

دەبیری ( ڕوو لە پەرستار): کەتان...

مەهشید کەتانەکە دەئاخنێتە ناو برینەکە و لەناو سەتڵێکی ئاسنیدا ئەیگوشێت و خوێنی بریندارەکە ئەچۆڕێنێتەوە... هاموون ئەگاتە سەر تەرمەکە، سەیری ئەکات، تەرمەکە خۆیەتی، بەسەرسووڕماوی بۆ دوکتۆرەکان ئەڕوانێت و دووبارە خۆی ئەبینێت کە بە جلی نەشتەرگەرییەوە لەناو ئەوانیتردا وەستاوە. هاموون

دەنگێک ئەبیستێت، لە سەروو سەرداوەکەدا سێ کورتەباڵا بە جلوبەرگی سەدەی شانزەهەمەوە دەستیان بۆ هاموون بەرزئەکەنەوە و دەنگەدەنگ ئەکەن. یەکێکیان لەناو کڵاوەکەی خۆیەوە، پارچە گۆشتێک لەشێوەی دڵ دەرئەهێنێ و پیشانی هاموونی ئەدات، دوو کورتەباڵاکەیتر ئەیانەوێ پارچە گۆشتەکەی لێبستێنن، ئەکەونە دوای یەکتر و هەر بەدەم دەنگ و هەراوە دوور ئەکەونەوە.

هاموون لە چاخانەیەکی قەرەباڵغی پڕ لە دووکەڵی کەبابدا، بەجلێکی ڕەش و حاڵەتێکی مەنگەوە هەنگاو ئەنێت.

سێ کورتەباڵاکە لەسەر سەکۆی بچووکی قاوەخانەکەدا، لەبەردەم سندووقێکی گەورەی موزیک (جۆک باکس) دا خەریکی سەماکردنن، مشتەریی چاخانەکە هەموویان پێئەکەنن، هاموون لەناو ئەواندا بە دۆشداماوی و سەرسووڕمانەوە هەنگاو ئەنێت، ساتێکیتر خۆی ئەبینێت کە لەپشت مێزەکەوە بەرامبەر بە مەهشید دانیشتووە، کەباب ئەخۆن و کەیفخۆشن، هاموون ڕەشپۆشە، ئەچێتە پێشەوە، ئاوڕ ئەداتەوە و بەرامبەر بە مەهشید ئەوەستێت، مەهشید دەموچاوی نییە، ڕووخساری یەکسەر سپییە.

گەڕانەوە بۆ ڕاستی و وێنەی دەفتەری یاداشتەکە. هاموون هێشتا خەریکی نووسینە.

جەعفەری دێتە ناو ژوورەکەی هاموون.

**جەعفەری:** هاموون! بەڕێز تەقەوی ڕاپۆرتی بانکەکان و ڕێکخراوەکانی بیمە و چی و چیی دەوێ.

**هاموون:** (بە ئاگا دێتەوە وەک لەخەو هەستابێ) : ها ؟ لای خۆیەتی.

**جەعفەری:** ڕاپۆرتی سێ مانگەی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی ئەڵێم.
لەسەر مێزەکە، لەناو فایلەکان و لە ناو چەکمەجەکاندا بۆ ڕاپۆرت ئەگەڕێت.

**هاموون:** " ئێکافە٥ " ؟

**جەعفەری:** ئێکافە؟ ها! لەکوێت داناون؟

هاموون دەستی ئەخاتە سەر تەوێڵی، بە نیشانەی داخ و مخابن...

**هاموون:** ئێکافە، ئاخ.. ئاخ.. ئاخ...

جەعفەری لەناو فایلەکاندا ڕاپۆرتی ئێکافە ئەدۆزێتەوە، هەڵیئەگرێت و بەرەو دەرگاکە ئەچێت.

**جەعفەری:** خۆ ئیمزات کردووە؟

**هاموون :** نە،

**جەعفەری:** دەی بۆچی ؟

**هاموون:** هێشتا نەمخوێندۆتەوە.

**جەعفەری:** بابە، تەقەوی سێ هەفتەیە چاوەڕوانە، تۆ هێشتا ئەمەت نەخوێندۆتەوە؟

**هاموون:** دەرفەتم نەبوو بەقوربان، نەمتوانی، زۆرگیرۆدە بووم، خۆ ئەزانی باری دەروونیم باش نییە، مەهشید چووە دادگای لێگرتووم، ناتوانم بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە، ئێستەش داوای تەڵاق ئەکات...

جەعفەری (بە پەژارەوە): بەڕاستیتە؟

**هاموون:** بە گیانی تۆ، هەر ئەمڕۆ دادگاییمان هەیە.

**جەعفەری:** کەوایە وەزعت زۆر تەواوە!

تەلەفۆنەکە زەنگ لێئەدات، هاموون تەلەفۆنەکە لەنێوان کاغەزەکاندا ئەدۆزێتەوە و هەڵیئەگرێت.

**هاموون:** ئەلۆ، بەڵێ، سڵاو (وەستانێک)، تکا ئەکەم (وەستانێک)،

من ئێستە خۆم دێمە خزمەتیان...
هاموون هەڵئەسێتەوە.
**هاموون**( ڕوو لە جەعفەری): کاکە من ئەبێ خۆم بڕۆم بۆلای...
**جەعفەری:** بڕۆ فشەیەک بکە. خۆ تۆ باشی لێئەزانی .
هاموون ( بە ئاماژە بۆ دۆسیەی ئێکافە): ئاخر من ئەمەم نەخوێندۆتەوە.
جەعفەری کتێبێک ئەگرێت بە دەستییەوە و ئەپرسێت:
**جەعفەری:** تۆ Uncertainty Principle ئەکەی بەچی؟
**هاموون** (ڕاشکاوانە): ؟ Uncertainty Principle نەبوونی دڵنیانەبوون، بیکە بە "ناڕوونی"
**جەعفەری:** بێ متمانەیی چۆنە؟
**هاموون:** نە، هەر بیکە بە " ناڕوونی "
**.جەعفەری:** ئەبێ بە نەبوونی متمانە؟
**هاموون:** نە دەی " ناڕوونی "، ئەمە بە واتای بێتوانایی زەینی مرۆڤیش دێت. واتە ئەڵێت: هەموو جیهانی "بوون" یان دیاردەکانی دەرەوە... بڕوانە ئەڵێت بچووکترین گەردیلەکان هێشتا ڕوون نییە چین، شەپۆلە؟ گەردیلەیە؟ ڕۆحە؟ مادەیە؟ (فەرهەنگەکە ئەگرێت بە دەستیەوە)، ئێستا با بزانم دەریابەندەری٦ چی ئەڵێت، ئاشووری٧، عینایەت٨ چی ئەڵێ...
**جەعفەری:** هەر ئەوە دەی.
هاموون: "ناڕوونی"، ها! چییە؟ (هاموون ئاماژە ئەکات بە کتێبەکەی دەستی جەعفەری)، تۆ هێشتا گیرۆدەی فەلسەفە و فیزیای؟ تێیدا ماوی دایە گیان؟ وەکوو کەر لەقوڕ چەقیوە، کابرای کەر!

**جەعفەری** (بە گاڵتەوە): بڕۆ.. بڕۆ.. دەم و فلّچت بەرە بەولاوە.

هاموون لە دالآنی ڕێکخراوەی بەرنامەدا بەرەو ژوورەکەی تەقەوی دەچێت، بەدەمڕێوە ڕاپۆرتەکەی "ئێکافە" ئەخوێنێتەوە.

**هاموون:**... دوکتۆر موهاجیران و ئەوانی‌تر کاتژمێر دە و سی خولەک کۆبوونەتەوە...

هاموون لاپەڕەی ڕاپۆرتەکە هەڵئەداتەوە، ئەگاتە نووسینگەی تەقەوی و ئەچێتە ژوورەوە.

**هاموون:** ڕێزدار خانمی وەکیلی، سەلامون عەلەیکوم.

**سکرتێر:** سڵاو، دیار نیت بەڕێز هاموون؟ جەنابی تەقەوی چاوەڕێت بوو.

خانمی وەکیلی لە پشت مێزەکەیەوە هەڵئەسێت و دەرگایەک ئەکاتەوە، دەنگی قاقا و پێکەنینی تەقەوی دێت کە بە تەلەفۆن، بە زمانی ئەڵمانی قسە ئەکات، هاموون هەروا خەریکی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکەیە...

**سکرتێر** (ڕوو لە هاموون): فەرموو بڕۆ ژوورەوە بەڕێز هاموون..

هاموون دەچێتە ژوورە گەورەکەی تەقەوی، تەقەوی لە پشت مێزێکەوە لەسەر کورسییەکەیدا پاڵی داوەتەوە و دەسووڕێتەوە و هەروا بە زمانی ئەڵمانی قسە ئەکات و پێدەکەنێ.

**تەقەوی** (ڕوو لە هاموون): سڵاو (درێژەی قسەکەی لە تەلەفۆنەکەدا) .

تەقەوی تەلەفۆنەکە دادەخات و لە پشت مێزەکەیەوە دێتە ئەملاوە و دێت بۆ لای هاموون.

**تەقەوی:** ئەرێ باشە تۆ لەکوێی؟ خۆ تۆ قەت لە دایرە نیت، دێر دێیت، هەر نایێت. هەرکاتێکیش ئەنێرم بەدواتدا دوو سەعاتی

پێدەچێ تا تەرمەکەت بگات. (ڕاپۆرتەکە لە هاموون وەرئەگرێت)، بمدەیە ئەو ڕاپۆرتە ( لاپەڕەکانی هەڵئەداتەوە و سەیری دوایین لاپەڕەی ئەکات)، ئەمە خۆ هێشتا ئیمزا نەکراوە؟

**هاموون:** لەبەر ئەوەیە کە گشتیم نەخوێندۆتەوە.

**تەقەوی:** ئاخر بۆچی؟

**هاموون:** ... گیرۆدە بووم قوربان.

**تەقەوی:** گیرۆدە بووم، گیرۆدە بووم، ئاخر ئەوەش بوو بە قسە کوڕی باش؟ گیرۆدە بووم، دەی هەمووومان گیرۆدەین، دەی یانێ تۆ بەڕاستی نازانی ئەم ڕاپۆرتەی ئێکافە چ بایەخێکی هەیە بۆمان؟ چەن هەستیارە؟ کوکسۆ ویشن، بەڕاستی نازانی لەباری ئابوورییەوە یانێ چی؟

هاموون لەسەر مۆبلەکە دائەنیشێ.

**هاموون:** یانێ کەڵک وەرگرتن لە هەقدەستی هەرزانی کرێکار لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، یانێ داسەپاندنی کەلوپەلی بازاڕیی و بەکەڵک نەهاتوو کە ئیتر بەرهەمهێنانی بۆ خۆیشیان سوودبەخش نییە.

**تەقەوی** (بەتەشەرو تووڕەییەوە): واز لەو کۆنەپەرستییە کەڕوو هێناوەت بێنە بەدبەخت، بزانە کۆریا خەریکە بەرەو کوێ ئەڕوات؟ ئەندۆنیزیا بۆ کوێ ئەڕوات؟ تایوان بۆ کوێ ئەڕوات؟

**هاموون:** بۆ کوێ ئەڕۆن؟ ئاخر بە چی گەیشتوون؟ عەهـ! ڕێک وەک کۆمەڵێ قالۆنچە و مێروولە لە زەلکاوی تەکنیکدا هەر پەلەکوتێیانە، هەموویشی لەپێناوی ئەو زکە خاوەن تۆپیوەدایە، ئاسوودە پاڵیان داوەتەوە... مەعنەوییەت چیی لێهات بەدبەخت؟ عەشق چیی بەسەرهات؟

**تەقەوی:** بڕۆ سەیری سۆنیاکان بکە، هیتاچییەکان، سوزووکییەکان،

میتسۆبیشییەکان، کۆنیکاکان، تووشیباکان...(بەرەبەرە دەنگی تەقەوی گڕتر ئەبێت و بە زمانی ژاپۆنی قسە ئەکات)، ئاکایی یە یۆکە. کۆنیکائە یۆکە...

هاموون سەیری نووسراوەیەکی ژاپۆنیی سەر دیوارەکە ئەکات و کاتێک بۆ تەقەوی ئەڕوانێتەوە، لە خەیاڵیدا ئەو بەرەبەرە ئەچێتە سەر ڕواڵەتی سەردارێکی سەردەمی کۆنی ژاپۆنی، بە کڵاوخودێکی شاخدار و زرێ و ئاڵایەک بە پشتییەوە، کە بەرەوڕووی ئەم وەستاوە و حاڵەتێکی تووڕە و هەڕەشەکەرانەی هەیە و بەردەوام بە زمانی ژاپۆنی جنێوی پێئەدات « شیرەمۆنە »... هاموون بە سەرسووڕمانەوە سەیری ئەکات، تەقەوی لە ناکاو شمشێرەکەی لە کێلان دەردێنێ و هەوا شەق دەکات و شەق لە عەرز دەدات.

هاموون شەکەت و وەڕس ئاماژە بۆ دەرگاکە ئەکات... هەردوو تای دەرگای گەورەی ژوورەکەی تەقەوی، لەخۆوە ئەکرێتەوە و لەوسەری داڵانەکەی بەرامبەردا، لەناو تەمومژێکی شینەوە، جەعفەری بە جلوبەرگی ڕەشی سەردارێکی ئێرانیی سەدەی دەیەمەوە، دەرئەکەوێت کە بە ئیسکەیتەوە بەسەر عەرزەکەدا دەخزێت و ئەگات بە تەقەوی و بەدەوریدا ئەسووڕێتەوە، تەقەوی هەروا بۆڵەبۆڵ ئەکات و بەجنێودان بە شمشێرەکەی هەڵمەت لە جەعفەری ئەدات، بەڵام جەعفەری بەئاسانی خۆی لە هەڵمەتەکانی تەقەوی لائەدات و ... پاشان بەدەوری خۆیدا ئەسووڕێتەوە، شمشێرەکەی لە کێلان دەردێنێ و بە زەبرێک، سەری تەقەوی ئەپەڕێنێ، خوێن لە ئاوێنەکە ئەپژێت و سەری تەقەوی بە کڵاوخودەکەیەوە، توند ئەدات بەسەر مێزەکەدا، گلێر ئەبێتەوە و ئەوەستێت، هاموون بە حەپەساوی و بە ترسەوە لە سەری بڕاوی تەقەوی وردئەبێتەوە، سەرەبڕاوەکە زیندووە و لەحاڵێکدا کە فرمێسک بە چاویدا دێتە خوارەوە، بە

ئاوازێکی تایبەت ئەم شیعرە کۆنە ژاپۆنییە ئەخوێنێتەوە.

**تەقەوی** ( بە ژاپۆنی): تەنانەت پەنجا ساڵ تەمەنی مرۆڤیش
لە چاو تەمەنی ئەم جیهانە
چەن کورتە....
ژیان خەونە ، وەهمە
خەڵاتێکە کە تاهەتایی نییە...

بە دەنگی زەنگی تەلەفۆنەکە، هاموون بە ئاگا دێتەوە، تەقەوی کە هێشتا بە ژاپۆنی قسە ئەکات، بەرەو تەلەفۆنەکە ئەڕوات و بەرزی ئەکاتەوە.

**تەقەوی** (بە سکرتێرەکەی): بەڵێ، ئاخ ( بە ئەڵمانی) زیند زی واس، یاوڵ (بە هاموون) بۆ کوێ بەڕێز؟

**هاموون:** دێمەوە..

هاموون لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە.

**تەقەوی** ( بە تەلەفۆن): ناتۆرلیش . ئیسن ویر زو زامن....

لە داڵانی ئیدارەکەدا جەعفەری ئەگات بە هاموون.

**جەعفەری**: دەی چی بوو؟ ئیمزات کرد؟

**هاموون**: نە ،

**جەعفەری:** ئۆغربێ ، بۆ کوێ بەم پەلەپەلە؟

**هاموون:** بۆ دادگە.

**جەعفەری**: یانێ ئەوەندە تاوانەکەت قورسە؟

جەعفەری تەوقەی لەگەڵ ئەکات و دوور ئەکەوێتەوە.

**هاموون:** خواحافیز...

عەلی کوڕە بچووکەکەی هاموون، لەگەڵ ڕاهێنەرەکەی لە باخچەی ساوایان دێنە دەرەوە، کۆمەڵێک منداڵی بچووک خەریکی یاریکردنن،

عەلی لە پلەکانەوە دێتە خوارەوە و خۆی ئەگەیەنێتە لای هاموون کە دانەویوە و ئەیگرێتە باوەش.

**ڕاهێنەر**: سڵاو بەڕێز هاموون.

**هاموون:** شوکور باشی؟

**عەلی** (بە هاموون): جەنابت دەمێکە دیارنیت.

**هاموون:** گیان !

هاموون چەند نوقڵێک ئەدات بە عەلی.

**عەلی:** ئەمانە چییە؟ ئەی سێ‌چەرخەکەم کوا؟

**هاموون**: ئاخ ! (ڕوو لە ڕاهێنەرەکە)، لەبیرم چوو سێ‌چەرخەکەی بۆ چاک کەمەوە، (بە عەلی) وەرە وەرە بڕۆین بۆلای سێ‌چەرخەکەت، لە ماشینەکەدایە، (ڕوو لە ڕاهێنەر) چەند دەققەیەک لەگەڵی ئەڕۆم.

**ڕاهێنەر:** تکایە فەرموو.

هاموون و عەلی (لە باوەشیدا) لە حەوشی باخچەی ساوایانەوە ئەچنە شەقامێکی باریکی پڕ لە درەخت و بەرەو ئوتۆمبیلەکەی هاموون...

**هاموون:** تاقەتم چووبوو بۆت (عەلی دەسکاریی چاویلکەکەی هاموون ئەکات)، چاویلکەکەم بەردە چاوەکەم، (عەلی ماچ ئەکات).

هاموون ئەچێت بۆلای ئوتۆمبیلەکەی، سندوقی دواوەی ماشینەکەی ئەکاتەوە، سێ‌چەرخەکەی عەلی و شتەکانی دەردێنێ.

**عەلی:** ئەتەوێ چاکی بکەیتەوە؟

هاموون سێ‌چەرخەکە دائەنێت و بە دەنگێکی منداڵانە ئەڵێ:

**هاموون:** ئەرێ ، ئێستە چاکی ئەکەمەوە بۆت، گەمەی پێبکەیت...

**عەلی:** چاکت کردەوە؟

**hاموون**: ئێستە چاکی ئەکەمەوە، ئەرێ .

لەوسەری شەقامەکەوە ڕینۆ سپییەکەی مەهشید دەرئەکەوێت کە دێتە پێشەوە و لە بەرانبەری باخچەی ساوایاندا ئەوەستێ، مەهشید دائەبەزێ و ئەڕوات بۆ لای عەلی و hاموون.

**مەهشید**: عەلی گیان! عەلی ! لێرە چی ئەکەی؟

عەلی لە باوەش ئەگرێت و بێئەوەی گوێ بە hاموون بدات لەگەڵ خۆی ئەیبات.

**عەلی** (بە مەهشید): دایە! من سێچەرخەکەمم ئەوێ.

**مەهشید:** بۆت ئەکڕم کوڕەکەم.

مەهشید عەلی لەسەر کورسی دواوەی ئۆتۆمبیلەکە دائەنێ، خۆی ئەچێتە پشت ڕۆڵەکەوە و ئەکەوێتە ڕێ، hاموون وەستاوە و بۆیان ئەڕوانێ.

ئوتۆمبیلەکەی مەهشید بە بەردەم hاموندا تێئەپەڕێ و دوور ئەکەوێتەوە، عەلی لەودیو شوشەی ئوتۆمبیلەکەوە دەست بۆ hاموون بەرز ئەکاتەوە، hامونیش بە سپانەکەی دەستییەوە خواحافیزیی لێئەکات...

hامون بە ئۆتۆمبیلەوە بە شەقامەکانی ناوشاردا ئەگەڕێت، لە تەنیشت وەزارەتخانەی دادەوانیدا ئەوەستێت، لە شوێنی قەدەغەی وەستان، لاوێکی لێ نزیک ئەبێتەوە.

**لاو:** بەڕێز گیان جەریمەت ئەکەن ها...

hامون لە داشبۆردی ئۆتۆمبیلەکەیدا، لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لاپەڕەی جەریدە و کاسێتی موزیکدا لاپەڕەیەکی جەریدە هەڵدەبژێرێ و دەریدێنێ و ئەیخاتە ژێر شیشەسڕەکەو بەسەر

شۆستەکەدا ئەکەوێتە ڕێ... هاموون هێدێ هێدی لە بینای دادەوانی نزیکئەبێتەوە، چاوی بە پەیکەری بەردینەی فریشتەی دادگەری لەسەر دیواری بیناکە ئەکەوێت، ئەوەستێت و بۆی ئەڕوانێت و بیری ماڵی دەبیریی ئەکەوێتەوە، بیری شایەنێک کە لە ماڵی دەبیریدا بە میچەکەوە هەڵواسراوە و دەنگی پشیلەکان...

هاموون لە هۆڵی ماڵەکەی دەبیریدا، سەیری شایەنەکە ئەکات، دەبیری بە قاپێک نەوتەوە لە چێشتخانەکە دێتە دەرەوە و ئەڕواتە هەیوانەکە، هاموونیش بە دوای ئەودا...

لە هەیوانەکەدا مێزێک دانراوە، بڕێک خواردن و جامۆڵەیەکی کاشیی پڕ لە دۆ لەسەر مێزەکەیە.

**هاموون**: ئەی مارەییەکەی ؟

دەبیری: ئەوە خۆ مافی ژنە، ئەتوانێ داوای بکات، نەفەقەشی پێئەگات، جەهیزیەکەشی ئەباتەوە، ئەگەر ئیمزات پێدابێ.

**هاموون:** یانێ تۆ ناتوانی هین کەی ؟

**دەبیری:** گیان؟

**هاموون:** یانێ کارێک بکەی؟

دەگەنە لای مەنقەڵی ئاگرەکە، دەبیری نەوتی پێدائەکات و پاشان ئاگر بە خەڵووزەکەوە ئەنێت. خەڵووزەکە گڕ ئەگرێت، بڵێسەی ئاگرەکە لەناو چاویلکەکەی هاموونەوە دیارە.

**دەبیری:** تەنیا کارێک کە ئەکرێ ئەوەیە کە بەجارێک نەیدەی، بە قیست بیدەیتەوە.

**هاموون:** تۆ بیری لێبکەرەوە موحسین!... دوای حەوت هەشت ساڵ ژیانی هاوبەش، لەناکاو، شلَپ ... هەموو شتێک دائەکەوێت، ئەوین ئەبێ بە نەفرەت، دۆستی بە دوژمنی...

**دەبیری:** خەتای خۆتە بەقوربان... خۆت... گرفتی تۆ ئەزانی چییە؟ ئەوەی کە پێت زیاتر لە بەڕەی خۆت ڕاکێشا، فریوی چینی باندەستت خوارد ئەی زانای زیرەک! فریوی بورژوایەکی خوێڕیی پارەپەرستی گەندەڵت خوارد، بەتەمابووی دەوڵەمەند بیتەوە، خۆتت فرۆشت، خۆت، کەسایەتیت، ئابڕووت...

**هاموون:** سەدی نەوەدی لەبەر عەشق بوو، مەهشید کچێکی باش بوو، لەگەڵ هۆزوبەرەکەی جیاواز بوو... من خۆ کارم بەسەر پارەی باوکییەوە نەبوو، خۆی لام گرینگ بوو...

**دەبیری:** بەڵام لای باوکی پارە گرینگتر بوو. هەربۆیە ڕقی لێهەڵگرتن، قەرانێکیشی پێنەدان، فڕێی دانە دەرەوە...

دەبیری بە شەلەشەل بەدەم گۆرانیوتنەوە بەرەو مێزی خواردنەکان ئەڕوات.

**دەبیری:** با بڵێم من شێتی تۆم.. ئەرێ گیانە شێتی تۆم...

پیرەژنێک دێت، بە بۆڵەبۆڵەوە بەلای دەبیریدا تێئەپەڕێت و ئەچێتە ناو ئاپارتمانەکەوە.

**پیرەژن:** ئاغە، تو خوا هێندە زرشک و مرشک مەکە ناو ئەو دۆیە، بیخۆیتەوە شەو هەر بناڵێنی نەهێڵی ئێمەش بخەوین...

**دەبیری** (بە پیرەژن): برۆ بەلای کارتەوە (ڕوولە هاموون) وەرە دانیشە.

**پیرەژن:** چەندە پەرستاری بکەم؟ خۆی ئەو گشتە ئەخوات، کەچی ئەڵێ بۆچی ئەوەندە خواردن بە پشیلەکان، بە ئۆشین و پۆشین و مۆشین و پۆشکینت ئەدەی؟ هەمیشە لێم تووڕە ئەبێ...

**دەبیری:** بیبڕەوە خانم برۆ...

دەبیری ئاو ئەکاتە ناو جامێ ماست و ئەیشێوێنێ، نەختێک دۆ ئەخواتەوە، قورپێنەیەکی هێواش ئەداتەوە... هاموون دائەنیشێ.

**دەبیری:** تەواو بوو، ڕزگارت بوو، ڕزگار، خۆ نامری... تۆش وەک ئەو عالەمە.. ژنێکی جوانت هێنا، ئێسە ئیتر تۆی ناوێ، دەی جا ناشیرینێکت بخواستایە.

**هاموون:** خەریکە دڵم هەڵدەشێوێ.

دەبیری پارووپەک سەوزە و پەنێر دەخاتە دەمی.

**هاموون:** ئەم مەسەلەی تەڵاق و شتە بەڕای من بۆنی مەرگی لێدێ...

**دەبیری:** تا منت هەم، خەفەتی بۆ مەخۆ.

**هاموون:** بڕوانە ئەو ناجسنە، پێشتر بەرنامەی بۆ هەمووی داڕشتبوو، هەرکەماڵەکەی کرد بە ناوی خۆیەوە، منی دەرکرد، بڕوانە...

**دەبیری:** دەی چی بکات؟ ژنێکی تەنیا بە منداڵێکی بچووکەوە، دەی ماڵێکی ئەوێ کە تێیدا دابنیشێ.

**هاموون:** بە پێی یاسا منداڵ هی منە.

**دەبیری:** دۆشاو!.. تۆ ناتوانی بڕۆی بەڕێدا داماو، مناڵت پێ‌بەخێو ئەکرێ؟ بەڵام من چارەیەکی باشم بۆ مناڵەکەت دۆزیوەتەوە...

دەبیری سینی گۆشتە کاڵەکە هەڵدەگرێ و بە شەلەشەل بەرەو مەنقەڵەکە ئەچێت.

**هاموون:** چۆن؟

**دەبیری:** تۆ بیمە دەکەم، با کوڕەکەشت بیمەی هەبێت.

**هاموون** (بەسەرسووڕمانەوە): ئەڵێی چی؟

**دەبیری:** تۆ لەوانەیە نەخۆش بکەوی، دەعم بکەی، هەردوو قاچت لەدەست بدەی، یان ڕەنگە شێت ببی‌و بتبەن بۆ شێتخانە... کوڕەکەت هەتا ماوە دابین دەبێ.

**هاموون** (بەسەرسووڕمانەوە لەجێگەکەی هەڵئەسێت و بە

تووڕەیی): تێنەگەیشتم، کێ ئەبێ بڕوات بۆ شێتخانە؟

**دەبیری:** مەگەر من پارێزەری تۆ نیم؟

**هاموون:** دەی

**دەبیری**: مەگەر حەز ناکەی داهاتووی منداڵەکەت دابین بکرێت؟

**هاموون**: دەی .

**دەبیری**: دەی ئەوە ئەرکی منە ئاگاداری تووتەڵەکەت بم.

هاموون بەرەو دەبیری ئەڕوات.

**هاموون**: چی؟ کوڕی منە. من باوکیم، ئەرکی تۆیە؟

**دەبیری**: بەڵێ، بەڵام تۆ لەوانەیە تووشی جەڵتە بیت. کتوپڕ سەربنێیتەوە.

**هاموون**: دەی هەموو کەسێک لەوانەیە تووشی جەڵتە بێت، تۆ خۆت هەر ئێستە لەوانەیە هەر ئا ئێستە بێیت بەلادا، مەهشیدیش هەروا، مەهشید بۆچی نابێ بیمەی تەمەنی هەبێت؟

**دەبیری** ( بە تووڕەییەکی دەسکردەوە): ئەی لە گۆڕی بابی مەهشید، مەهشید ، بەمن چی ئەو چی ئەکات؟ بە من چی کە تۆ چی ئەکەی؟

**هاموون**: کاکە گیان! دەبیری گیان! خۆ من جارێ تەندروستم، بەتەما نیم بمرم، مەگەر تۆ بەتەمابی دەستی دەستی بە کوشتم بدەی...

**دەبیری** (ناڕەزایانە): جا مردنی تۆ کەی گرینگە؟ مردنی ئەو ژنەتیوە کەی گرینگە؟ یان مردنی من کەی گرینگە؟ من خەمی ئەو منداڵەمە، ئەو منداڵە وەک خونچەیەک وایە، دنیا بە جۆرێکیتر دەبینێ.

**هاموون** (بەرەوڕووی دەبیری دائەنیشێ): ئۆ.. ئۆ.. نە.. نە..هیچ وامەزانە، هیچ دوور نییە ڕووانینی ئەو بۆ دونیا لەهی من و تۆ گووتر بێ... نموونەکەی هەر.. نموونەکەی هەر ئەو ژنە. بڕوانە، بڕوانە چ خیانەتێکی لە من و منداڵەکەم کرد... (قوڵپی گریان گەرووی ئەگرێت)...



گەڕانەوە بۆ دیمەنی دەرەوەی دادەوانی، هاموون بەرەو بینای سەرەکیی دادەوانی دەڕوات.

هاموون ئەچێتە ناو هۆڵی گەورەی دادەوانی، لەبەر دەرگادا، پاسەوانێک جانتا و گیرفانەکانی دەپشکنێ، هاموون درێژایی هۆڵەکە دەبڕێت و بە پەلە بە پلەکاندا سەرئەکەوێ.

**دەنگی هاموون:** مەترسە، مەترسە... با مەهشید تووڕە بێت، با دەبیری تووڕە بێت، مەترسە، لە دوژمنت مەترسە، هەموویان دەستیان تێکەڵکردووە کە تۆ بەکوشت بدەن، بەڵام پێش هەموو شتێک ئەبێ ڕووتت بکەنەوە...

**دەنگێک**: تکایە موزاحیم مەبن.

دەبیری لە هۆڵی نهۆمی سێیەم(دادگەی خێزان)دا چاوەڕێی هاموونە، ئەیبینێت و پێکەوە دەکەونەڕێ. لە داڵانی تەنگەبەری دادگەی خێزاندا، گوروپێکی تەلەفزیۆنی، سەرقاڵی کارکردنن.

**دەبیری:** ... وتم تۆ بڵێی نەێیت.

**هاموون:** بۆچی نەیەم؟

**دەبیری**: گیانم هاتە کونەلووتم ئەوەندە لە بەیانییەوە ئەم ژوور بۆ ئەو ژوورم کرد، بەشکم کارێک بکەم لەدانی مارەیی و نەفەقە ڕزگار بی، مەگەر ڕازی ئەبن؟ دەبێ هێوریی خۆت بپارێزی.

ئەگەنە دووڕیانێک، لادەکەنەوە.

**دەبیری**: ... دەبێ هێور بیت، دان بەخۆدا بگرە، مەهشید لەوانەیە لە دادگە سووکایەتیت پێبکات، بیەوێ پەستت بکات، ئاگادار بە، هیچ شتێک... بچووکترین کاردانەوەت نەبێ...

لە داڵانەکەدا، دەرهێنەرێکی تەلەفزیۆن ئەیەوێ لەگەڵ هاموون وتووێژ بکات.

**دەرهێنەر**: ... بەڕێز! زەحمەت نەبێ...

**هاموون**: کاکە تاقەتم نییە... وازم لێبێنن.

هاموون و دەبیری ئەچنە ناو ژوورێکی گەورە، چەند مێز و کۆمەڵێک خەڵک لێرەولەوێ.

مەهشید لەگەڵ بەرپرسی پێوەندیدار، خەریکی باس و مشتومڕە، هاموون پشت لە مەهشید لەسەر کورسییەک دادەنیشێ، دەبیری ئەچێ بۆ لای مەهشید و بە ئاماژە، هاتنی خۆی و هاموون ڕائەگەیەنێ.

**مەهشید** (ڕوو لە ڕاوێژکاری دادەوانی): بەڕێز! جەنابت، یان لە قسەی من تێناگەی، یان دەبێ من هەرچی جەنابت دەڵێی بەبێ سێ و دوو قبووڵی بکەم، قسەی من لەسەر مافەکانی ئافرەتە.

**ڕاوێژکاری دادەوانی** ( بە دەبیری): تکا ئەکەم فەرموون.

**مەهشید**: کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە هەقی تەڵاق لە دەستی پیاودایە، ژن هیچ هەقێکی هەیە؟ مافی ژن لە هەموو بارێکەوە لەم کۆمەڵگەیەدا پێشێل کراوە، هەرگیز ناتوانێ بڕیار بدات، تەنانەت لەسەر تەڵاقی خۆیشی، بەڵام پیاو هەرکاتێک بیەوێ ئەتوانێ ژن تەڵاق بدات...

**ڕاوێژکار**: نە خانم، بڕوانە...

**مەهشید**: ژن ناچارە هەمیشە تا کۆتایی ژیانی بەلای پیاوێکی ناباری خوێڕییەوە بسووتێت و بساچێنێت.

ڕاوێژکار، مارەیینامەکە دەکاتەوە و قسە ئەکات.

**ڕاوێژکار**: نە خانم، وا نییە، ( بە ئاماژە بۆ دەفتەرەکە)، بڕوانە لە مارەییینامەی ئێوەدا چواردە مەرج دانراوە کە مێردەکەی تۆ، دەسەڵاتی بێسێودووی بەتۆ داوە، کە ئەگەر لەم چواردە مەرجە یەکێکیان جێبەجێ نەکات، تۆ ئەتوانی لە دادگە داوای تەڵاق بکەیت،

لەوانە بۆ نموونە شێتییە، نەخۆشییەکی ناعیلاج، تێوەگلان بە مادە سڕکەرەکان، نەدانی نەفەقە...

**مەهشید** (بە ناڕەزایی دەسکردەوە): نەفەقە؟ نەفەقە؟ خۆ هەموو شتێک خەرجی نییە بەڕێز، هەموو شتێک پارە نییە ...

**ڕاوێژکار**: ئێرە دادگایە، لێرە هەمووی لێکئەدرێتەوە، ئەگەر جەنابت هەقێکت هەبێ...

**مەهشید:** بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە هەر پیاوە کە ئەبێ بێت و ئیمزای بکات و تەڵاق بدات...

**ڕاوێژکار**: هەندێ جار ئەگەر دادگا وابزانێ کە هەق بە تۆیە، لەوانەیە حوکمی غیابی بە تۆ بدات...

دەبیری ئەڕوات بۆلای هاموون و هێواش پێیئەڵێ:

**دەبیری:** وەرە ئیمزای بکە.

**هاموون**: بابە من قسەم پێیە، من نامەوێ تەڵاقی بدەم.

**دەبیری:** ئابڕوومان مەبە، من بەو مەرجە لەم دادگەیەدا ڕێم پێدەدەن کە ئاشتی بەرقەرار بکەم، لە خۆڕا ئابڕوومان مەبە، ئەگەر ئەمە ئیمزا نەکەی، ئەبێ نەفەقە بدەی، مارەیی بدەی، دوایی بە زۆر ئەتبەن بۆ داد، پزیشکی تاقیکاریت بۆ ئەکەن، بزانن پیاوەتیت ماوە یان نە...

**هاموون** (بەدەنگی بەرز): پیاوەتیی چییە؟ ئەم قسە قۆڕانە چییە؟ (ڕوو لە ڕاوێژکار)، ئەزانی چییە بەڕێز، ئەوە منم کە سکاڵام هەیە، من ستەمم لێکراوە.

**ڕاوێژکار**: بەڕێز، بەڕێز، هێور بە، هێور بە بەڕێز...

**هاموون** (ڕوو لە ڕاوێژکار): جەنابی سەرۆک ئەم خانمە (ئاماژە بۆ مەهشید ئەکات)، ئەم بەڕێزە (دەبیری) و هۆز و بەرەکەیان دەستیان ناوەتە ناودەستی یەک کە من لەناو بەرن، پاسەوانی لەسەر

کۆڵانەکە داناوە کە من بگرن، ئەڵێی من تاوانم کردووە، ئێستەش، هەم ئەبێ نەفەقەی پێبدەم، هەمماڵەکەی بدەم، هەم مارەیی بدەم، هەم منداڵەکەم بدەم، هەم ژیانم بدەم، هەم شەرەفم بدەم. بۆچی؟ لەبەرچی؟ من ناتوانم تەڵاقی بدەم، من ناتوانم، ئەم ژنە، ئەم ژنە ژنی منە، هەقی منە، عەشقی منە، من تەڵاقی نادەم...

دەستەی ڕیپۆرتاژی تەلەفزیۆن، بە پەلە دێنە ناو ژوورەکە و ڕوناکیی توندی پرۆژێکتۆرەکە ئەخەنە سەر سیمای مەهشید و هاموون و وێنە لە هاموون ئەگرن کە بە تووڕەییەوە هاوار ئەکات، پەیامنێر مایکەکە لەبەردەمیدا دەگرێت، هاموون هاوار ئەکات « من تەڵاقی نادەم » و لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە، دەبیری بە دوایدا دەچێت ، بە هاوارکردن...

**دەبیری**: وەرە، وەرە، ئیمزای بکە و تەواوی بکە...

**هاموون**: بڕۆ بزانم (.. و ئەڕوات)

وێنەگر بەخێرایی بەرەو مەهشید ئەچێت کە وێنەی لێبگرێت. مەهشید ڕووی وەردەگێڕێ و بە دەست، تەمووی ڕوخساری لەبەر کامێرەکەدا دائەپۆشێ.

لە شارێیەکی چۆڵدا، ئۆتۆمبیلەکەی هاموون بە ئارامی بەڕێوەیە، هاموون بەسەر ڕۆڵەکەدا نووشتاوەتەوە...

**دەنگی هاموون:** بۆکوێ ئەڕۆی؟... ئەبێ بڕۆم بۆ شوێنێکی خۆش.. بۆلای ڕووبارێک... ئەبێ بیرومێشکم کۆ بکەمەوە، بزانم خاکی کوێ بەسەردا کەم...

ئۆتۆمبیلێک بەلای هاموون‌دا تێئەپەڕێ، مازدایەکی سەوزە، "عەلی عابدینی" لەلای شۆفیرەکەدا دانیشتووە و خەریکی قسەکردنن.

**هاموون** (عەلی ئەبینێت): عەلی، عەلی، عەلی (هاموون بە لێدانی

جامەکە و دادانەوەی ئەیەوێ سەرنجی عەلی ڕابکێشێ، بەڵام دەسگیرەی دەرگاکە خراپ بووە و جامەکە دانادرێتەوە، عەلی خەریکی قسەکردنە و بە هاموون نازانێ، ئۆتۆمبیلەکەی عەلی پێش ئەکەوێت، (هاموون بێزارتر ئەبێت) عەلی، عەلی، ئەی داد! (هاموون دەرگاکە ئەکاتەوە و هاوار ئەکات) عەلی! عەلی! (ئۆتۆمبیلەکەی عەلی لائەدات بۆ ناو شەقامێکیتر، هاموون بەخێرایی دوای ئەکەوێت و لەبەرخۆیەوە ئەڵێت: ئەتگرمەوە عەلی ... ئەتگرمەوە...

لە شەقامێکی باریکدا هاموون لە یەک دوو ئۆتۆمبیل پێش ئەکەوێت، بەڵام هێشتا مەودای لەگەڵ عەلی زۆرە، لە هۆڕین ئەدات، ئیشارەت لێئەدات و سەرەنجام لە ئۆتۆمبیلێکی ملۆزمیترەوە تێئەپەڕێت و لە دوورەوە بەرەبەرە لە ئۆتۆمبیلەکەی عەلی نزیک ئەبێتەوە، ئۆتۆمبیلەکان ئەگەنە کۆتایی شەقامێکیتر و چوار ڕێیانێک، هاموون زۆر لە عەلی نزیک بۆتەوە، بەڵام لەناکاو ئۆتۆمبیلێکی ژیانی ڕەنگ تۆخ وەک سامۆتکە لە شەقامێکی لای ڕاستەوە دێتە بەردەمی، هاموون ڕۆڵەکە دەسووڕێنێ و هەوڵئەدات لە ژیانەکە تێپەڕێ، بەڵام ناتوانێ و لە دواساتدا بەتوندی لە دواوە لێیئەدات، ژیانەکە ئەلەرێتەوە، بە لەقە لەق ئەڕواتە پێشەوە، ئەوەستێت و ئاو و دووکەڵ لە پشتییەوە دێتە دەرەوە... هاموون بەرەو ئەو شوێنەی کە عەلی چووە ـ سەرەو ژوور ـ ئەڕوانێ، لە کۆتایی سەرەو ژوورەکەدا ئۆتۆمبیلەکەی عەلی پێچ دەکاتەوە و لە شەقامێکیتردا ون ئەبێت.

**هاموون** (لەبەرخۆیەوە): عەلی...(سەری ئەنێت بە ڕۆڵەکەوە...).

ڕووبارێکی پان و پۆڕ و تاڕادەیەک وشک، لەملاو ئەولا توولەڕێی ئاو و کیسەی زبڵ، توێکڵە شووتی، قاپی کونسێرڤ، تاکە پێڵاوی دڕاو، لاستیکی شڕ... لەنێو ئەمانەدا و لە تەنیشت ئاوەکەدا، هاموون بەشێوەی تێڕامان دانیشتووە و بیرەبیرە ئەکات، بەشێوەی

یوگا هەناسەی قووڵقووڵ هەڵئەکێشێ و لەبەرخۆیەوە ئەڵێ: هامممم....

**دەنگی hاموون:** هێی عەلی عابدینی!
برادەری هاوگەڕەک
مامۆستای من
گەورەی من
بۆچی دیسان بزر بووی؟
کەی بوو؟
هەشت ساڵ لەمەوبەر بوو
یان لەوانەیە دە ساڵ لەمەوبەر بوو
کە لەناکاو بزر بوویت
نازانم لەبەر چی

وێنەی عەلی عابدینی لەبەردەم زانکۆی تاراندا، ئەلبومێکی پڕ لە وێنەی جۆربەجۆری عەلی عابدینی و هاموون لەبەردەم بینای کۆلیژی تەکنیکدا.

عەلی و هاموون لە دارستانێکدان، لە کەنار دەریادا بەرەو کۆڵیتەکەی عەلی ئەچن.

**دەنگی هاموون:** کاتێکیش کە گەڕایتەوە
خێزانەکەت دیار نەبوون
دیسان نازانم لەبەرچی

دەنگی عەلی و هاموون ئەبیسترێت.

**عابدینی:** ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کێ بیەوێ چۆن بۆ شتەکان بڕوانێ.

**هاموون:** دەی، بۆ وێنە من...

**عابدینی**: دەی ئاخر تۆ بەو عەقڵە ناتەواوەتەوە، هەر ناتوانی هیچ شتێک ببینی.

ناو کۆڵیتەکەی عەلی کە چەند وێنەی منداڵ و هاوسەرەکەی بە دیوارەکەوە هەڵواسراوە.

**دەنگی هاموون**: هەموو دنیایان بۆ گەڕای
پێیان نەگەیشتی
کاتێک پەیدا بوویت و گەڕایتەوە بۆ ماڵ
هاودەمت تەنیایی و چاوەڕوانی بوو
ئاخ کە چەن ئازارت چێشت عەلی گیان
هەر لەو تەنیاییەدا بوو کە بە ڕێگای
خۆت شادبوویت
بە لائۆتێسە ، بە بوداکەت
بە عەلی و حەللاجەکەت
بە حافزەکەت...

عەلی لەبەر باران و لە کەنار دەریادا پیاسە ئەکات، ئەوەستێ و سەیری دەریای شەپۆلاوی ئەکات.

دیمەنی لادێیەک، لە تەنیشت بیرە ئاوێکی تازە هەڵکەنراودا، کۆمەڵێک گوندنشین لەگەڵ عەلی و هاموندا ئەبینرێن، عەلی خاکەنازی بەدەستەوەیە و بەرگی کاری لەبەردایە، یەکێک لە گوندنشینەکان ماتۆڕی ئاوەکە هەڵدەکات، هەموان چاو دەبڕنە بۆرییەکی ئەستوور و چاوەڕێی ئاون... دەنگی ئاو لە دوورەوە دێت، هێدێ هێدی دەنگەکە زیاتر ئەبێت و سەرەنجام ئاو بە گوشارەوە لە بۆرییەکەوە دێتە ناو جۆگەلەکە، گوندنشینەکان شاگەشکە دەبن و قریوە قریویان بەرز ئەبێتەوە.

**گوندنشینەکان:** ئاوی تێهات، ئاوی تێهات، ئاوی تێهات، سوپاس بۆ خوا ... سوپاس بۆ خوا...

یەک بەیەک، عەلی لەباوەش ئەگرن و ماچی ئەکەن، هاموونیش ماچ ئەکەن.

**دەنگی هاموون:** لە گوند بیرت لێدا،
باسی کارت کرد
کار لە پێناوی کاردا
نەک لەپێناوی ئاکام و ئەنجامەکەیدا
هەر وەک ئەو پاچ و بێڵ لێدانە
وەک ئەو ئاگر هەڵکردنانە.

عەلی و گوند نشینەکان خەریکی پاچ و بێڵ لێدانن و هەوڵئەدەن ڕێگەی ئاوەکە بکەنەوە...

عەلی و هاموون لە دارستانێکدا ئاگر ئەکەنەوە، سەرەڕای نمە بارانێک، ئاگرەکە دەیگرێت و قل ئەبەستێ.

**دەنگی هاموون:** ئاگر، ئاگر چەن خۆشە
ئێستاش زەردەی خۆراوایە
تا شەو هێندەی نەماوە
تا گەڕان و دۆزینەوە
تا دۆزینەوەی حەوزێکی زێوین

باران بەسەر ئاگرەکەدا ئەبارێ .

**عەلی**: برووسکەیە، نامێنێ.

دەنگی هاموون: ئاوەها بوو کە بازت دایە ناو حەوزە زێوینەکەت و گەیشتی بە خۆت و خودای خۆت، کاکۆ[٩]!

ناو کۆڵیتەکە، عەلی چەند کتێب ئەدات بە هاموون: «**چیرۆکی پێغەمبەران لە بەرهەمەکانی شەمسدا** » و «**چیرۆکەکانی قورئان**» .

**عەلی**: هانێ، ئەم کتێبانە بگرە و بیانخوێنەوە.

عەلی کتێبێکیتر بە هاموون ئەدات .

**عەلی**: Zen and the Art of Motorcycle Maintenance

هاموون کتێبەکەی لێوەرئەگرێت.

**هاموون:** ئاخ، زین و هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ ماتۆڕسیکلێت، ئەمە ئەوەیە کە بە مەسەلەی چۆنێتییەوە گیرۆدەیە و ئەڵێ لە ڕێگای خەریکبوون بە ماتۆڕسیکلێتەوە، مرۆڤ ئەتوانێ بگاتە پلەی بەرزی سۆفیگەری (عیرفان )؟ کاکە من ئەمەم دەوێ.

**عەلی**: بیخوێنەوە، بۆ مەزاجت زۆر باشە.

عەلی هێلکەیەک ئەشکێنێتە ناو تاوەیەک، هێلکەکە لەناو ڕۆنەکەدا قرچەقرچ ئەکات، عەلی چەند هێلکەی تریش ئەشکێنێتە ناو تاوەکە.

**هاموون:** دەنگوباسی ژن و منداڵ؟

**عەلی**: وەڵڵا هیچ، بەڵام ئیشەڵڵا هەر ئەیاندۆزمەوە.

**هاموون**: واتە هێشتا گەشبینی؟

عەلی توێکڵی شکاوی هێلکەکان ئەگرێ بە بەر چاویدا و بە ئاوازێکی تەنزاوییەوە ئەڵێت؟

**عەلی**: گەشبین، هیوادار، (توێکڵە هێلکەکە توند ئەکوتێ بەناو دەفرێک لەسەر عەرزەکەدا) بەدبەخت ، بێ هیوا... فەرقی چییە برار[١٠]. ئیتر بۆ من بەسەرچووە.

ئێوارەیە، نمەنمەی باران لە دەرەوە... عەلی لە سووچێکەوە دانیشتووە و بە سێتار مێلۆدییەکی خۆماڵی دەژەنێ، هاموون

سەیری ئەتڵەسێکی جوگرافیایی گەورەی مێژوویی ئەکات، خەریتەی ئێران لە سەردەمانی ڕابردوودا.

**هاموون** (تەماشای خەریتەی سەردەمی هەخامەنشییەکان ئەکات): هەخامەنشییەکان...(لاپەڕە هەڵئەداتەوە) ساسانییەکان... (لاپەڕەیەکیتر) تاهیرییەکان...(لاپەڕەیەکیتر) سەفارییەکان... (لاپەڕەیەکیتر)سلجووقییەکان...(لاپەڕەیەکیتر)سەفەوییە... (لاپەڕەیەکیتر) قاجارییە...(بەسەرسووڕمانەوە) ئێ .. بۆچی وا بچووک بۆوە ؟

دەنگی سێتار هێشتا دێت.

هاموون لە گۆڕەپانێکیگەورە لە ناوەڕاستی شاردا، بەرەو بینایەکی بەرز بەڕێوەیە.

دەرگای ئاسانسۆری کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، ئەکرێتەوە و هاموون دێتە دەرەوە، دەفتەر تەلەفۆنێکی بچووک لە گیرفانی دەردێنێ، بەدەم کردنەوەیەوە ئەڵێ.

**هاموون:** دەی، عەلی عابدینی تۆ لەکوێی؟ لەکوێی؟ عەلی عابدینی (چاوی بە سکرتێرەکەی سەلیمی ئەکەوێت کە خەریکی تەلەفۆن کردنە )

**سکرتێر:** تکایە، تکایە، دەققەیەک...(هەرکە چاوی بە هاموون ئەکەوێت تەلەفۆنەکەی پێئەدات) بەڕێز هاموون جەنابت لەکوێیت؟ جەنابی سەلیمی بە دواتدا ئەگەڕێ (سکرتێرەکە ئەچێتە ژوورێکیتر) جەنابی سەلیمی! جەنابی سەلیمی!

**هاموون** (ڕەقەمێک وەرئەگرێ): عەلی گیان! ( چاوەڕێ ئەکات، تەلەفۆنەکە مەشغووڵە) ئاخ..

هاموون تەلەفۆنەکە دائەنێ، لە ژوورێکیترەوە سەلیمی بەپەلە

دێتەناوەوە، دەستی هاموون ئەگرێ و بەدوای خۆیدا پەلکێشی ئەکات...

**سەلیمی**: هاموون! هاموون! تۆ لەکوێی؟ تا پێنج خولەکیتر، تا پێنج خولەکیتر ژاپۆنییەکان بۆ ئیمزاکردنی گرێبەستێکی گەورە دێن، من ئەبێ لێرە بم، لە کۆڵیان نەبمەوە و هەر ئەمڕۆ کارەکە تەواو ئەکەم، "نییامی" شە لەوێ خەریکی چەقەکردنە لەگەڵ هێندییەکان، تەنیا تۆ شک ئەبەم...

**هاموون**: کە چی بکەم؟

**سەلیمی**: مەگەر پێی نەوتی؟

**هاموون**: کێ ؟ چی؟

**سەلیمی**: دوکتۆر سرووش لە بنکەی تواناسازییەوە تەلەفۆنی کردووە و پێداگرانە داوای دەزگای سپێکترۆفۆتۆمێتری و مەکینەی سانتریفیۆژ ئەکات، بیست دانەی ئەوێ کە ڕەنگە بچێ بۆ پەنجا دانەش، بۆچی نایێت؟ (هاموون بە دوای خۆیدا ڕائەکێشێ) بڕۆ دەی...

**هاموون**: بۆ کوێ؟

**سەلیمی**: بۆ بنکەی تواناسازی

**هاموون:** کاکە، من ناتوانم..

**سەلیمی**: شەقامی ژاڵە، لە ...

**هاموون** (بێتاقەت و ماندوو): من ئێستا لە دادگاوە هاتوومەوە، ئەڵێم لە دادگا بووم...

**سەلیمی** (بە سەرسووڕمانەوە ): دادگا؟ بە تاوانی چی؟

**هاموون**: ژنەکەم داوای تەڵاق ئەکات.

**سەلیمی**: تەڵاقت دا؟

**هاموون**: نە کوڕە، مەگەر ئەتوانم؟ کردم بە شەڕ... لە دادگا

هاتمە دەرەوە، دوایی لە ماشینێکم دا، خەریک بوو ئەکەوتمە ناو زەلکاوێک...

**سەلیمی** (بە سەرسووڕمان و بە چاوی دەرتۆقیوەوە): ناو زەلکاو؟

**هاموون**: بڕوانە، من هەر ناتوانم هەناسەش بدەم...

**سەلیمی** ( دەستی هاموون ئەگرێت و ڕایئەکێشێت): دەی بێزارم مەکە ئیتر، بڕۆ برا، هەر ئەبێ ئەمڕۆ ئەو دەزگایانە بگەنە دەستی دوکتۆر سرووش و جگە لە تۆ کەسیتر نییە، تەنیا تۆی، تۆیش بووی، خۆت، خۆت ( لە بەردەم هاموون دا ئەوەستێ ) کە لەو کۆڕەدا باسی باشیی ئەم دەزگایانەت هێنایە ئاراوە، پەسندت کردن، هێندە بەزەوقەوە باستکردن، واتزانی ئامێری یارین (دەنگی نزم ئەکاتەوە) ئێستە پێنسەد دانە لەو دەزگایانە بەدەستمانەوە ماوەتەوە و خەریکە لە هەماردا تۆز و خۆڵ ئەیانڕزێنێت...

**هاموون**: باشە دەی، ئەگەر پێنسەد دانەی ماوە خۆم شتێکیان لێئەکەم...

**سەلیمی**: بە ڕاستە؟

**هاموون**: بەڵێن بێ، هەر پێنسەد دانەکەی...

**سەلیمی**: تۆ گیان من ؟

**هاموون**: ئەرێ

**سەلیمی**: تۆ گیان من ئەتوانی ؟

**هاموون**: هەر پێنسەد دانەکەت بۆ ئەفرۆشم و تەواو .

**سەلیمی**: ئەی شێوازی هەڵس و کەوتمان چۆنە ؟

**هاموون**: شێوازی هەڵس و کەوتمان چۆنە؟

**سەلیمی**: چۆنە؟

**هاموون**: چۆنە؟

**سەلیمی** (بە ئاوازێکی حەکیمانەوە ): قۆناغە پێنجینەکان...

**هاموون**: قۆناغە پێنجینەکان، واتە ئوسلووب و ئاکاری سۆفییانە لە پێناوی فرۆشتن و بازرگانیدا...

**سەلیمی**: ئەم هەڵیتو پەڵیتە چییە؟ خانمی لەشکری! بێزەحمەت قۆناغە پێنجینەکان شیبکەرەوە...

خانمی لەشکری لەحاڵێکدا لە پشت مینی کۆمپیتەرێکەوە دانیشتووە، وەڵام ئەداتەوە.

**خانمی لەشکری:** پێویستی و داواکاریی کڕیار، ڕاکێشانی سەرنج...

**سەلیمی:** داواکاریی کڕیار و ڕاکێشانی سەرنج، خۆ ئەم دوو قۆناغەیان من خۆم بڕیومە و بۆ ئەمڕۆ قەرارم داناوە، دەی ، قۆناغی سێیەم؟ (ڕوو لە خانمی جەعفەری) خانمی جەعفەری ؟

**خانمی جەعفەری:** باسکردن لە سەرەتییەکانی کاڵاکە.

**سەلیمی:** باسکردنی سەرەتیی کاڵا، واتە پرێزێنتەیشێنی کاڵا، کە لەم قۆناغەدا، فرۆشیار بە ئامادەبوونی، بە شێوەی هەڵسوکەوتی، بەو دڵنیایی و متمانەیەی کە بە ڕوخساریدا دیارە... حەمید! خۆ هێشتا دانیشتووی ...

**هاموون**: کاکە سەرم خەریکە ئەتەقێ .

**سەلیمی:** کاک ئەسغەر! لەکوێی؟ کاکە وەرە چایەکی بۆتێکە بەشکم نەختێ چاک بێت، حەمید من خەریکم ئەمانە بۆ تۆ باس ئەکەم... قۆناغی چوارەم؟

**هاموون:** ناڕەزایەتیی کڕیار.

**سەلیمی:** نە، سڕینەوەی ناڕەزایەتیی کڕیار، ئەمە وردترین و دژوارترین قۆناغە، لێرەدا ئەبێ زۆر وریا بیت، چونکە هەر ناڕەزایەتییەک نیشانەیەکی باشە، ئەگەر کڕیار بڵێ «نە، نامەوێ»،

ئەوە نیشانەیەکی باشە، ئەگەر بڵێ «سوودی نییە، گرانە»، دیسان هەر نیشانەیەکی باشە، گرینگترین مەسەلە ئەوەیە کە بەرامبەر بە ناڕەزایەتیی کڕیار، نابێ چەنەبازی بکەی، نابێ "نا " بوترێ، نابێ بوترێ ئێوە هەڵەن، تەنانەت ئەگەریش هەڵە بێ، نە، هەرگیز. بەڵکوو ئەبێ ناڕەزایەتییەکەی چارەسەر بکرێت.

هاموون ئەچێتە ناو دالانەکە، سەلیمی بە دوایدا، دەستی ئەگرێت و ڕایئەکێشێ.

**سەلیمی:** خۆ تۆ تەواو ئابڕووی ئێمەت بردووە، تۆ تەریق نابیتەوە؟ ئەمانە یەکەم هەنگاوێکن کە ئێمە لە خولی ڕاهێناندا فێری ئەو منداڵە قوتابییانەی ئەکەین. کەچی تۆ ...

هاموون و بەدوایدا سەلیمی، دێنە ناو ژوورێکی گەورە .

**هاموون**: بابە گیان من بەڕێوەبەری پیشانگە و پڕوپاگەندەم، خۆ فرۆشیار نیم .

سەلیمی کاتالۆگی دەزگاکان ئەدا بە دەست هاموونەوە.

**سەلیمی**: لێرە هەموو کەس فرۆشیارە، ئەمە کاتالۆگ، دەزگاکەش ئەزانی چۆن بخەیتە ڕێ، کەوایە لەبیرتبێ چۆن ئاگات لە ناڕەزایەتیی کڕیار بێ، کاتێک قسەکانی تەواو بوو، تۆ باسی ناڕەزایەتییەکەی خۆیی بۆ دووپات ئەکەیتەوە با خۆیشی گوێی لێبێ، ئەگەر ویستی زیاتر باست بۆ بکات، ڕێگای پێئەدەی، با هێندە ناڕەزایەتی دەرببڕێ هەتا ماندوو ئەبێ ...

سەلیمی لە چەکمەجەی مێزە گەورە و بەنرخەکەیەوە، بۆرییەکی سورەنگ و قەڵەمێک و کاغەزێکی سپی دەردێنێ.

**سەلیمی**: ئەمجا ئێمە دەستپێئەکەین و پێش هەموو شتێک ئەڵێین Very Interesting، چەند سەیرە کە بەڕێزان فلانی و فلانیش ئەم شتانەیان ئەپرسی و دوایی یەکەیەکە بە خستنەڕووی

بەڵگە و ڕوونکردنەوە، پێیان ئەسەلمێنین کە ئەوان هیچ سەبارەت بە دەزگاکە نازانن...

سکرتێرەکە بە پەلە لە داڵانەکەوە دێتە ناو ژوورەکەی سەلیمی.

**سکرتێر** (بەترسەوە): ئەندازیار سەلیمی! ئەندازیار سەلیمی! لەخوارەوە زەنگیان داوە ژاپۆنییەکان خەریکن دێنە سەر.

**سەلیمی**: ئاخ.. هاتن .

سەلیمی بەپەلە ئەکەوێتە ڕێ و بەرەو دەرگاکە ئەچێ، سکرتێرەکەش بە دوایدا...

هاموون لە ژوورەکەی سەلیمیدا دانیشتووە و بە بێتاقەتی و تووڕەییەوە سەیری کاتالۆگەکە ئەکات، پیش ئەخواتەوە و بەڕقەوە چاو ئەبڕێتە کونجی ژوورەکە و ئەڵێ.

هاموون: دە ئاخر هەر تۆ گۆڕی بابی منی دایک مردووت شێلاوە... خەتای خۆتە... خەتای خۆتە.. بیخۆ... دە بیخۆ دەی...

سەلیمی و سکرتێرەکەی بەهەڵەشەیی چاوەڕێی ژاپۆنییەکانن... زەنگی ئاسانسۆرەکە لێدەدات و گلۆپێکی بچووک دائەگیرسێت و دوای چرکەیەک دەرگای ئاسانسۆرەکە ئەکرێتەوە و ژاپۆنییەکان (سێ کەس) جانتا بەدەست و ڕازاوە دێنە دەرەوە، سەلیمی بە ژاپۆنی بەخێرهاتنیان ئەکات (هاچی ماماشیتە) و دوایی ئەیانبات بۆ ژوورەکەی خۆی... ژاپۆنییەکان دائەنیشن و لەگەڵ سەلیمی چۆنیو چاکی ئەکەن، سەلیمی ئەبینێ کە هاموون هێشتا هەروا مەنگ و حەپەساو دانیشتووە و دۆش دایگرتووە، یەخەی ئەگرێت و بەرزی ئەکاتەوە.

**سەلیمی:** هاموون! خۆ تۆ هێشتا لێرە دانیشتووی؟ هەستە بزانم، ئەمە سورەنگ (سورەنگێک ئەخاتە گیرفانی کراسەکەی هاموون)، ئەمە قەڵەم (قەڵەم ماژیکێک ئەخاتە گیرفانێکیتری)

ئەمە سپێکترۆفۆتۆمێتری (پاکەتێک ئەدات بە دەستییەوە) ئەمە سانتریفیوژ (پاکەتێکیتر ئەخاتە سەر پاکەتی یەکەم ، پاکەتەکان دەگەنە بەر ڕوخساری هاموون)، ئەمەش شتەکانت (جانتا و چاکەتەکەی هاموون ئەخاتە سەر پاکەتەکان و ئەینێرێتە دەرەوە)، لەبیرت بێ بە قەڵەم ماژیکەکە، بە خەتی درشت ڕەقەمەکان لەسەر کاغەزەکە بنووسی، بڕۆ خوات لەگەڵ .

سەلیمی دەرگاکە پێوە ئەدات، هاموون لەکاتێکدا کە بەزەحمەت پاکەتەکان و شتەکانی خۆی هەڵگرتووە، بە یارمەتیی سکرتێرەکە، بەرەو ئاسانسۆرەکە ئەچێت، لەناکاو پێی هەڵئەکەوێ، سکرتێرەکە جانتا و چاکەتەکەی ئەگرێتەوە، هاموون خۆی ڕێکوپێک ئەکات و بە دەنگی بەرز بەرەو ژوورەکەی سەلیمی

**هاموون:** ئەوە منم ، ئەرێ منم کە هێندە گریانم تاڵە
کە ئێستا لەدایکبوونی من لەدوای ژانێکی چلساڵە
لە دڵەخورپەی ئەم نیوەڕۆ برژاوەدا
لە دامێنی تۆدا کە متمانەیە و وەرگرتن
کە نەوازشتە و بەخشین...

پاکەتەکان دەنێ بە دیوارەکەوە و چاوەڕێی کرانەوەی دەرگای ئاسانسۆرەکە ئەبێ، بە دەست بەسەر پاکەتەکاندا ئەکوتێ، ئاسانسۆرەکە ئەکرێتەوە، هاموون ئەچێتە ناو ئاسانسۆرەکە، سکرتێرەکە شتەکانی بۆ ئەخاتە سەر پاکەتەکان و بەچاوی بەزەییەوە بۆی ئەڕوانێ.

**هاموون:** لە دڵەخورپەی ئەم چرکەساتەی بێهیواییدا
کاتێک سێبەرەکان درێژ ئەبنەوە و
شەو بە هەنگاوە کورتەکانی
شیو و دۆڵەکان ئەتەنێ

خۆزگە دەستت، وەرگرتن نەدەبوو...
نەوازشت و بەخشین نەدەبوو...
دەرگای ئاسانسۆرەکە دائەخرێت .

ئۆتۆمبیلەکەی هاموون بە شارێیەکی قەرەباڵغدا ئەڕوات، لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا هاموون، نەختێک گێژانە، لاسایی وتووێژەکەی خۆی و سەلیمی ئەکاتەوە.

**هاموون** ( بە دەنگی سەلیمی): شێوازی هەڵس و کەوتمان چۆنە؟

**هاموون** (بە دەنگی سەلیمی): چۆنە؟

**هاموون**: چۆنە؟

**هاموون** (بە دەنگی سەلیمی): قۆناغە پێنجینەکان.

قلەقل پێدەکەنێ و بە دەنگی سەلیمی

**هاموون**: وێری ئینترێستینگ ... تۆ بووی ، تۆ ، تۆ ، تۆ ، تۆ بووی ...

ئۆتۆمبیلەکە لە شارێکەدا دوور ئەکەوێتەوە.

ژووری دوکتۆر سرووش لە نەخۆشخانەی تواناسازی، دوکتۆر سرووش باڵابەرز و قەوی‌و قۆڵ، خەریکی تەماشاکردنی کاتالۆگەکەیە.

**سرووش**: ئۆهـ ، ماینس، ئەمەش خۆ سپێکترۆفۆتۆمێترییە، ئەمە پێی ئەڵێن WORK HORSE، ئەسپی تاقیگە، هەموو پێکهاتە ئۆرگانیک و نائۆرگانیکەکان ئانالیز ئەکات، ڕادەی وردبینییەکەی قسەی تێدا نییە، خاک ، خوێن، خۆراک، دەوا ، هەموو شتێک...

**هاموون** (بەزەوقەوە): ئەمە دوانە، ئەمە دوو دانە دەزگایە ...

**سرووش** (بە متمانەوە): یەکێکە.

**هاموون**: یەکێکە بەڵام دوانە، لە ڕاستیدا هەژدە دانەیە.

**سرووش**: یانی چی؟

**هاموون**: یانی لە ڕاستیدا هەژدە تاقیکاریی خوێن لەیەک کاتدا ئەنجام ئەدات، بەڵێ شتێکی سەیرە! سەد هەزار خول لە دەقیقەیەکدا دەسووڕێتەوە، واتە بۆ خۆی مینی لابراتوارێکی تەواوە .

**سرووش**: دەی، دەی (کاتالۆگەکە ئەم دیو و ئەودیو ئەکات) نرخەکەی؟

**هاموون**: ڕێک ئەکەوین.

**سرووش**: چەندە؟

**هاموون**: هەرزانە، گونجاوە.

**سرووش**: ناتەوێ بیڵێی؟

**هاموون**: با، ئەمەوێ بڵێم بەڵام ئەترسم لە خۆشیانا چاوت زەرد بێت ها...

دوکتۆر سرووش پێئەکەنێ، هاموون بە ماژیکێکی ڕەش بە ڕەقەمی درشت نرخەکە بەسەر کاغەزێکەوە ئەنووسێ و نیشانی دوکتۆر سرووشی ئەدات .

**هاموون**: عەرزبێ لە خزمەتی بەڕێزتدا کە ئەمە (کاغەزەکە پیشان ئەدات) قوربان نرخی کۆتایی ئێمەیە بە قازانجی لە سەدا دە.

سرووش سەیری نرخەکە ئەکات، سەری سووڕ دەمێنێ و فیکە ئەکات.

**سرووش**: گران، گران، گران، گرانە، سەرسام هێنەرە...

**هاموون**: هیچ، نە، نە، هیچ قازانجێکی تێدا نییە...

**سرووش**: عەزیزەکەم (کاتالۆگێکیتر لەسەر مێزەکەی هەڵئەگرێ و نیشانی هاموونی ئەدات) میسترالّ، نیوەی ئەو نرخەیە، کاری زۆر باشە.

**هاموون**: ئەمە ئەناسم، ئەمە فڕێ دە.

**سرووش**: حەز ئەکەم بێیت و کارەکەی ببینی، بزانی چیی کردووە...!

**هاموون:** نە ئەمە شتێکی باش نییە، هەر بەکەڵک نایە، خۆمان هاوردەی ئەکەین.

**سرووش**: هەر شیاوی بەراوردکردن نییە.

تەلەفون زەنگ لێئەدا و پەرستارێک دێتە ژوورەوە.

**سرووش** ( بە تەلەفۆن): ئەلۆ، گیان، ئەلۆ، ئەلۆ (ئەکوتێ بەسەر تەلەفۆنەکەدا) .

**پەرستار**: قوربان ببوورە، ئەو نەخۆشەی دوێنێ، کە ماشین چوو بوو بەسەر قاچیدا، یاوەکەی لەناکاو ...

**سرووش**: ئەلۆ... ئەلۆ... (ڕووله پەرستار) کام نەخۆشە؟

**پەرستار**: ئەو نەخۆشە کە ماشین چوو بوو بەسەر ڕانیدا... دوکتۆر بەداخەوە یاوەکەی بەردەوام لەنێوان سیو هەشت و نیو ، سی و نۆ و چلدا بەرز و نزم ئەبێتەوە. بە هیچ جۆرێ دانابەزێ .

**سرووش**: چیتان بۆ کردووە؟

**پەرستار**: کارە سەرەتاییەکانمان بۆ کردووە، بە ئاوی سارد فێنکمان کردۆتەوە، (دوکتۆر لەگەڵ پەرستارەکە بەرەو دەرگاکە ئەچن) .

**هاموون** (قسەکەی بە دوکتۆر ئەبڕێ): چی بووە دوکتۆر؟

**سرووش** (ڕوو لە هاموون): بەڕێز گیان، بەڕێز گیان! ئەو دەزگایانەی ئێوە گرانە، بەکەڵکی ئێمە نایە...

**هاموون**: قسەی لەسەر ئەکەین جەنابی دوکتۆر (دوکتۆر لە ژوورەکە ئەچێتە دەرەوە ) جەنابی دوکتۆر ! تکایە تەنیا تاوێک، جەنابی دوکتۆر! جەنابی ...



هاموون بە توورەییەوە بە مشت لە ناودەستی خۆی ئەدات، لەناو ژوورەکەدا سەرگەردانە، نازانێ چی بکات، سەرەنجام لەحاڵێکدا کە خەریکە لەبەر خۆیەوە جنێو بە خۆی ئەدات، بەرەو پاکەتەکان ئەچێت و دەست ئەکات بە کۆکردنەوەیان، پەرستارەکە ئەگەڕێتەوە و لەسەر مێزەکەی دوکتۆردا بۆ ئیشاعەی قاچی نەخۆشەکە ئەگەڕێت، ئەیدۆزێتەوە و ئەگەڕێتەوە، چاوی بە هاموون ئەکەوێ، هاموون جنێو بە خۆی ئەدات و خەریکی کۆکردنەوەی دەزگاکانە.

**پەرستار**: بۆچی کۆیان ئەکەیتەوە؟

**هاموون**: چونکە نەیویست .

**پەرستار**: یانی چی نەیویست؟ کەی وتی نامەوێ؟ تەنیا وتی گرانە، باشە تۆ بۆ هێندە چەنە بەچەنەی لەگەڵ ئەکەی؟ باشتر وایە دەزگاکە بخەیتە کار و شێوازی کارکردنەکەی پێنیشانبدەی، دوکتۆر وا ڕازی ئەبێت، زۆر دەزگاکەی بە دڵە. خێراکە بیخە کار...

**هاموون**: بەڕاستی؟

**پەرستار**: ئەرێ، پێت ڕادەبوێرێ، نرخەکەشی هێندە گران نییە.

پەرستارەکە ئەڕوات، هاموون تاوێک ئەوەستێت و پاشان بەپەلە دەستئەکات بە ئامادەکردنی تاقیکارییەکە، (کەیتە) ڕەنگییەکان لای یەکدا دائەنێت و دەزگاکە ئامادە ئەکات، سێرۆمەکە ئەکاتەوە، چاویلکەکەی لەچاو ئەکات، شیشەی سێرۆمەکە هەڵئەگرێت و دەرزییەکە ئەکات بە ناو هەواکەدا.

**دەنگی بڵندگۆی نەخۆشخانەکە**: بەڕێز عیوەززادە ٢٦٢، بەڕێز عیوەززادە ٢٦٢ ...

لە دالانە چۆڵەکەی نەخۆشخانەکەدا، هاموون بەخێرایی هەنگاو هەڵئەگرێت، لە کۆتایی دالانەکەدا ژنێکی پەرستار ئەبینرێت،

هاموون بەڕاکردن خۆی پێئەگەیەنێ و لە بەردەمیدا ئەوەستێ، ژنە پەرستارەکە چەند مەلافەی بەدەستەوەیە، پێی سەیر ئەبێت و ئەوەستێت.

**هاموون**: خانم، ئەکرێ تکا بکەم دڵۆپێک خوێنی خۆتم بدەیتێ؟

ژنە پەرستارەکە زۆر ئەترسێ و ئەچێتە دواوە.

**ژنی پەرستار**: نە، نە، نە...

**هاموون**: هیچ نییە، بۆ تاقیکردنەوەم ئەوێ .

**ژنی پەرستار**: نە، نە...

**هاموون**: هەر دڵۆپێک...

ژنە پەرستارەکە بەترسەوە خۆی لە ژوورێکدا ئەشارێتەوە، هاموون ئەڕوات و ئەچێتە ناو بەشێکیترەوە...

لە هوڵی گەورەی فیزیۆتوراپیی نەخۆشخانەکەدا، دوکتۆر سروش خەریکی پشکنین و لێکدانەوەی کاری کورسییەکی چەرخدارە کە ماتۆڕی هەیە.

**سرووش**: ئەمەش چراکانی... کوڕە ئەمە ماشینە ... ماشینێکی تەواوە، (بەرەو نەخۆشێکیکەمئەندام کە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە)، دەی ئێستە لە لێخوڕینەکەی ڕازیت؟

هاموون ئەگاتە ناو هۆڵەکە، ئەو گرووپە ئەبینێ .

**کەمئەندامەکە** ( بە دوکتۆر سرووش): بەڵێ، زۆر باشە .

**سرووش**: چۆن سە روتای پێئەکەیت؟

کۆمەڵێک لە کەمئەندامان و پەرستارانی ژن و پیاو دەوری دوکتۆر سرووشیان داوە، هاموون ئەچێ بۆ لای دوو سێ پەرستار کە لە سووچێکەوە وەستان و بە ئەدەبەوە ئەڵێ

**هاموون**: ببوورە خانم .

**پەرستار**: تکا ئەکەم .

**هاموون**: ئەکرێ داوا لە هاوکارەکانتان بکەن چەند دڵۆپ خوێن بۆ تاقیکردنەوەی ئەو دەزگایە بدەن بە من؟

**پەرستار**: ئەی بۆچی لە خۆیان ناپرسی؟ ( لە هاموون دوور ئەکەوێتەوە ) .

لە ناوەڕاستی هۆڵەکەدا، دوکتۆر سرووش هێشتا خەریکی لێکدانەوەی کورسییە چەرخدارەکەیە. هۆڕینەکەی لێئەدات و پێئەکەنێ، هامونیش بێئاگا پێئەکەنێ.

**سرووش**: ڕەنگە لێخۆڕینی زۆر خۆش بێ.

**کەمئەندام**: بەڵێ، پێت خۆشە جەنابت خۆت تاقیی بکەیتەوە؟

**سرووش**: کێ؟ من؟

دوکتۆر سرووش وادیارە دڵی پێوەبێت، جەماوەرەکە هانی ئەدەن سوار بێت .

**پەرستار**: جەنابیشت تاقیی بکەرەوە.

**پەرستارێکیتر**: مەترسە، هیچ نییە .

**سرووش**: سووڕێک بەینەوە بزانین...

کەمئەندامەکە بەرزئەکەنەوە کە سرووش سواری کورسییە چەرخدارەکە بێت، سرووش لەسەر کورسییەکە خۆی ڕێکو پێک ئەکات و ئەکەوێتە ڕێ.

هامون ئەچێ بۆ لای پەرستارێکی پیاو.

**هامون**: بەڕێز ببوورە، ئەکرێ دەقەیەک گوێ لە من بگری، بڕوانە بەڕێز ، من بۆ ...

**پیاوی پەرستار**: من خوێن نادەم ها، بەیانی خوێنم داوە، ئیتر ناتوانم بیدەم.

دوکتۆر سرووش لەحاڵێکدا کە پێئەکەنی و خۆشحاڵە بە کورسییە

چەرخدارەکەوە ئەسووڕێتەوە و بە ناو جەماوەرەکەدا تێئەپەڕێ و سەرەنجام ئەوەستێ، هەموو پێئەکەنن... هاموونیش پێئەکەنێت. هاموون چاوی بە دوکتۆر ئەکەوێ کە ئەچێتە ناو دالانەکەی پشتەوە، هاموون بە پەلە بە دوایدا ئەچێت، بەڵام لە پێچی دالانەکەدا لێی ون ئەبێت، لە پشت هاموونەوە لە بەشی هیدرۆتوراپییەوە دەنگی خوڕەی ئاو دێت، هاموون سەرێک ئەکێشێتە ناو ژوورەکە و کەس نابینێت ئەچێتە ناوەوە. بەلای حەوزێکی بچووکی ئاودا تێئەپەڕێ و لە سووچێکی چۆڵدا دائەنیشێ و بەپەلە دەست بە کار ئەکات.

جانتاکەی دائەکەنێ، قۆڵی هەڵئەداتەوە، چەندجار بە توندی لۆکەیەکی ئەلکولاوی دێنێ بەسەر دەماری باسکیدا، بە لاستیکێکی تایبەت باسکی ئەبەستێت، دەرزییەک ئامادە ئەکات و پاشان بە خێرایی دەرزییەکە ئەکات بە ناو دەمارەکەیدا، خوێن بەناو بۆرییەکی باریکدا دێت و دەچێتە ناو شووشەیەکی بچووک، هاموون سەیری شووشە و خوێنەکە ئەکات کە هێدی هێدی دێتەسەرەوە... هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵئەکێشێ، پاڵ بە دیوارەکەوە ئەدات و ئۆقرە ئەگرێت، چاوی ئەنووقێنێ و ئەکەوێتە بیری ڕابردوو، بیری مەڕی قوربانی و قەمەبازیی تازیەداریی حسەینی.

لە حەوشی ماڵە کۆنەکەی هاموونداا، دەستەیەک قەمەوەشێن بە کفنی سپیی خوێناوییەوە خەریکی تازیەبارین. لە سەر و سنگی خۆیان ئەدەن.

**تازیەداران:** وای وای حسەین وای ... وای وای حسەین وای.

هاموون ـ منداڵێکی هەشت ساڵان ـ بە ترس و حەپەسانەوە سەیریان ئەکات، دەفرێکی گەورەی پڕ لە شەکر بە سنگییەوە دەگوشێ و بەناو تازیەبارەکاندا ئەڕوات .

**دەنگی تازیەداران:** وای وای حسەین وای... وای وای حسەین وای...

هاموونی بچووک بە ڕاکردن لە پلەکانەوە سەرئەکەوێت و ئەگاتە ناو ئاپۆرەی ژنەکان کە لەناو ژوورەکان و لە هەیوانی ماڵەکەدا دانیشتوون و خەریکی گریان و شینو شەپۆڕن و لە سنگی خۆیان ئەدەن.

**هاموون** ( ڕوو لە دایکی، کە سەری داخستووە و ئەگری ): دایە، عەلی گیانت نەدیوە؟ تۆ عەلی گیانت نەدیوە؟

**ژنێک**: بڕۆ ئەو لاوە، بڕۆ ئەولاوە کوڕە... بڕۆ...

هاموون ئەڕوات، برا گەورەکەی لە ژوورێکەوە دێتە دەرەوە و بانگ لە هاموون ئەکات .

**کوڕێکی بچووک**: حەمید، حەمید، ئەو شەکرە بێنە، ئەیبەی بۆ کوێ؟

هاموون بێئەوەی گوێ بەو بدات، بەپلەکاندا دێتە خوارەوە و ئەچێتە ناو دەستەیەکی تازەی تازیەداری کە سنگ ئەکوتن و ئەڵێن:

**دەنگی تازیەداران:** چ کەربەلایە ئەمڕۆ
چ پڕ بەڵایە ئەمڕۆ
سەری حسەینی مەزڵووم
لە لەش جودایە ئەمڕۆ
عەزا عەزایە ئەمڕۆ
وای وای حسەین وای
وای وای حسەین وای

هاموون لەنێو تازیەدارەکانەوە ئەچێتە شوێنێکی‌تری حەوشە گەورەکە، لێرە و لەوێ قازانگی جۆربەجۆر بەسەر ئاگرەوە ئەکوڵێن

و کۆمەڵێک چێشتلێنەر و خزمەتگوزار خەریکی کارن، هاموون ئەگات بە یەکێک لە چێشتلێنەرەکان کە خەریکی لێنانی برنجە.

**هاموون**: مامە گیان! تۆ عەلیگیانت نەدیوە؟ عەلی عابدینی؟

**مامە**: نە، برۆ ئەولاوە، ئەسووتێی کوڕە .

**پیاوێکیتر**: برۆ ئەولاوە.

هاموون ئەچێتە ئەوپەڕی حەوشەکە و بێئاگا ئەچێتە ناو دەستەیەک تازیەدار کە تازە هاتوون.

تازیەداران بە دەوری ئەودا هەروا دروشم ئەدەن و سنگیان ئەکوتن.

چ کەربەلایە ئەمڕۆ
چ پڕ بەڵایە ئەمڕۆ
سەری حسەینی مەزڵووم
لە لەش جودایە ئەمڕۆ

هاموون سەرگەردانە، لەناکاو چاوی ئەکەوێ بە لاشەی مەڕێک کە لەبەر پێی دەستەی تازەی تازیەداراندا سەریان بڕیوە، بەسەر لاشەکەوە کەسێک خەریکە چەقۆ تیژ ئەکات، هاموون بە داڵانێکی تاریکدا تێئەپەڕێ و لە حەوشەکە ئەچێتە دەرەوە، هەر کە ئەگاتە ناو کۆڵانەکە چاوی ئەکەوێت بە عەلەمێکی گەورەی یازدە چوکڵە، کە بە دیوارەکەی بەرامبەردا هەڵپەسێردراوە و چوکڵە درێژە فەنەرییەکانی ئەشەکێنەوە، هاموون بۆ عەلەمەکە ئەڕوانێ، بۆ چوکڵەکان، بۆ پەڕە ڕەنگاوڕەنگەکان، بۆ پەڕۆ سەوزەکان و پاشان مەودای کۆڵانە باریک و درێژەکە ئەبڕێت و ئەگاتە نەزرگەیەک کە لەسەر کۆڵانێکی تردایە، عەلی عابدینی لە تەمەنی گەورەساڵیدا و بە بەرگێکی ئەمڕۆییانەوە، لەبەر نەزرگەکەدا مۆم دائەگیرسێنێ، هێدی هێدی دەنگی نەوحە و تازیەداری کەم ئەبێتەوە، بێدەنگیی تەواو ، عەلی هەرکە چاوی

به هاموونی بچووک ئەکەوێ دائەنیشێ، هاموون دەفری شەکرەکە ئەدات بە عەلی ، عەلی کلۆیەک شەکر ئەخاتە دەمی، دەفرەکە ئەگرێت، هاموون ئەگرێتە باوەش و ئەکەوێتە ڕێ و لە ئێمە دوور ئەکەوێتەوە.

**دەنگی پەرستار**: بڕوانە چیی کردووە، خوا هاوار، جەنابی دوکتۆر! چەن ترسناکە! چیی بەسەر خۆی هێناوە، دوکتۆر!...

لە ژووری هیدرۆتوراپیدا هاموون لەبەر دیوارێکدا کەوتووە و لەسەرخۆ چووە، بە دەنگە دەنگی جەماوەر و پەرستارەکە بەئاگا دێتەوە، پەڵەی خوێن بەسەر باسک و مەچەکییەوە دیارە و لە تەنیشتیدا شووشەی سێرۆمەکە لەسەر عەرز کەوتووە و خوێنی لێئەچۆڕێ، پەرستارەکە دەرزییەکە لە دەستی دەردێنێ.

**سرووش**: ئەمە کەی هات بۆ ئێرە؟

**پەرستار**: نازانم وەڵڵا، چیی کردووە؟ وای!

هاموون هەڵئەستێتەوە، دوکتۆر و پەرستارێک ژێربالی ئەگرن و ئەیبەن...

**سرووش**: هیچ نییە، قەناوێکی پێبدەن، دەرزییەکی کەزازیشی لێبدەن...

ئۆتۆمبیلەکەی هاموون بە شەقامێکی پڕدرەختدا تێئەپەڕێ، لە پشت ماشینەکەدا پاکەتی دەزگاکان ئەبینرێت.

هۆڵی ماڵە دایکی مەهشید، خانمی ئەمیرسلێمانی ـ دایکی مەهشید ـ لێفێکی سپیی گەورەی لە خۆیەوە ئاڵاندووە و سەربێنێکی ئەستووری پێچاوە بەسەریدا، لە پلەکانی نهۆمی دووهەمی ماڵە گەورە و ئەشرافییەکەی خۆیەوە دێتە خوارەوە، بەدوایدا خزمەتکارە پیرەکەی دەفرێکی بخوور دێنێت. هاموون لە خوار پلەکانەوە وەستاوە.

**هاموون**: پەیامەکەتم پێگەیشت، چونکە وتبووت زۆر زەرووره هاتمە خزمەتت ، دەنا ...

**دایکی مەهشید**: مەسەلەکەی دادگام بیست، ئەمەوێ زۆر بە ڕوونی نەختێک قسەت لەگەڵ بکەم.

**هاموون**: تکا ئەکەم.

دایکی مەهشید ئەچێتە ناو هۆڵی گەورەی میوانەوە، پیرەژنەکە و هاموونیش بەدوایدا، دایکی مەهشید نەخۆشە، ژانی هەیە و بە زەحمەت قسەی بۆ ئەکرێ، لەسەر موبلێک دائەنیشێ و ئاماژە بۆ هاموونیش ئەکات کە دابنیشێ.

**دایکی مەهشید**: پێکەوە ژیانی ئێوە بە ڕای من هەر لەسەرەتاشەوە هەڵە بوو، من و باوکی مەهشید زۆر بەگوێیدا هەڵماندا کە چاوپۆشیی لێبکات، بەڵام سوودی نەبوو، فریوی ڕواڵەتی تۆی خوارد، فریوی مێشکت، فریوی خوێندەواری و زانیاریی تۆی خواردبوو، هێندە باسی فەلسەفە و شتی وات بۆکرد، وایئەزانی شوو بە گەورەترین بیرمەندی جیهان ئەکات... هەر گاڵتەی بە ئێمە ئەکرد کە ئێوە (ئەقۆزێ) دواکەوتوون، ئێوە تێناگەن، ژیان تەنیا پارە نییە، ئێوە حەمید ناناسن، زۆر خوێندەوارە، کتێبی نووسیوە.... پێنج ساڵ ئازاری کێشا هەتا تێگەیشت... پێنج ساڵ لەو ماڵەدا خۆی وەک دیلێک ئەبینی (هەناسە هەڵئەکێشێ)، تۆیش خۆ کەس نەیئەزانی خەریکی چییت، خۆ قسەیەکی ڕاستت لەگەڵ نەدەکرد، ئەزانی حەمید! مەهشید تامەزرۆی ڕاستییە، بێزارە لە درۆ، تۆیش خۆ هەمیشە درۆت لەگەڵ ئەکرد، (ئەقۆزێ).

**هاموون** (پاش کەمێک): بە یارمەتیت، بڕوانە...

**دایکی مەهشید**: ڕێک وەک دیکتاتۆرێک وا بووی...

**هاموون**: من هەڵبەت قەبووڵمە کە چەند جار قیڕاندوومە بەسەر

ئەو و کوڕەکەمدا، بەڵام... بەڵام ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ کاتێکی تایبەت کە من خەریکبووم لەسەر تێزەکەم کارمئەکرد، خەریکبووم بیرم لەوە ئەکردەوە کە مرۆڤ ئەبێ وەک خۆی بێت یان وەک کەسێکیتر...

هاموون تووشی هەیەجان بووە، هەڵئەستێتە سەر پێ و بەناو ژوورەکەدا ئەگەڕێ و بە شەوق و زەوقێکی تایبەتەوە قسە ئەکات، دایکی مەهشید سەرنجێکی ئەوتۆی پێنادات و جارجار سەر بەسەر بخوورەکەدا ئەگرێت.

**هاموون**: ... بیرم لە کتێبی " ترس و لەرز " ئەکردەوە و ئەوەی ڕاستی بێ، خۆیشم تووشی ترس و لەرز ببووم، چونکە لەو کتێبەدا... بڕوانە، من ئەمویست بزانم بۆچی ئیبراهیم باوکی ئیمانە؟ ئەمویست لە قوڵایی عەشقی ئیبراهیم بۆ ئیسماعیل تێبگەم، ئەمویست بزانم ئایا بەڕاستی ئیبراهیم لەتاو عەشق ویستوویەتی ئیسماعیل بکوژێ؟ ئیسماعیل، کوڕەکەی خۆی، گەورەترین ئازیزی خۆی، عەشقەکەی، ئاخر ئەوە یانی چی خانمی ئەمیرسلێمانی؟ پیاو بە دەستی خۆی سەری کوڕەکەی ببڕێ؟ دەی، ئیبراهیم ئەیتوانی نەڕوات، ئەیتوانی بڵێ نە، لەو چوار ڕۆژەدا کە بەڕێوەبوو، کەچی ڕۆیشت و ئیسماعیلی کوتا بەعەرزدا، وتی، هەرئەمەیە، هەر ئەمەیە، هەر ئەمەیە، فەرمان فەرمانی خودایە و خەنجەرەکەی دەردێنێ.

هاموون بە ڕوخسارێکی پەشۆکاو و ترسناکەوە لاسایی حاڵەتی دەرکێشانی خەنجەر لە کێلان ئەکاتەوە، دایکی مەهشید ئەترسێ و هەڵئەستێتەوە و فاتمە خانم بانگ ئەکات .

**دایکی مەهشید**: فاتمە خانم، فاتمە خانم... ئەو شەربەتەی من لەگەڵ پەرداخێک ئاو بێنە و بێ.

**هاموون**: ببوورە...

بەئاگا دێتەوە و ئەچێتە سووچێکی ژوورەکە، سەری داخستووە و لەبەرخۆیەوە قسە ئەکات.

**هاموون**:... مرۆڤ ئەبێ وەک ئیبراهیم وابێ، مرۆڤ ئەبێ بتوانێ ئازیزترین کەسی لەناو ببات، هەتا بتوانێ جارێکیتر بەدەستی بێنێتەوە...

بێدەنگی... فاتمە خانم دەواکەی دایکی مەهشید دێنێ، دایکی مەهشید دائەنیشێ و نەختێک بەترسەوە، سەیری هاموون ئەکات... هاموون بە دەسڕەیەک چاوە تەڕەکانی ئەسڕێ و هەوڵئەدات هێور بێت.

**هاموون**: خانمی سلێمانی، ناوماڵەکە هەمیشە پڕبوو لە بۆنی ڕەنگ و بۆیە، هەموو شوێنێک پڕ بوو لە شتە وردە و ڕەنگ و بۆیەی کارەکانی مەهشید، ماڵەکە پڕ بوو لە پیسیی و ئەوەش بۆ تەندروستیی کوڕەکە باش نەبوو.

**دایکی مەهشید**: دەی جا یارمەتیت بدایە، ئەو خۆ هەمیشە شتی ئەکڕی، چێشتی لێدەنا، ماڵەکەی خاوێن ئەکردەوە...(ئەقۆزێ)، نە... تۆیش وەک هەموو پیاوەکان بووی بە کەسێکی خۆپەرست و ستەمکار، مافی ژنەکەتت پێشێلکرد...

**هاموون**: یانی مەهشید هیچ تاوانێکی نییە؟

**دایکی مەهشید**: تاوانی چی؟ تاکە تاوانی ئەو ئەوەیە کە بێزارە لە تۆ، ئیتر تۆی خۆش ناوێ .

**هاموون**: خانمی سلێمانی؟

**دایکی مەهشید**: دەی، شتی وا بۆ ژنان ڕوو ئەدات... ئەو ژنێکی ئازادە... وەها پەروەردە کراوە... خۆی ئازادە لە هەڵبژاردندا... هەر ئێستاش هێشتا هیچ نەبووە کۆڵێک داواکاری هەیە.

**هاموون**: بەڵێ ئاگادارم، زریقە و بریقەی ژیان و پارەی ئەو کابرا

گووه، عەزیمی، کوێری کردووه.

**دایکی مەهشید:** نە، زۆریش بینایە... مەهشید هێشتا گەنجە، جوانە، بۆچی ژیانی بەدیار تۆوه بەفیڕۆ بدات؟ مەگەر تۆ چیت پێداوه؟ چیی پێئەدەی؟ باشە بۆچی تەڵاقی نادەی؟ دەی حەز ناکات لەگەڵ تۆ بژی، هەرچیی بەسەرهاتووه بەسی نییە؟ (دەفتەری چێکەکەی لەسەر مێزێک لەناو کتێبێکی بچووکەوه دەردێنێ، ئەیکاتەوه و قەڵەمێک ئەگرێ بە دەستەوه) چەندە بنووسم؟ بڵێ چەندە بنووسم؟ ئەزانم زۆر پێویستت بە پارەیە... (هاموون حەپەساوه و سەیری ئەکات) بڵێ چەندە؟... هۆی! لاڵ بوویت؟

**هاموون:** بە تەمای چی بکڕی؟

**دایکی مەهشید:** ئازادیی مەهشید.

**هاموون:** یان شەرەفی من؟

**دایکی مەهشید** (بە ڕاشکاوی): بڵێ چەندە؟

**هاموون:** تۆ خۆت باش ئەزانی کچەکەت چیی کردووه.

**دایکی مەهشید:** بڵێ چەندە؟

هاموون بە دەم پێکەنینەوه بەرەو ژوورەکەیتر ئەچێت، جانتاکەی هەڵئەگرێ.

**هاموون:** نە، تەڵاقی نادەم، ئەمەوێ جەزرەبەی بدەم، ئەمەوێ تۆڵەی لێبکەمەوه.

هاموون جانتاکەی ئەدات بە شانیدا.

**دایکی مەهشید** (لە پشتییەوه): تۆ بێجا ئەکەی، ئەگەر باوکی سەرێک بلەقێنێ، ئەو دنیا دێننە بەرچاوت داماو!

هاموون بە هێوری لە هۆڵەکە ئەچێتە دەرەوه...

لە گەڕەکێکی کۆنی باشووری شاردا، هاموون بە پانتایی

شەقامێکی قەرەباڵغ و پڕ هاتوچۆدا تێئەپەڕێ، ئەچێتە ناو کۆڵانێک، بە ناو تاریکە بازاڕێکدا ئەچێت و ئەڕواتە ناو کۆڵانێکی باریکتر و چۆڵ، ئەگاتە بینایەکی کۆن، زەنگەکەی لێئەدات، دوای چرکەیەک پەنجەرەی تەنیشت دەرگای ماڵەکە ئەکرێتەوە، پیرەژنێک دێتە بەر پەنجەرەکە.

**پیرەژن**: کێیە؟ کێیە؟

**هاموون**: ماڵی جەنابی ئەندازیار عابدینییە؟ کاک عەلی؟

**پیرەژن**: بەڵێ، بەڵێ .

**هاموون:** من هاموونم، تەشریفی لەماڵەوەیە؟

**پیرەژن**: خۆی لە ماڵەوە نییە، نامەیەکی دانا (کاغەزێک ئەدات بە هاموون) وتی کاتێک بەڕێز هاموون هات پێی بدە.

**هاموون**: دڵنیای ئەم نامە بۆمنە؟

هاموون کاغەزەکە وەرئەگرێ.

سەیری نامەکە ئەکات، بەسەر نامەکەوە نووسراوە: « ساقی کەلایە، بەر لە ... »

**هاموون**: فەرمووی هاموون؟

**پیرەژن**: بەڵێ، بەڵێ.

**هاموون**: زۆر سوپاس ، زۆر سوپاس.

سەیری نامەکە ئەکات و ئەکەوێتە ڕێ.

**دەنگی هاموون**: چۆن ئەیزانی من دێم؟ نەکا عەلی بەڕاستی غەیبزان بێت؟

هاموون بە کۆڵانێکی تەنگەبەر و کۆندا بە پەلە تێئەپەڕێ، بەژێر تاقێکدا ئەڕوات، ئەگاتە بەر دەرگایەکی دارینی گەورە و کۆن، پاڵی پێوەئەنێت و ئەیکاتەوە، ئەچێتە ناودەرگایەک و پاشان داڵانێک

و ئینجا ئەگاتە ناو حەوشەیەک، ئەوەستێت و بە دڵتەنگییەوە تەماشای حەوشە گەورەکە ئەکات،ماڵێکی کۆن، حەوز، باخچە و داری هەنار و هەنجیر... بە ئارامی بەسەر گەڵا وشکەکاندا هەنگاو ئەنێت، ئەیەوێ بە پلەی ماڵەکەدا سەربکەوێت، لەم کاتەدا پیرەژنێک لە ژێر زەمینەکەوە دێتە دەرەوە، بە دەستێکی چرا لەمپایەک و بە دەستەکەیتری گۆزەیەکی هەڵگرتووە، پیرەژنەکە بە بینینی هاموون دەحەپەسێت و بە چاوی تەڕەوە بە پەشۆکاوی سەیری ئەکات.

**هاموون**: سڵاو نەنە حوججەت! مەترسە، مەترسە، من حەمیدم، کوڕەکەی میهری خانم.

**نەنە حوججەت** ( ئەیناسێتەوە): ها، حەمید خان! چۆنی؟

**هاموون**: تفەنگەکەی باپیرەم کوا؟ تفەنگەکەی باپیرەم؟

**نەنە حوججەت** (بە سەر سووڕمانەوە): تفەنگ؟... بۆچیتە؟

**هاموون**: ئەمەوێ بڕۆم بۆ ڕاو.

**نەنە حوججەت**: ڕاو؟ نازانم (ئاماژە بۆ ژێر زەمینەکە ) ڕەنگە لەوێ بێت.

هاموون بە پەلە چرا لەمپاکە لە نەنە حوججەت وەرئەگرێ و ئەچێتە ناو ژێر زەمینەکە.

نەنە حوججەت بە گومانەوە سەیری ئەکات و پاشان بە پلەکاندا سەرئەکەوێ.

ژێر زەمینی ئەو ماڵەکۆنە پڕە لە شتومەکی کۆن و تۆز لێنیشتوو، هاموون بە چرا لەمپاکەوە دەگەڕێ، جاڵجاڵۆکە هەموو شوێنێکی تەنیوە.

چاوی بە شتێک ئەکەوێ، ماق دەبێ، قاپی شکاوی وێنەیەکی سەردەمی ڕابردووە، هەڵیئەگرێت و دائەنیشێ و بۆی ئەڕوانێ، فوو لە خۆڵی سەر قاپەکە ئەکات، وێنەیەکی ڕەش و سپیی

کاتی منداڵییەتی، چوار منداڵ بەڕیز، لە پشتی یەکترەوە لەسەر پلەکان دانیشتوون و پێئەکەنن... حەمید قاپی وێنەکە دائەنێ و ئەلبومێکی کۆنی خۆڵاوی لەسەر وێنە و ئەلبومەکانیتر هەڵئەگرێ و لاپەڕەکانی هەڵئەداتەوە، وێنەی ڕەش و سپیی دایکی، دایەگەورە... منداڵەکان...

**هاموون** ( بە بینینی وێنەیەکی تاکی دایکی، دەستی ئەخاتە سەر وێنەکە ): ئاخ.. دایەگیان!

دەست ئەهێنێ بەسەر وێنەی خوشک و براکانی و کەسەکانیتردا، وەک بیەوێ هەستیان پێبکات.

**هاموون**: حەمیدە، خاڵەگیان، کاکە، خوالێیخۆش بێت...

لە دوورەوە دەنگی هەراو هاروهاجیی منداڵان دێ کە بەرەبەرە دەنگەکە زیاتر ئەبێ، حەمید ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ ساڵانی لەمەوبەر کە حەمید و منداڵەکان لە حەوشی کۆنی ماڵەکەدا، گەمەی "دایە مەمدە بە گورگە" ئەکەن و منداڵەکان ئێستا بەدوای هاموونداا ڕائەکەن و ئەو خۆیان لێلائەدات و ڕائەکات، لە سووچێکی حەوشەکەدا "مەمەدەلی" (خزمەتکارەکەیان) خەریکی ئامادەکردنی خەڵووزە بۆ کورسیی زستان، لەلای حەوزە گەورەکەدا، دایە و نەنە حوججەت خەریکی شۆردن و ئاو کێشانی جلن.

دایەگەورە، لەڕ و لاواز، لەحاڵێکدا بە شەلەشەل هەنگاو دەنێ، بوخچەیەک لە بندەستیدایە و لە حەمام هاتۆتەوە.

**دایەگەورە** (بە منداڵەکان): ئەوەندە قیرەقیڕ مەکەن، هێواش، سەرم داکەوت، شێت بووم بەدەستتانەوە ... چیتانە؟...

**دەنگی منداڵەکان**:... نۆرەی حەمیدە بیگرین...(حەمید ڕائەکات).

**دایکی حەمید**: جەمیلە، جەمیلە، وەرە یارمەتیم بدە، ئاوم

بۆهەڵگۆزە.

جەمیلە دێت و ئاو بۆ دایکی هەڵدەگۆزێ، دایکی جلەکان لە ئاو ئەکێشێ و قوڵی هەڵئەکات و لای حەوزەکە دائەنیشێ و کیڕکەکیڕک لە دەستییەوە دێنێ، ئەبێ حەوت جار هەتا ئانیشکی لە ئاو هەڵژەنێ، منداڵەکان لەلای حەوزەکە کۆئەبنەوە، حەمیدە دائەنیشێ و کایە بە ئاوەکە ئەکات. حەمیدیش بەرامبەر بەو لەوبەر حەوزەکەوە دائەنیشێ، حەمیدە بە هێواشێک بانگی حەمید ئەکات.

**حەمیدە**: حەمید! (.. و بە دەست ئاماژ بۆ حەمید ئەکات کە باز بداتە ناو ئاوەکە).

جەمیلە بەدەم ئاو هەڵگۆزینەوە بۆیان ئەڕوانێ، حەمید سەری ئەخات بە پشتدا یانی نە! یانی باز ناداتە ناو ئاوەکە، بەڵام وادیارە دڵیشی پێوەیە، پێئەکەنێ، جەمیلە بە سەر ئامارژەی بۆ ئەکات کە باز بداتە ناو ئاوەکە، حەمیدە تێئەگەیەنێ کە ئەگەر حەمید باز بداتە ناو ئاوەکە، پیرەژنەکە لە ترسانا ئەبوورێتەوە، لاسایی ئەو ئەکاتەوە و بە هێواشی پێئەکەنێ، حەمید سەرەنجام ئەوەستێت و لەناکاو بازئەداتە ناو ئاوەکە و لە ژێر ئاوەکەدا ئەمێنێتەوە...

دایەگەورە ئاگای لە بازدانی حەمید بۆ ناو ئاوەکە ئەبێت.

دایەگەورە (زۆر ترساوە): چی بوو؟ کوڕەکەم کەوتە ناو حەوزەکە... ئەی خوایە... فریای کەون، ئێستە ئەخنکێ، کوڕەکەم کەوتە ناو حەوزەکە، ئێستە ئەخنکێ، فریای کەون، (دەست ئەکاتە گریان).

دایکیان ئەچێ بۆ لای دایەگەورە، باوەشی پێدا ئەکات و هێوری ئەکاتەوە.

**دایە** (بەرەو حەوزەکە): حەمید! وەرە دەرەوە (ڕوو لە دایەگەورە)

هیچ نییە دایەگیان، هیچ نییە (ڕوو لە حەوزەکە ) حەمید! وەرە دەرەوە، هەناسە سارد وەرە دەرەوە...

بەڵام حەمید دیار نابێ، بەرەبەرە دایە و منداڵەکانیش خەمیان لێدێ، دایەگەورە هەروا ئەناڵێنێ... لەناکاو منداڵەکان ئەقریوێنن: هوورا، ئافەرین! ... و حەمید لەناو ئاوەکە دێتە دەرەوە.

دایەگەورە ( بەگریانەوە): هەناسە سارد، خۆ منت نیوەگیان کرد، منتان کوشت ئێوە ...

منداڵەکان چەپڵە ئەکوتن و قریوەقریو ئەکەن، مەحموودی براگەورەکەش بە جلەکانییەوە باز ئەداتە ناو ئاوەکە...

هاموون کاتێکی‌تری ڕابردوو دێنێتەوە یاد، لە ژوورێکی ماڵە قەدیمییەکەدا، دایکی چارشێوێکی سپیی داوە بەسەر شانیدا و لە سووچێکەوە دانیشتووە و بەدەم برنج پاککردنەوە، حەمیدی هەشت ساڵان، فێری نوێژکردن ئەکات، حەمید بە ژێرکراس و بیجامەیەکەوە ڕووەو قیبلە وەستاوە و گوێ لە دایکی ئەگرێ و دووپاتی ئەکاتەوە.

**دایە:** قول هو ئەڵڵاهوئەحەد٠

**حەمید:** قول هو ئەڵڵاهوئەحەد٠

**دایە:** ئەڵڵاهو سەمەد٠

**حەمید:** ئەڵڵاهو سەمەد

**دایە:** لەم یەلید٠

**حەمید:** بەڵێ؟

**دایە:** لەم یەلید (بە هێواش) مرۆڤ بەسەر نوێژەوە قسە ناکات، لەم یەلید٠

**حەمید:** یەم یەلید٠

**دایە:** لەم یەلید٠

**حەمید:** لەم یەلید.

**دایە:** وە لەم یوولەد.

**حەمید:** وە لەم یوولەد.

**دایە:** وە لەم یەکون.

**حەمید :** وە لەم یەکون.

**دایە:** لەهو

**حەمید:** لەهو

**دایە:** کوفوەن ئەحەد

**حەمید:** کوفوەن ئەحەد

**دایە:** ئێستە دەستەکانت بەرزەوە بکە و سێ جار سڵاوات بنێرە.

حەمید بە پەلە سێجار سڵاوات ئەنێرێ: ئەڵڵاهومە سەلی عەلا موحەممەد و ئالی موحەممەد ئەڵڵاهومە...

**دەنگی دایە:** ئێستە دانەوە!...

ژێر زەمینەکە. دەنگی دایە هێشتا بەردەوامە، هاموون چاوی بڕیوەتە کونجێک و نوقمی ڕابردووە. دەنگی پێ و پاشان نەنە حوججەت دێتە ژوورەوە.

**نەنە حوججەت:** ئێ.. حەمید خان! بۆچی لێرە دانیشتووی؟ فەرموو بچینە سەرەوە... دۆزیتەوە؟

**هاموون:** چی؟

**نەنە حوججەت:** تفەنگەکە.

**هاموون:** ئاخ.. نە، من لەبیرم چوو... هەر نەگەڕام...

**نەنە حوججەت:** ئەبێ لەم ناوەدا بێ.

نەنە حوججەت چرا لەمپاکە بەرز ئەکاتەوە و بۆ تفەنگەکە ئەگەڕێ،

هاموونیش بە دوایدا، نەنە حوججەت فیشەکەکان ئەدۆزێتەوە.

**نەنە حوججەت:** ئەمە فیشەکەکانی... تفەنگەکەش هەر ئەبێ لەم ناوەدا بێ...

**هاموون:** دەی بیدە بە من، چراکە بێنە بەم لاوە...

هاموون تفەنگەکە ئەدۆزێتەوە، ئاڵاوە لە گۆنییەکەوە، تفەنگەکە دائەنێ، سەرەتا پەتەکەی دەوری و پاشان گۆنی و دەلقەکەی دەردێنێ.

**نەنە حوججەت:** پێم وانییە بەکەڵک بێت، دەمێ ساڵە کاری پێنەکراوە.

**هاموون:** با بزانین (تفەنگەکە تاقی ئەکاتەوە) خاوێنە ! کوا فیشەکەکانی؟

فیشەکەکان وەردەگرێ، چەند دانەیەکی ئەخاتە گیرفانی، دانەیەک ئەخاتە ناو تفەنگەکە، فیشەک ئەخاتە سەر لوول.

**هاموون:** ئامادەیە... باشە دەی، من چووم، خواحافیز.

**نەنە حوججەت:** بۆکوێ بەم پەلەپەلە؟ ناتەوێ دایەگەورە ببینی؟

هاموون ئاوڕ ئەداتەوە، ئەوەستێت و بە سەرسووڕمانەوە سەیری نەنە حوججەت ئەکات، وەک لەبیری چووبێ کە دایەگەورە هێشتا ماوە.

**هاموون:** دایەگەورە؟ لە کوێیە؟

**نەنەحوججەت:** لە سەرەوە (ئاماژە ئەکات بۆ نهۆمی سەر ژێر زەمینەکە).

**هاموون:** حاڵی چۆنە؟

**نەنە حوججەت**: باش نییە، نە قسە ئەکات، نە کارێک ئەکات... تەنیا منی داماو لەبەیانییەوە تا ئێوارە ئەبێ کارەکانی بۆبکەم، تەڕ

و وشکی بکەم، بەخوا ئیتر ماندوو بووم.

**هاموون** (بە هێواش): باشە ئەی نوێژ و شت ئەکات؟

**نەنە حوججەت**: وەڵڵا من خۆ نەمدیوە، هەر ئەڵێ بۆچی هەمیشە شەوە؟ بۆچی ڕۆژ نابێتەوە؟ (بە چپە و بە نهێنی) جارێکیش وتی بە من، خوا چییە؟ بەهەشت و جەهەننەم چییە؟ لە کوێیە؟

**هاموون**: ئەوە بەڕاستە؟ یانی هەر بە تەواوی؟...

**نەنە حوججەت**: هەر ئاگای لە هیچ نەماوە.

هاموون و بەدوایدا نەنە حوججەت، لە ژێر زەمینەکە دێنە دەرەوە، بە پلەکاندا سەرئەکەون، هاموون تفەنگەکە لای دەرگای ژووری دایەگەورە دائەنێ و ئەچێتە ژوورەوە، دایەگەورە بەرانبەر پەنجەرەیەکی گەورە لەناو جێگەکەیدا دانیشتووە و تەماشای دارکاژەکان و قاڵاوەکان ئەکات، ڕوخسارێکی لۆچ تێکەوتوو، چاوی کز، لاواز و کووڕ... نەنە حوججەت ئەچێتە پشت پەردەکەوە بۆ بەشێکی تری ژوورەکە... هاموون لە بەردەم دایەگەورەدا لەسەر عەرزەکە دائەنیشێ .

**هاموون**: سڵاو دایە.

**نەنە حوججەت** (لەودیو پەردەکەوە): دایە گوێی گرانە، نەختێک بەرزتر بڵێ با بیبیسێت.

**هاموون** (بەدەنگی بەرز): حەمیدم ، کوڕی میهری خانم.

دایەگەورە بەحەپەسانەوە بۆ هاموون ئەڕوانێ و لەبەرخۆیەوە بڕێک شت ئەڵێت کە کەس لێیتێناگات و ئەناڵێنێ.

**هاموون** (بە دەنگی بەرز): ئێستە ئەزانی دایکە کە چەن فریوت خواردووە؟

دایەگەورە ئەناڵێنێ.

**هاموون** ( هێواش): تۆیش وەک منی... ئیتر بڕوات بە هیچ نەماوە.
**دایەگەورە** (بەزەحمەت و بەدەم ناڵینەوە): نەنە حوججەت... نەنەحوججەت... زۆر زەحمەتی پێئەدەم ... خوا لێم نابووریٚ...

هاموون بە بیستنی ناوی خودا، سەری سوورڕدەمێنیٚ، بۆ سەرەوە و پاشان بۆ دایەگەورە ئەڕوانیٚ و لەبەر ئەوەی گومانی لە ئیمانی ئەو کردبوو، شەرم ئەیگریٚ.

**نەنەحوججەت**: خوا لێتئەبووریٚ دایە گیان، جا من چیم کردووە؟

لەودیو پەردەکەوە نەنە حوججەت دێتە دەرەوە و ئەنووشتێتەوە، ژێر باڵی دایەگەورە ئەگرێت و بە هێواشی بەرزی ئەکاتەوە، هاموونیش یارمەتیی ئەدات، دایەگەورە بە دەم ناڵین و ئاخ و ئۆفەوە لەتاو ژان، ئەچێتە پشت پەردەکەوە، نەنە حوججەت دایئەنیشێنیٚ و بە مەڵهەم و ئاوی گەرم دەست و لەشی دایەگەورە دەهەنویٚ.

**دایەگەورە** (لەودیو پەردەکەوە): منداڵەکەت... منداڵەکەت باشە؟

**هاموون**: ئەریٚ.

**دایەگەورە**: ژیانت باش بەڕێوە ئەچیٚ؟

**هاموون** (پاش کەمێک): نە.

**دایەگەورە** (پەردەکە لائەدات و بە ناڵینەوە): بۆچی؟

**هاموون**: ژنەکەم داوای تەڵاق ئەکات.

**دایەگەورە**: ئای، ئای، ئای... ئازارت داوە؟

**هاموون**: نە، ڕقییەتی لێم.

**دایەگەورە**: هەی، هەی ... ئەی تۆ؟

**هاموون**: نە...

**دایەگەورە**: ئای، ئای، ئای، دڵت شکاوە.

**هاموون**: دەی... دایەگیان، من ئیتر ئەبێ بڕۆم.

**دایەگەورە**: نە...(دەستی درێژ دەکاتەوە و دەستی هاموون ئەگرێ) تەنیا کەوتووی؟ خەمخۆرێکت نییە ؟ (ئەگری) .

هاموون دەستی دایەگەورە ماچ ئەکات و بە هێواشی ئەگری، هێدی هێدی دەستی لەناو دەستی دایەگەورە دەردێنێ.

**دایەگەورە**: نە، نە...

هاموون بەرەو دەرگای ژوورەکە ئەچێ، پێڵاوەکانی لەپێ ئەکات و ڕێئەکەوێ، لەم کاتەدا نەنەحوججەت دێتە ناو داڵانەکە و چاوی بە تفەنگەکە ئەکەوێ .

**نەنەحوججەت**: حەمید خان (تفەنگەکە بەرز ئەکاتەوە) تفەنگەکەت لەبیر چوو.

**هاموون** ( هاموون بە خەم و پەژارەوە): ئاخ !

هاموون تفەنگەکە لە نەنەحوججەت وەرئەگرێ و بە پەلە بە پلەکاندا ئەچێتە خوارەوە.

هاموون لەماڵەکە دێتە دەرەوە، تفەنگ بەدەستیەوەیە و بە پەلە هەنگاو ئەنێ، لە کۆڵانێکی باریکەوە تێئەپەڕێت، چەند کەسێک بە سەرسووڕمانەوە بۆ تفەنگەکەی دەستی ئەڕوانن، حەمید ئەگاتە ناو شەقامێکی قەرەباڵغ و پڕ هاتوچۆ، کەس ئاگای لەو نییە، جگە لە یەک دوو کەس کە بە خەمساردییەوە سەیری ئەو و تفەنگەکەی ئەکەن و تێئەپەڕن.

هاموون دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی ئەکاتەوە، تفەنگەکە لەناو ماشینەکە، لای دەستی خۆیدا دائەنێ، سوار ئەبێ، ئۆتۆمبیلەکە هەڵئەکات و پاشان شتێکی بیر ئەکەوێتەوە، ملوانکەکەی عەلی ـ کە سەوقاتیی مەشهەدە ـ لە ملی ئەکاتەوە و فرێی ئەداتە

ناو داشبۆردەکە... دەرگای داشبۆردەکە توند پێوە ئەدات و ئۆتۆمبیلەکەی ئەخاتە ڕێ.

هاموون لە شاڕێیەکی پڕهاتوچۆدا بەرەو شارۆچکەی شوێنی نیشتەجێبوونی مەهشید بەڕێوەیە... هەوا بەرەبەرە تاریک دادێ. لە دوورەوە بێنا بەرزەکانی شارۆچکەکە دەرئەکەون.

هاموون لە پەراوێزی شاردا بە جادەیەکی خاکیی باریکدا ئەڕوات، دەوروبەری بیابانە و خانوبەرەی کراوە و نیوەکراوە ئەبینرێت، هاموون لای تەپێ گڵی داکراودا ئەوەستێت، ئۆتۆمبیلەکەی ئەکوژێنێتەوە، تفەنگەکە دەردێنێ و بە هێوری و بەبێدەنگ، لەنێو تەپۆڵکە گڵەکانەوە بەرەوماڵەکەی ئەڕوات، پاسەوانێک لەبەردەم ماڵێکی سێ نهۆمی تازەکراودا ئێشک دەدات، هاموون بە پسکەپسک بە پلەی بینایەکی نیوەکراوەدا ـ کە بەسەر ماڵەکەیاندا ئەڕوانێ ـ، ئەچێتەسەر، پاسەوان دەنگی پێی ئەبیسێت، ئاوڕ ئەداتەوە، بەڵام لە تاریکایی پلەکاندا کەس نابینرێت.

هاموون لە حەشارگەکەی دێتە دەرەوە و بە پسکەپسک لە پلەکانەوە هەتا سەربان ئەچێتە سەرەوە، درێژایی بانەکە دەبڕێ و لە شوێنێک لە پەنای دیواری کورتی لێوار بانەکەدا، جێگیر ئەبێ. لە لای ئەوەوە ، بینا ئاجۆری و مودێرن و ڕازاوەکە و پەنجەرەکانی نهۆمی سێیەم بەباشی دیارن... هاموون چاوەڕێ دەبێ و دائەنیشێ... پاڵ بە دیوارەکەوە ئەدات و سەری دەنێ بە تفەنگەکەوە.

پاش کاتژمێرێک. هاموون هەروا چاوەڕێیە، لە خواریشەوە پاسەوانەکە ئێشک دەدات، هاموون بۆ ڕووناکیی گڵۆپەکانی ناو شار و بۆ مانگ ئەڕوانێ کە لەپشت هەورەوە خۆی حەشار داوە،

سەرەنجام لە دوورەوە و لەوپەڕی کۆڵانەکەوە، ئۆتۆمبیلەکەی مەهشید ـ ڕینۆیەکی سپی ـ نزیک ئەبێتەوە، هاموون بەئاگا دێت و سەیری خوارەوە ئەکات، مەهشید ئەگاتە بەرماڵەکە و ئەوەستێ، لە ئۆتۆمبیلەکەی دائەبەزێ، پاسەوانەکە لە ئۆتۆمبیلەکە نزیک ئەبێتەوە.

**پاسەوان**: سڵاو، شەوباش.

**مەهشید**: هیچ دەنگوباسێک نییە بەڕێز ڕەحیمی؟

**پاسەوان**: هەر دەنگوباسی سەلامەتی...

مەهشید بەرگێکی شەوانەی ڕەشی لەبەردایە و پێستە خەزێکی داوە بەسەر شانیدا، دەرگایماڵەکە ئەکاتەوە و ئەچێتە ناو حەوشەکە، هاموون تفەنگەکە دەگرێ بەدەستەوە بە حاڵەتێکی ئاڵۆز و پەشۆکاو، سێرە بۆ مەهشید ئەگرێ... مەهشید مەودای حەوشەکە بە هەنگاوی ڕێک و پێک ئەبڕێت و هاموون هەروا سێرەی بۆ گرتووە و ... تەقە ناکات، مەهشید بەرەبەرە لەژێر میچی گەراجەکەدا ون دەبێ، هاموون هەناسەیەکی قووڵ هەڵئەکێشێ و بێئاگا دەست ئەکات بە ژماردنی پلەکان.

**هاموون** (دەژمێرێ): یەک، دوو، سێ، چوار، لابکەرەوە (مەهشید لە پێچی سەر پلەکانەوە لا ئەکاتەوە) ... حەوت، هەشت، نۆ، لابکەرەوە (مەهشید لائەکاتەوە) ئێستە دەرگاکە بکەرەوە، گڵۆپەکە داگیرسێنە (هاموون چاوی هەڵئەبڕێ و بۆ پەنجەرەی گەورەی نهۆمی سێیەم ئەڕوانێ، دوای چرکەیەک گڵۆپی ئاپارتمانەکە دائەگیرسێت، هاموون خۆشحاڵە، ئەپاڕێتەوە، ئێستە وەرە بەر پەنجەرەکە، وەرە، وەرە بەر پەنجەرەکە...

مەهشید دێتە پشت پەنجەرەکە، پەردەکان لائەدات، پەنجەرەکە ئەکاتەوە. هاموون سێرەی بۆ ئەگرێت.

**هاموون** (لەبەرخۆیەوە): بێمرووەت ! ئەگەر ئەتزانی هێشتا چەندەم خۆش ئەوێی...

مەهشید هەوای تازە هەڵدەمژێ و سەیری دەوروبەر ئەکات، لەناکاو بە هاموون دەزانێ.

**مەهشید** (بەسەرسووڕمان و بە ئارامی): ئێ؟ حەمید؟ تۆ لەوێ چی ئەکەی؟

حەمید لە دوورەوە وەک کوند ئەچێتەوە یەک و چاویلکەکەی دەبریسکێتەوە... حەپەساو و تامەزرۆ. وادیارە گوێی لە دەنگی بووە.

**هاموون** ( هێواش): گیان! چییە؟

**مەهشید** (لەناکاو بە تفەنگەکەی ئەزانێ و هاوار ئەکات): بەڕێز ڕەحیمی! بەڕێز ڕەحیمی! یارمەتی...

پاسەوان ڕەحیمی گوێی لە هاوارەکەی مەهشید ئەبێ.

**پاسەوان**: بەڵێ، بەڵێ خانم، بەڵێ خانمی سلێمانی، چی بووە خانم؟

بەرەو دەرگای حەوشەکە ئەچێ.

**مەهشید**: بەڕێز ڕەحیمی! فریاکەوە، فریاکەوە...

**هاموون** (بەتووڕەییەوە سێرەی بۆ ئەگرێ): مەقیرێنە، مەقیرێنە، تەقە ناکەم، تەقەت لێناکەم، تەقەت لێناکەم... نە.

هاموون تەقە ئەکات، گوللەکە بەر دیواری لای پەنجەرەکە ئەکەوێ، شیشەکە ئەشکێ. مەهشید بە ترسەوە ئەقیژێنێ و خۆی ئەشارێتەوە، هاموون تفەنگەکە لائەبات، تەماشا ئەکات، زۆر پەشۆکاو و بێقەرارە و کاتێک دەنگی هاواری مەهشید ئەبیسێت هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵئەکێشێ.

**مەهشید** (بە هاوار هاوار):...بینیم، بیگرە،بکوژ! (دەقریشکێنێ)

پاسەوانەکە بەشوێن دەنگەکەدا ئەچێ، هاموون پشتاو پشت ئەچێتەدواوە و لەپشت دیوارەکەوە خۆی ئەشارێتەوە، پاشان بە پلەکاندا ئەچێتە خوارەوە، خۆی لە تاریکییەکەدا ئەشارێتەوە، پاسەوانەکە چەک بەدەست، بەرەو دەنگەکە ئەچێت و لە تاریکییەکەدا ون ئەبێت... دوای چرکەیەک هاموون لە بیناکە دێتەدەرەوە، ڕائەکات و لەناو تەپەخۆڵەکانەوە خۆی ئەگەیەنێتە سەر هەڵدێرێک، پاسەوانەکە بە شوێنیدا ئەچێت، هاموون ئەگاتە لێواری هەڵدێرەکە، ئەوەستێت و تفەنگەکە لە هەڵدێرەکەوە ئەخاتە خوارەوە و پاشان ڕائەکات... پاسەوانەکە نزیک ئەبێتەوە، ئەوەستێ، بۆ خوارەوە بۆ تفەنگەکە و پاشان بۆ هاموون ئەڕوانێ و نازانێ چی بکات، لەئاکامدا واز لە هاموون دێنێ و بەدوای تفەنگەکەدا ئەڕوات...

هاموون لە جادەیەکی کوێستانیدا بەڕێوەیە، مۆزیکی "مەس"ی باخی لێداوە و بەخێرایی و بێوچان لێئەخوڕێ... لە یەک دوو ئۆتۆمبیل پێش ئەکەوێت.

**دەنگی هاموون**: خودایە! موعجیزەیەک! بۆ منیش موعجیزەیەک بنێرە... وەک ئیبراهیم... ڕەنگە موعجیزەی من لە جووڵەیەک زیاتر نەبێ... تەنیا سووڕێک، تەنیا بازدانێک (ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو هەڵدێرەکان دەسووڕێنێ) بۆ ئەم لا، بۆ ئەولا...

بەفر هەموو کوێستانەکەی گرتووە، جادە خلیسک و تەڕە، بەڵام هاموون باکی نییە، هەروا بە خێرایی بەلای ئۆتۆمبیلەکاندا تێدەپەڕێ، ئەگات بە پاسێک، پاسەکە ڕێگەی نادات، هاموون هەوڵئەدات پێشی بکەوێت، ناتوانێ، ئۆتۆمبیلێک بە خێراییەکی زۆرەوە لە بەرامبەرەوە دێت. هاموون خۆی لائەدات و ئەچێتە پشت پاسەکەوە، ئۆتۆمبیلەکە بە مەودایەکی زۆر کەمەوە بەلای هاموونددا تێئەپەڕێ.



**دەنگی هاموون**: ترسنۆک، ترسنۆک، نەفام، خوێڕی! ناوێری... مەگەر ئیتر چی ماوە؟ لێدە و بڕۆ...

گورڕم ئەبەستێتەوە کە بە خێرایی لە پاسەکە پێش بکەوێت، ئەگەنە سەر پێچێکی گەورە، لە بەرامبەرەوە لۆرییەک دێت، هاموون ڕێک بەرەو لۆرییەکە ئەچێت، لۆرییەکە بەردەوام لە هۆڕینەکەی ئەدات، هاموون بێئاگا بەرەو دۆڵەکە پێچ ئەکاتەوە، بەسەر بەفرەکەدا ئەخزێت، تەنیا بستێکی ئەمێنێ بۆ هەڵدێرەکە و ... سەرەنجام ئەوەستێ... هاموون سەری ئەنێ بە ڕۆڵەکەوە، پاسەکە لە قەراخ جادەکەدا ئەوەستێ و شۆفیرەکەی دائەبەزێ و بانگ ئەکات.

**شۆفیر**: کاکە، برا! هیچ بووە؟

هاموون شەکەت و بەدەم لەرزەوە، دادەبەزێ و بە دەست ئاماژە ئەکات کە هیچ نەبووە، شۆفیری پاسەکە سوار دەبێتەوە و ئەڕوات، هاموون ئارام بەرەو هەڵدێرەکە ئەچێت، ئەوەستێ و بۆ ناو دۆڵەکە ئەڕوانێ، دۆڵەکە یەکجار قووڵە و بەشێوەیەکی یەکدەست سپییە... هاموون دەبینێ خەریکە ئەلەرزێ. بۆ قاچەکانی خۆی ئەڕوانێ، قاچەکانی هاموون لە ترسان ئەلەرزن.

لە جادەیەکی سەوز و ڕازاوەی باکووردا، لە هەوایەکی هەوری و بارانێکی نمنمدا، ئۆتۆمبیلەکەی هاموون بەڕێوەیە، هاموون دوای تێپەڕین بە جادەیەکی خاکیی کەنار دەریا و یەک دوو شەقامی قیرتاودا، لەبەردەم پرۆژەیەکی بیناسازیی گەورە (پرۆژەیەکی گەورەی پیشەسازی) دا ئەوەستێت. لەبەر دەرگاکەدا کۆمەڵێک کرێکار و ئەندازیار لەدەوری چاخانەیەکی بچووکدا چا دەخۆنەوە و قسە ئەکەن، هاموون بەلایاندا تێدەپەڕێ و لەبەردەم مێزی پاسەواندا ئەوەستێت.

**هاموون**: بەڕێز، سەلامون عەلەیکوم، حاڵی جەنابت باشە؟ کارم

به ئەندازیار عابدینی هەیە.

**پاسەوان:** پێشتر کاتی بۆداناوی؟

**هاموون:** نە

**پاسەوان:** کارت چییە؟

**هاموون:** کارم پێیەتی.

**پاسەوان:** قەرزت لایەتی؟

**هاموون** (بە پێکەنینەوە): نە کورە ... قەرزی چی؟ ئەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم.

**پاسەوان:** ناوی بەڕێزت؟

**هاموون:** حەمیدی هاموون.

پاسەوان بۆ هاموون و پاشان بۆ بینایەکی بەرزی نیوەکراوە لەو دوورە دەڕوانێ.

**پاسەوان:** ڕۆیشتووە بۆ ئەو سەرەوە، یەک دوو کاتژمێر کاری هەیە، ئەتوانی هەر لێرە دانیشی تا دێتەوە.

هاموون بۆ سەر بینا بەرزەکە ئەڕوانێت، لە دوورەوە عەلی و چەند ئەندازیاری دیکە پێکەوە قسە ئەکەن.

**دەنگی هاموون:** ئا لەم بارودۆخەدا بەتەمای چیی پێ بڵێی؟ ئەو ئەتوانێ چیت بۆ بکات؟ لێیگەڕێ با بەکارەکانی خۆی ڕابگات...

هاموون بۆ ساتێک سەرگەردانە. بۆ پاسەوانەکە دەڕوانێت و پاشان بۆ دەریا و ئینجا بەرەو دەریاکە ئەکەوێتە ڕێ...

قەراخ دەریا. هاموون لە پشت تەپۆڵکەیەکەوە دێتە سەرەوە. ملیوانەی چاکەتەکەی هەڵداوەتەوە، شەکەت و بێتاقەتە، هەوا هەور و باراناوییە، هاموون بۆ دەریای پڕ شەپۆل و کەفاوی ئەڕوانێت و لە تەپۆڵکەکەوە ئەچێتە خوارەوە.

**دەنگی هاموون**: خودایە! چەند ماندووم، ئیتر تاقەتم نەماوە.

ئەوەستێت و سەیری دەریا ئەکات، لە ڕوخساریدا هەستی ئازار و بێدەسەڵاتی شەپۆل ئەدات، کاتێک ئاوڕ ئەداتەوە چاوی بە ڤیلایەکی گەورە و بەلەمێکی ماتۆڕێ و بڕێک کەرەستەی مەلەکردن ئەکەوێ، کەس لەو ناوەدا دیار نییە... هاموون ئەڕوات بۆلای بەلەمەکە، لەسەر عەرزەکە خاولی و چاویلکە و تۆپ و هەندێ شتیتر وەک خاکەناز و بێڵی منداڵانە ئەبینرێت، هاموون پاڵ بە بەلەمەکەوە ئەدات، سەیرێکی دەوروبەر و دەریا ئەکات، لە خەیاڵیدا عەلی ئەبینێ کە کۆلارەیەکی ڕەنگاوڕەنگی بەدەستەوەیە و لە کەنار دەریادا ڕێدەکات و پاشان... ون ئەبێت، هاموون بەبێ گوێدان بەو خەیاڵە ( وەک ئەوەی پێی ڕاهاتبێ) ئاوڕ ئەداتەوە، ئەڕوانێ بۆ ڤیلا گەورەکە و بۆ ناو درەختەکان و بۆ ئامێرەکانی یاریی منداڵان لەسەر عەرزەکە.

**دەنگی هاموون**: چی دەبوو ئەگەر هەموو شتێک وا ئەبوو کە من حەزم ئەکرد؟ ... هەموو شوێنێک ئاشتی و برایەتی ... هەموو شوێنێک ئەوین و خۆشی... (هەناسەیەک هەڵئەکێشێ).

هاموون دائەنیشێ بە بێڵی باغەکە خۆڵ هەڵئەگرێ و ئەیکاتە ناو سەتڵێک، بێڵەکە شکاوە.

هاموون بەبڕشتانە ئەکەوێتە هەوڵ، بێڵەکە فڕێ ئەدات و سەوڵەکە هەڵئەگرێ و بەبڕشتانە و بەشەوقەوە دەست ئەکات بە هەڵکەندنی زەوی... وتەکەی عەلیی دێتەوە یاد:

**« کار لە پێناوی کاردا نەک لەپێناوی ئەنجام و ئاکامەکەیدا... »**

خاکی کەنار، نەرمە و کەندنی ئاسانە.

پاش کەمێک لە دوورەوە، خەڵکی ناو ڤیلاکە دێنەوە، هەموویان جلی وەرزشیان لەبەرە، کوڕێکی بچووک سواری ئەسپێکی سپی

بووه و باوکی هەوسارەکەی ڕادەکێشێ، لە دەوروبەری ئەواندا دوو سێ لاوی‌تر یاریی تۆپێن ئەکەن، کچێک کۆلارەیەکی ڕەنگاوڕەنگی بەدەستەوەیە، هەموویان لە دوورەوە لە ڤیلاکە نزیک ئەبنەوە، هاموون چاڵێکی گەورەی کەندووە و خۆی تا ئەژنۆ چووەتە ناوی و بەبرِشتانە هێشتا خەریکی کەندنە، پیاوێکی قەوی و قۆڵ ـ خاوەنی ڤیلاکە ـ کە جلوبەرگی وەرزشی لەبەردایە و خاولییەکی داوە بەشانیدا، بەبینینی چاڵەکە و هاموون سەری سووڕدەمێنێ.

**خاوەن ڤیلاکە**: ئێ ئێ ئێ؟ تۆ لێرە چی ئەکەی؟ کاکە؟بەڕێز؟ لەگەڵ تۆمە، بۆچی بێڵی ئەو منداڵەت شکاندووە؟

هاموون بێئەوەی گوێی بداتێ خەریکی کەندنە.

**کوڕێکی بچووک**: بابە هەر وەک قەبرە.

**خاوەن ڤیلا**: پێم بڵێ ئەمە قەبری نەنەتە؟

**هاموون** ( بە هنکەهنک): نە بابە گیان... قەبری خۆمە، ئەمەوێ لێرە لەبەردەم بارەگای جەنابتانا خۆم زیندەبەچاڵ بکەم.

**خاوەن ڤیلا**: ئێ؟ ئێ؟ شێتە (بە منداڵەکان) بڕۆن ، بڕۆنە دواوە...

هاموون بە تووڕەییەوە لە چاڵەکە دێتەدەرەوە و لە خاوەن ڤیلاکە نزیک ئەبێتەوە.

**هاموون:** بەڕێز! نەکا وائەزانی ئەمەوێ هەروا بە خرت و خۆڕایی خۆم بخەمە چاڵ...

**خاوەن ڤیلا** (بەشەڕەوە): بڕۆ کاکە...

**هاموون**:... ئەویش لە زەوی و مڵکی جەنابتانا؟

**خاوەن ڤیلا**: لە زەویی ئێمەدا هەقت نییە...

**هاموون**: چەندەت دەوێ؟ دەبێ چەندەتان پێشکەش بکەم؟ (بڕێک ئەسکەناس لە گیرفانی دەردێنێ و دانە دانە فڕێیان دەدات

بۆ خاوەنی ڤیلاکە) دووسەد... سێسەد... هەزار... (گشت پارەکەی ئەپژێنێ بەسەر خاوەن ڤیلاکەدا) هەڵیگرە.. بۆ تۆ...

**خاوەن ڤیلا**: برۆ کاکە... (پاڵی پێوە دەنێ) برۆ بە قوربان... نامەوێ...

**هاموون**: کەمە؟ هانێ ئەوە دەستە چێکەکەم...کارتی ماشینەکەم... جانتاکەم... کەمە؟ هانێ (چاکەتەکەی دائەکەنێ و ئەیدا بەسەر خاوەن ڤیلاکەدا) ئەمەش بۆ تۆ (ئەنگوستیلەکەی لە پەنجەی دەردێنێ) هانێ، ئەوەش پارەی ئەو هەوایەی لێرەدا هەڵم مژیوە، ( ئەنگوستیلەکە ئەکوتێ بە عەرزدا، ئەڵقە ئاڵتوونەکە دەچەقێتە ناو لم و زیخەکە) ئیتر ئەڵێی چی؟ چیت ئەوێ؟ (هاوار ئەکات) چیت ئەوێ؟ (پێڵاوەکانیشی بەرزە هەوا فڕێ ئەدات) چیت ئەوێ؟

هاموون لائەکاتەوە و لە حاڵێکدا کە هاوار ئەکات «چیتان دەوێ؟»، بەخێرایی بەرەو دەریاکە ڕائەکات، خاوەن ڤیلا و منداڵەکان، هەموویان بەپەشۆکاوی و حەپەسانەوە، بۆی ئەڕوانن، هاموون بەرلەوەی بگاتە دەریاکە، ئاوڕ ئەداتەوە، جارێکیتر تەماشای کەنار و مرۆڤەکان ئەکات، قوڵپی گریانێک گەرووی گرتووە و خەریکە ئەیخنکێنێ، هەنسکە هەنسکیەتی و زۆر پەرێشانە... دەستی تا سەر سەری بەرز ئەکاتەوە و پووکاوڵی کەنار نشینەکان دەنێ... ئەگەڕێتەوە و بەرەو ئاوەکە ڕائەکات...

**خاوەن ڤیلا**: شێتە (بە منداڵەکان) بڕۆین، بڕۆینە ماڵەوە ( بۆ دەریا ئەڕوانێ).

هاموون بەناو ئاوەکەدا ئەچێتە پێشەوە، شەپۆلەکان بە هێز و سامناکن، جاربەجار بەتەواوی هاموون دائەپۆشن، خاوەن ڤیلا و منداڵەکان لەگەڵ ئەسپە سپییەکەدا بەرەو ڤیلاکە ئەڕۆنەوە... خاوەن ڤیلاکە هەڵئەگەڕێتەوە و ئەڕوانێ. لە دیدی ئەودا هاموون دیار نەماوە.

هاموون لە شەپۆلە گەورە و سامناکەکان تێپەڕیوە... ئێستە ئیتر ئارام و شەکەت بەرەوپێشەوە ئەچێت.

لە خەیاڵدا ئەبینێ کە هەوا گەردوگوڵە و خۆر هێشتا هەڵنەهاتووە، لە دوورەوە چەند گەمیەی گەورە و بەلەمی ماسیگرتن و پاپۆڕی بچووک، کە چراکانیان هەڵکردووە و تیشکی پرۆژێکتۆرەکانیان دەگرنە دەریاکە، بەرەوپێشەوە دێن، بەرەبەرە لە هاموون نزیک دەبنەوە و دەوری ئەدەن... لەسەر یەکێک لە گەمیەکانەوە تۆڕێک هەڵدەدەن و دوای ساتێک بە تۆڕ هاموون لە ئاوەکە دەرئەکێشن و لە قەراخ دەریاکە لە " کەناری موراد" دایئەنێن... کەنار سپی و ڕووناکە، لە دەوروبەرەوە کۆمەڵێک ژن و پیاو بە بەرگی ناوچەیی ڕەنگاوڕەنگ و سپییەوە لێی نزیکئەبنەوە، لەناو ئەو جەماوەرەدا کەسانێکی ئاشنا وەک دەروونناس سەماواتی و فەرەهوەشی، سەلیمی، تەقەوی، دەبیری، مەهشید، عەزیمی، دایکی مەهشید، دایکی هاموون، دایەگەورە و کەسانیتر ئەبینرێن... پیاوەکان لە تۆڕەکە دەریئەهێنن، دایکی هاموون لەلایەکەوە و مەهشید لەلایەکیترەوە لە کاتێکدا خاولییەکی سپییان بەدەستەوەیە، لە هاموون نزیک ئەبنەوە.

**دایکی هاموون**: هەناسەسارد! ئاخر ئەو کارانە چییە ئەیکەی؟ ... خۆ تۆ منت کوشت، ( پاشان خاولییەکە ئەدات بەسەر هاموونلدا).

**مەهشید**: کەرە بچکۆلەکە... ئاخر بۆچی وات کرد؟

ئەویش خاولییەک ئەدات بەسەر هاموونلدا.

**سەماواتی**: ئەو تۆڕە لابەن.

**فەرەهوەشی**: ئێ ئێ، ئەم کابرا بۆچی وایکردووە؟

**تەقەوی**: تۆڕەکەی لێبکەنەوە.

جەماوەر دەوری هاموون ئەدەن، لە تۆڕەکە دەریئەهێنن،

خاولییەکانی تێوەدەئاڵێنن.

**سەلیمی** ( بەرگێکی درێژی سپی لەبەردایە و تاجەگوڵێکی سپی لەسەرە): باشە ئیتر ، بیهێنن.

جەماوەر دەوروبەری هاموون چۆڵ ئەکەن، هاموون لە بەینی دوکتۆر فەرەهـوەشی و دوکتۆر سەماواتییەوە دێتە پێشەوە، حەپەساو و نەختێک خۆشحاڵ دێتە بەرچاو.

**دوکتۆر سەماواتی**: بە سکرتێرەکەمم وتووە کاتێکت بۆ دابنێ بێی بۆلام چاکت بکەمەوە.

**دوکتۆر فەرەهوەشی**:... من ئەمویست تۆ وریا بی، ئاگادار بی، کەرە! نەک ئاوا بچی خۆت بخەیتە ناو دەریا.

لەناو قسەکەی فەرەهـوەشیدا، جەعفەری بە بەرگێکی سپیی (ئێرانی سەدەی دەهەم) ـەوە لەبەردەم هاموندا دەرئەکەوێت.

**جەعفەری:** تا منت هەبێ خەمی هیچت نەبێ، برۆ ئاگام لێتە.

**هاموون** (بەزەوقەوە): دایە جەعفەری...

مەهشید بە بەرگی بۆکێنییەوە لەبەردەم هاموندا دەرئەکەوێ .

**مەهشید:** من خۆشم ئەوێی. خۆشم ئەوێی. خەفەت مەخۆ. لەلات ئەمێنمەوە...

هاموون حەپەساوە و بۆی ئەڕوانێ و زەردە ئەیگرێ.

**تەقەوی** (بەکڵاوی سەرداریکی ژاپۆنییەوە): مەبەستم ئەوە نەبوو کە تۆ " Initiation " ت نییە، بەڵکوو ڕێ و لاڕێ لەیەک جیاناکەیتەوە، وەک ئەم کارەی کە کردت، ئاخر مروڤ ئاوا ...

**دایکی هاموون**: هەناسە سارد! ... دیقم کرد بەدەستی تۆوە .

**سەلیمی**: هاموون، هاموون، دیت ئاخری دوکتۆر سرووش هەر پەنجادانەکەی کڕی... هەر بەو نرخەی تۆ پێتدابوو، بەڵام بۆچی نرخەکەت ئەوەندە بەرز کردبۆوە شەیتان؟

**هاموون** ( بەسەرسوورمانەوە): بەڕاستە؟ کرِی؟
**سەلیمی:** هەموویت فرۆشت.
**هاموون:** بەڵام من فرۆشیار نیم ها.
**سەلیمی:** ئەی سەگباب!

سەلیمی و کورتەباڵاکان ئەگەڕێنەوە، لە شوێنێک لەسەر لمە سپییەکان سفرەیەکی گەورە ڕادەخەن. جەماوەر لەملاوە بۆ ئەولا لە جووڵەدان، لە دوورەوە دەنگی دایەرە (دەف) و هەلهەلە دێت، دەبیری و دایکی مەهشید و عەزیمی نزیک دەبنەوە و لەلای هاموون و سەلیمی و فەرەهوەشیدا ئەوەستن.

**دەبیری** (بە هاموون): من ئەڵێم بەڕەسمی تەڵاقی مەدە، هەر تەڵاقی مەدە، دانیشن پێکەوە بژین، مەگەر چەندە لە تەمەنتان ماوە؟

جەماوەر هێدی هێدی لە سفرەکە کۆ ئەبنەوە، هەرکامیان دەروییەکی پڕ لە گەڵا و پەڕەی گوڵی ڕەنگاوڕەنگیان بەدەستەوەیە کە لەسەر سفرەکەی دادەنێن، دایەرەژەنێک دایەرە لێئەدات، کورتەباڵاکان کە جل و بەرگی سپییان لەبەرە و تاجەگوڵی سپییان بەسەرەوەیە، سەما ئەکەن...

**دایکی مەهشید** (ڕووله هاموون): من هێشتا لەسەر قسەی خۆم ماوم... بەڵام چارە چییە؟ ئەبێ دانیشێت و بیساچێنێ، هەروا کە من تەمەنێک بەدیار ئەم مێردەوە سووتام و ساچاندم...

هاموون وەک گەمژە بە نیشانەی ڕاستیی قسەکە، سەری دەلەقێنێ.

عەزیمی بە چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەنگ کاڵەوە، خۆی لە هاموون نزیک ئەکاتەوە.

**عەزیمی** (بە هێواش): سەبارەت بە دانەوەی ئەو چێک و سفتانە هیچ خەمت نەبێ، هەرکاتێک بووت بیدەرەوە... (بە هێواشتر) گوێ

به قسەی قۆڕی خەڵک مەدە، کەر مەبە! هیچ نییە...

هاموون بە کەیف خۆشییەوە پێئەکەنێ... ژنان و کچەکان ئەقریوێنن، ژەنیارەکە توندتر لە دایەرەکەی ئەدات، جەماوەر خەریکی سەما و هەڵپەڕکێن و لە دوورەوە مەهشید لەبەردەم شەپۆلەکانەوە دەرئەکەوێت کە ئارام ئارام دێتە پێشەوە، کورتەباڵاکان بەرەوڕووی ئەچن و هەڵبەز و دابەز ئەکەن. دەستی ئەگرن و ئەیهێننە پێشەوە، مەهشید بەلای مەنقەڵی ئەسپۆن و ژنە چارشێوبەسەرەکاندا کە ئەقریوێنن، تێدەپەڕێ و لای هاموونددا ئەوەستێ، سفرەکە پڕ بووە لە خواردنی جۆراوجۆر، یەکێک لە کورتەباڵاکان لە دوورەوە بەدەم سەماکردنەوە، ئەڵقەی بووک و زاوا دێنێ، مەهشید و هاموون شاد و دەم بەپێکەنین شتێک بە گوێی یەکدا ئەچرپێنن و پێئەکەنن، کورتەباڵاکان ئەڵقەکانیان بۆ ئەگرن، دوو ئەڵقەی بە سەوزەگیا دروست کراو. جەماوەر چەپڵە لێئەدەن.

**کورتەباڵایەک:** فەرموون.

مەهشید و هاموون دەست درێژ ئەکەنەوە کە ئەڵقەکان وەربگرن، لەناکاو بایەکی توند هەڵئەکات و ئەڵقەکان ئەبات، لەگەڵ ئەڵقەکان، سفرە و پەڕەی گوڵەکانیش دەفڕن، باهۆزەکە توندتر دەبێتەوەو جەماوەرەکەش لەگەڵ سفرەکە ئەبات، جەماوەر بەدەوری خۆیاندا خول ئەخۆن و بە خێرایی دوور ئەکەونەوە... کەنار بەرەبەرە چۆڵ ئەبێت... تەپ و تۆز هەموو شوێنێک دائەگرێت...

دەریا ئارام و قورقوشمینە... بەلەمێک ئەچێتە پێشەوە، عەلی عابدینی و یەکێک لە کوڕە بچکۆلەکانی ڤیلای کەنارەکە، لەناو بەلەمەکەدا ئەبینرێن... عەلی لە دەریادا چاو ئەگێڕێ و پیاوێک سوکانی بەلەمەکە کونترۆڵ ئەکات.

**عەلی:** نەختێک بەلای چەپدا، چەپ، ئێستا بۆڕاست، ڕاست... بڕۆ پێشەوە.

بەلەمەکە بەسەر دەریاوە ئەخولێتەوە و ئەچێتە پێشەوە، عەلی بە وردی ئەڕوانێ بۆ شوێنێکی دوور بەڵام هیچ نیشانەیەک لە هاموون بەدی ناکرێت...

**عەلی**: بگەڕێوە، بگەڕێوە بۆ کەنار.

بەلەمەکە ڕێگای کەنار بەشێوەی نیوەبازنەیەکی گەورە دەگرێتەبەر، هەتاو لەپشت هەورەکانەوە دێتەدەر... لەدوورەوە بەرەبەرە خاڵێکی ڕەش لە ئاسۆدا لەسەر دەریا دەرئەکەوێت و عەلی ئەیبینێ.

**عەلی**: بڕۆ بۆ ئەوێ، ئەوەتا، لەوێیە...

بەلەمەکە بەرەبەرە لە خاڵە ڕەشەکە نزیک ئەبێتەوە... هاموونە کە بەدەمدا کەوتۆتە سەرئاوەکە... بەلەمەوانەکە ماتۆڕی بەلەمەکە ئەکوژێنێتەوە، بەلەمەکە هێدی هێدی لە هاموون نزیک ئەبێتەوە.

**عەلی** (ڕووله دوو مەلەوانی فریاگوزار): خێراکەن کوڕینە.

هەردوو مەلەوانەکە باز ئەدەنە ناو ئاوەکە، بەمەلە خۆ دەگەیەننە هاموون، ئەیگرنەوە و ئەیهێننەوە بۆ لای بەلەمەکە، ئەیانەوێ بیخەنە ناو بەلەمەکە، عەلی دەست درێژ ئەکاتەوە

**عەلی**: بیدەن بە من .

عەلی و مەلەوانێک کە هاتۆتە ناو بەلەمەکە ژێر باڵی هاموون ئەگرن و ڕایئەکێشن بۆناو بەلەمەکە، مەلەوانەکەی تریش دێتە سەرەوە، هاموون بە پشتا ئەخەوێنن و بە لەپی دەست هێز دەخەنە سەرسنگی، دەم دەخەنە سەر دەمی و هەناسەی پێئەدەن، لەناکاو هاموون هەناسەی دێتەوە، دەمی ئەکرێتەوە و بەگوشار ئاو لە سییەکانییەوە دەپژێتە دەرەوە. هاموون هەناسە ئەدات...

**تەواو**

## پەراوێزەکان:

١ ـ مەقنەعە: جۆرە سەرپۆشێکی تایبەتە کە ئافرەتانی ئێرانی لە خوێندنگە و شوێنە ئیداری و دەوڵەتییەکاندا لەسەری ئەکەن.

٢ـ ساتیر: بوونەوەرێکی ئەساتیرییە لە ئەفسانەیەکی یۆنانیدا کە بەسەر مرۆڤە و بە لاشە ئاژەڵە.

٣ـ مەلی سەحەر: (مرغ سحر) ئاوازێکی بەناوبانگی محەممەد ڕەزا شەجەرییانە.

٤ـ حیجلە: شێوە قەفەزێکە کە شیعەکان لەکاتی پرسانەدا بۆ مردووی دەڕازێننەوە و وێنەی کەسە مردووەکەی تێدا دادەنێن و لەسەرکۆڵان یان بەردەم ماڵی خاوەن پرسەدا دادەنرێت (زیاتر بۆمردوویەکە کە لەتەمەنی لاویدا جوانەمەرگ بووبێ) .

٥ ـ ئێکافە: لیژنەی هاوکاریی ئابووریی ئاسیا و ڕۆژهەڵاتی دوور کە ساڵی ١٩٤٧ لە ڕێکخراوەی نەتەوەکاندا دامەزرا.

٦ـدەریابەندەری: نەجەف دەریابەندەری کوڕی کاپیتان (گەمیەوان) خەلەف زوڵم ئابادی ١ی خەرمانانی ١٣٠٨ی هەتاوی لە شاری ئابادان (لە پارێزگەی خوزستان) لە باشووری ڕوژاوای ئێران لە دایک بووە و نووسەر و وەرگێڕێکی بەتوانای ئێرانییە، لەگەڵ خوالێخۆشبوو موحەممەدی قازی بەیەکێک لە ناودارترین وەرگێڕەکانی سەردەمی خۆی ناودەبرێت.

٧ ـ ئاشووری: داریووش ئاشووری ١١ی گەلاوێژی ١٣١٧ ی هەتاوی لە تاران لە دایکبووە، نووسەر و وەرگێڕێکی گەورەی

ئێرانییە و لەبواری زانستی سیاسی، کۆمەڵناسی، ڕەخنەی ئەدەبی، فەلسەفە و زماننناسیدا چالاکی ئەکات٠

٨ ـ عینایەت: حەمید عینایەت ١٣١١ی هەتاوی لە تاران لە دایکبووە و مامۆستای زانکۆ بووە لە بواری زانستی سیاسیدا، لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا کاری وەرگێڕانی کردووە و ساڵی ١٣٦١ کۆچی دوایی کردووە٠

٩و١٠ ـ کاکۆ و برار: هەر هەمان کاکە و براکەی خۆمانە لەزاراوەی هەندێ ناوچەی ئێراندا وەک کاشان و شیراز و...

**ئەکتەرەکان:**

| | |
|---|---|
| خەسرۆ شەکیبایی | هاموون |
| عیزەتوڵڵا ئینتیزامی | دەبیری |
| حسەین سەرشار | سەلیمی |
| بیتا فەرەهی | مەهشید |
| ئەمروڵڵا سابری | تەقەوی |
| فەتحعەلی ئەویسی | دوکتۆر سرووش |
| تووران میهرزاد | دایکی مەهشید |
| عەلیڕەزا کشاوەرز | دوکتۆر سەماواتی |
| ئەکبەر میشکاتی | عەلی عابدینی |
| ئانیک شەفرازیان | دایەگەورە |
| سدیقە کیانفەر | نەنەحوججەت |
| نادر ڕەجەبپوور | جەعفەری |
| فەرەیدوون ئازما | عەزیمی |
| پەروین تاهیری | پەرستار |
| فەتانە ئاسەف | دایکی هاموون |
| ئەسەدوڵڵا یەکتا | کورتەباڵای ١ |
| ڕەشید ئەسلانی | کورتەباڵای ٢ |
| حەمید مەحموودی | کورتەباڵای ٣ |
| سیما تیرەنداز | سکرتێری سەلیمی |
| نەوید سەفەرزادە | منداڵیی هاموون |
| مەریەم میهرجوویی | خوشکی هاموون |
| مینا بوزورگمیهر | خوشکی هاموون |
| ئایدین حەددادی | برای هاموون |

**نووسەر و دەرهێنەر : داریووش میهرجوویی**


خداحافظ
حمید